NATIONAL ENDOWMENT FOR DEMOCRACY
SUPPORTING FREEDOM AROUND THE WORLD

بڵاوکراوەکانی
ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەموان
ژمارە (٩)

# پارێزگای سلێمانیو نوێنەرانی

## لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

### ڕاپۆرتی حەوتەم

چالاکی – بەدواداچوون - هەڵسەنگاندن

2021/9/30 – 2020/10/1

بڵاوکراوەکانی
ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەموان:
ژمارە: 9

# پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی

## لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق
## و
## ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

# ڕاپۆرتی حەوتەم

**چالاکی — بەدواداچوون - هەڵسەنگاندن**

## 2021/9/30 – 2020/10/1

بێبەرامبەر دابەشدەکرێت

# پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی

## لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی


- ئامادەکردنی: ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان
- سەرپەرشتیار: ئارام کەمال
- پێداچوونەوە: د. مستەفا ڕەسول حسێن
- تیراژ: 1000 دانە
- ساڵی چاپ: 2021
- نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
- چاپخانەی: پیرەمێرد



مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ

(ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەموان بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی)



**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارەی سپاردنی (3134) ساڵی (2021)ی پێدراوە.**


پەسەندکراوی ئەنجومەنی باوەڕپێکراوانی

ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەموان

## رێکخراوی کوردستان بۆ هەموان بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی

**ئاواز سەلیم عەبدوڵا**

سەرۆکی رێکخراو

**ئارام کەمال**

بەڕێوەبەری پرۆژە

**پەروەر ئیبراهیم**

رێکخەری پرۆژە

**عومەر محمد عەلی**

ژمێریاری پرۆژە

## ناونیشان:-


سلێمانی- شەقامی بازنەیی مەلیك مەحمود- تەلاری فیردەوس

بەرامبەر گوندی ئەڵمانی - نهۆمی (3) - شوقەی ژمارە (3)

بۆ پەیوەندیکردن:

ئیمەیڵ: kurdistanbohamwan@gmail.com

پێگەی ئەلکترۆنی: www.keodd.org

فەیسبووک: kurdistanforeveryone

مۆبایل: 07701509765 - 07725118700

(ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەموان)

سوپاسی خۆی بۆ ئەم بەڕێزانە دەردەبڕێت کە لە سەرخستنی ئەم پڕۆژەیەدا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو:

- نـــوێنەرانی پارێزگـــای ســـلێمانی لە ئەنجـــومەنی نـــوێنەرانی عێـــراق کە لە سەرخســـتنی ئەم پـــڕۆژەیەدا وەڵامی ئەرێنیان هەبوو....
- دەســـتەی ســـەرۆکایەتی ئەنجـــومەنی پارێزگـــای سلێمانی.
- ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.
- نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.
- د. بەختیـــار عەبـــدوڵا کەریـــم ڕاوێژکـــاری ڕێکخـــراوی (NED) لە هەرێمی کوردستان و باکوری عێراق....
- بەڕێـــوەبەران و کارمەنـــدانی فەرمـــانگە فیـــدراڵییەکانی پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی ڕاپەڕین.
- هەمـــــوو ئەو بەڕێـــــزانەی کە بەشـــــداربوون لە چالاکییەکانی پڕۆژەکەدا....

## ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەموان بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی

## KEODD

ڕێکخراوێکی سەربەخۆی بێلایەنی ناحکومی قازانج نەویستە، تایبەتە بە کایەو پرسە دیموکراتیەکان.

### دروشم

دیموکراتیەتێکی تەندروست...ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەی دەسەڵات... فەرمانڕەواییەکی بەرپرس لەبەردەم هاووڵاتیاندا.

### دید:

ئاڵوویرکردنی ئاشتییانەی دەسەڵاتی سیاسی لەسەر بنەمای دەنگی هاووڵاتییان، پێکەوەژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە جیاوازییەکان و پاراستنی فرەیی.

### بوارەکانی کارکردن

1. ئەنجامدانی توێژینەوەو لێکۆڵینەوە لە بوارە جیاجاکاندا.
2. ئەنجامدانی سیمینارو کۆنفرانس لە بورای جیاجیادا.
3. ئەنجامدانی ڕاهێنان خولی بەرزکردنەوەی توانستی بۆ دەزگاو دامەزراوو ڕێکخراوەکان.
4. چاودێریکردن وبەدواداچوونی شێوازو توانستی جێبەجێکردن لە دامەزراوە میری و هەڵبژێردراوەکاندا..

ساڵی (2014) تۆمارکراوە بە ژمارە (16.2.ك) لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان.

# ڕێکخراوی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED)

## National Endowment for Democracy

سندوقی نیشتمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانجنەویستی تایبەتە بە گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەموو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (1200) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (90) نەوەد وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (1983) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردووە بۆ دامەزراوەیەکی فرە ڕەهەندو ئاڕاستەو بووەتە چەق بۆ چالاکی و ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوان و توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا .

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، دەبێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات بە دوو بارەکردنەوەی نموونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریت و کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشە دەکات.

## ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، باڵاترین دەسەڵاتی یاسادانانو چاودێرییە، لەڕێگەی هەڵبژاردنێکی راستەوخۆوە لەلایەن دەنگدەرانەوە هەموو چوارساڵ جارێك هەڵدەبژێرێت، لەپێناو بەرژەوەندی وڵاتو نوێنەرایەتیکردنی هاووڵاتیان لەرێگەی دانانی ئەو یاسایانەوە کە کاروباری دەزگاکانی دەوڵەت رێکدەخەن، هەروەها دیاریکردنی بودجەی گشتی ساڵانەو پەسەندکردنی رێکەوتنامە نێودەوڵەتیەکانو هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمارو چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، بەمەبەستی گرەنتی پابەندبوونیان بە یاساکانو هێنانەدی بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵات. ئەنجومەنی نوێنەران کاردەکات بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانی هاووڵاتیان لە رێگەی پەیوەندی ئەندامان لەگەڵ دەنگدەرانیاندا بەشێوەیەکی راستەوخۆ، هەڵوێستەکردن لە سەر کێشەو گرفتەکانیانو هەماهەنگیکردن لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار بەمەبەستی دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو.

خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە (329) ئەندام پێکهاتووە و پارێزگـای سـلێمانیش (18) نـوێنەری لەئەنجـومەنەکەدا هەیە. ئەم خـولەی ئەنجـومەنی نـوێنەرانی عێـراق لە بەرواری (2018/5/12) هەڵبژاردنی بۆ ئەنجامدراو لە بەرواری (2018/9/30) یەکەمین دانیشتنی ئەنجامـدا و لە ((31/3/2021)دا و لە دانیشـتنی ژمـارە (46)دا بڕیـاردرا (ئەنجـومەنی نـوێنەرانی عێـراق) لە (2021/10/7)دا خـۆی هەڵبوەشێنێتەوە، پاڵپشت بە ماددەی 64 لە دەستووری عێراق.....).

## ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراوە لەلایەن هاووڵاتیانی پارێزگای سلێمانییەوە، لەڕێگەی هەڵبژاردنێکی راستەخۆوە پێکهاتووەو دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگا، چاودێریکردنە لە سنوری کارگێڕی پارێزگاکەداو مافی ئەوەی هەیە بڕیارو پێڕەوو رێنماییەکان بۆ رێکخستنی کارو باری کارگێڕی و دارایی لەسنوری پارێزگاکەدا دەربچوێنێ، تا بتوانرێت سەرپەرشتیی بەڕێوەبردنی کارو باری پارێزگا بەپێی پرەنسیپی ناسەنتەری بەڕێوەبردنی کارگێڕی بکات، بەجۆرێکی وا کە ناکۆك نەبێت لەگەڵ دەستورو یاسا کارپێکراوەکانی هەرێمدا، لەڕووی چاودێریشەوە دەکەوێتە ژێر چاودێریی پەرلەمانی کوردستان.

ئەم خولەی (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)، بەپێی یاسای ژمارە (4)ی ساڵی (2009)، یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکانو قەزاو ناحیەکان لەهەرێمی کوردستان-عێراقدا، لە (2014/4/30)دا هەڵبژێردراوەو لە (32) ئەندام پێکدێت، بەڕەچاووکردنی رێژەی نوێنەری ژنان، خولی دووەمی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، رۆژی(2015/6/24)یەکەم دانیشتنی ئاسایی خۆی ئەنجامداو بەپێی یاسای ژمارە (3)ی ساڵی (2009)، یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان-عێراق دەستبەکاربوون. لە (2018/9/24) وادەی یاسایی ئەم خولەی ئەنجومەنی پارێزگاکان تەواو بوو، لە رۆژی (2019/7/8)دا پەرلەمانی کوردستان ماوەی کارکردنی ئەنجومەنەکانی درێژکردەوە.

# پێشەکی

ئەم راپۆرتەی بەردەست بریتییە لە حەوتەم راپۆرتی **(رێکخراوی کوردستان بۆ هەموان)** تایبەت بە چاودێری و هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون بۆ ئەدای نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) و (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)، ئومێدەدەکەین راپۆرتەکە وەک ئاوێنەیەک بێت ئەداو توانای نوێنەرەکانی پارێزگای سلێمانی بۆ دەنگدەران و هاووڵاتیان بخاتەڕوو...

ئامادەکردنی راپۆرتی چاودێری و هەڵسەنگاندن هێندە سانا نین، لەلایەک راپۆرتەکان دەبنە جۆرێک لە گەواهی (شایەتی)دان، کە ئەمەش بەرپرسیاریەتیەکی قورسە، بە تایبەت گەواهیدان لە نێو چەندین فراکسیۆنەکاندا کە هاوکات نوێنەرایەتی لایەنێکی سیاسی دەکەن و لەنێوخۆیاندا رکابەرێکی سەرسەختی یەکدین، لەبەرئەوە شتێکی چاوەڕوانکراوە پاش بڵاوبوونەوەی راپۆرتەکان کاردانەوەو پەرچەکردار رووبدات، وەک لەساڵی رابردوودا **(رێکخراوی کوردستان بۆ هەموان)** لەلایەن چەند نوێنەرێکی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق رووبەڕووی ئەم پەرچەکردارە بوویەوە، بۆیە چوونە ژێرباری ئەم راپۆرتانە پشوودرێژی و خۆڕاگری دەوێت.

خاڵێکی دیکە کە جێگەی ئاماژەپێکردنە بریتییە لەوەی کە کاری پەرلەمانی و نوێنەرایەتی کارێکی خێرخوازی و مرۆیی نییە هەتا خاوەنەکەی نەیەوێت کەس ئاگاداربێت، پێویستە پەرلەمانتارو نوێنەری هەڵبژێردراو کارەکانیان ئاشکراو روونبن و بۆ رایگشتی بڵاوببکەنەوە، تەنانەت زۆر گرنگە لانیکەم لە ساڵێکدا دوو جار لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا یان لە ئامرازەکانی دیکەی راگەیاندن، کاروچالاکییەکانیان و رێگرییەکانی بەردەمیان بۆ هاووڵاتیان و رایگشتی بڵاوبکەنەوە...

خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق نەیتوانی چوار ساڵی تەمەنی تەواوبکات، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر خراپبوونی دۆخی عێراق و دەستەوسانبوونی ئەنجومەنی نوێنەران لە ئاست قەیران و تەنگژەکاندا، لە راستیشدا هاووڵاتیان بۆیە نوێنەر دیاریدەکەن تا رووبەرووی قەیران و تەنگژەکان ببنەوەو گوزەرانی هاووڵاتیان باشتربکەن، نەک وەک ئەوەی دەگوزەرێت، هەڵبژاردن ئەگەر ئاسوودەیی و باشکردنی ژیانی هاووڵاتیانی بەدوادا نەهات، ئەوا نابێت لۆمەی هاووڵاتیان بکرێت کە بۆچی لە بری نوێنەری خۆیان (بایکۆتکردنی هەڵبژاردن) هەڵدەبژێرن؟

هەموو ئەو چارەسەرو بەڵێن و مژدە خۆشانەی لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی ساڵی (2018)دا بەگوێی هاووڵاتیانی (پارێزگای سلێمانی)دا دران، هیچیان نەچوونە بواری کردارییەوەو کێشەو گرفتەکان وەک ساڵانی رابردوو دەستلەملانی هاووڵاتیان بوون چارەسەرنەکران، بۆیە نەبوونی فشار لەسەر نوێنەرەکانو ناچارکردنیان لە چوون بەدەم داواکاری هاووڵاتیان و هێنانەدی ئەو بەڵێنانەی لەکاتی

هەڵمەتی هەڵبژاردندا داویانە، بەگرنگترین ئامراز دادەنرێت بۆ چاودێری رایگشتی و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

خوێنەری بەرێز...

ناوەرۆکی ئەم راپۆرتەش هەروەک راپۆرتەکانی ساڵانی رابردوو لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت، کە بریتین لە بەشی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) و بەشی (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)

لە بەشی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) ئەم بابەتانە خراونەتەروو:

**بەشی یەکەم/**

چالاکییەکانی پرۆژەی (پارێزگای سلێمانیو نوێنەرانی) تایبەت بە نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق/ ساڵی سێیەم/ خولی چوارەم.

**بەشی دووەم/**

چەند بابەتێکی تایبەت بە نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

**بەشی سێیەم/**

رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەنێوان بەرداشی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆندا.

**بەشی چوارەم**

کۆسپ و رێگرییەکانی بەردەم نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی.

هەڵسەنگاندنێک بۆ ساڵی سێیەمی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

- پێشنیارو راسپاردەکان.

- چالاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە (2020/10/1 - 2021/9/30)دا.

**بەشی پێنجەم**

**نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی و خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە (2020/10/1 - 2021/9/30)دا.**

**بەشی شەشەم/**

- (رێکخراوی کوردستان بۆ هەموان)و (نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی) لە خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا لە (2018/9/1 - 2021/9/30)دا.
- پاشکۆی وێنەکان

هەروەها لە بەشی دووەمدا، واتە لە بەشی (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)یشدا ئەم بابەتانە خراونەتەڕوو:

**بەشی یەکەم/**

- چالاکییەکانی پرۆژەی (پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی) لە (2020/10/1 - 2021/9/30)دا.

**بەشی دووەم/**

- دانیشتنەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە (2020/10/1 - 2021/9/30)دا.

**بەشی سێیەم/**

- چەند بابەتێکی تایبەت بە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.

## بەشی چوارەم/

- خوێنـــدنەوەیەك بــۆ بەجێگەیانـــدن (الأداء)ی ئەنجــومەنی پارێزگای سلێمانی لە (2021/9/30 - 2020/10/1)دا.
- پێشنیارو راسپاردەکان.
- پاشکۆی چالاکییەکانی لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.
- پاشکۆی وێنەکان.

لە کۆتاییدا هیوادارین توانیبێتمان خزمەتێکی بچوک بە هاووڵاتیانی پارێزگای سلێمانی کردبێت، هاوکات ئەم راپۆرتەش هاندەرێکی باش و ئەرێنــی بێــت بــۆ نــوێنەرانی خــولی داهــاتووی نــوێنەرانی پارێزگــای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق...

ئەوەی بینیومـــانەو ئەوەی بەدەســــتمان گەیشـــتووە لەم راپـــۆرتەدا دەیگەیەنینە هاووڵاتیان و دەنگدەران....

هیوای سەرکەوتن بۆ هەمووان دەخوازین

ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەموان

# وەرزی یەکەم

## بەشی یەکەم

## چالاکییەکانی پڕۆژەی

## (پاریزگای سلێمانیو نوێنەرانی)

## تایبەت بە نوێنەرانی پاریزگای سلێمانی لە

## ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

## ساڵی سێیەم/ خولی چوارەم

# چالاکییەکانی پڕۆژەی (پارێزگای سلێمانیو نوێنەرانی) تایبەت بە نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ساڵی سێیەم/ خولی چوارەم

ئەم پڕۆژەیە هاوشێوەی ساڵانی رابردوو، لەچەند چالاکییەکی جۆراوجۆر پێکهاتبوو، لە بەشی یەکەمی ئەم راپۆرتەدا تیشکخراوەتە سەر تەواوی ئەو چالاکییانەی کە تایبەت بە (نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) کە لەچوارچێوەی پڕۆژەکەدا ئەنجامدراون.

ئەم خشتەیەی لای خوارەوەش کورتکراوەی تەواوی چالاکییەکانی پڕۆژەکە دەخاتەڕوو:

خشتەی ژمارە (1)

چالاکییەکانی تایبەت بە (نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)

| ز | چالاکییەکانی پڕۆژە |
|---|---|
| چالاکی یەکەم | بەدواداچوونی رۆژانە بۆ کارو چالاکی (نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق). |
| چالاکی دووەم | پێشکەشکردنی (10) بەرنامەی رادیۆیی راستەوخۆ بەناوی (پارێزگای سلێمانیو نوێنەرانی) بۆ نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لەرادیۆی (نەوا). |
| چالاکی سێیەم | ئەنجامدانی (10) گفتوگۆیکراوەی تایبەت بە فەرمانگە فیدراڵیەکان. |
| چالاکی چوارەم | ئەنجامدانی (2) گفتوگۆیکراوەی تایبەت بە یاسای نوێی هەڵبژاردنەکانی عێراق. |
| چالاکی پێنجەم | سەردانیکردنی نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق. |
| چالاکی حەوتەم | بڵاوکردنەوەی هەواڵ و چالاکی و بیروڕای (نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) لەسەر پێگەی ئەلکترۆنی رێکخراوی (کوردستان بۆ هەمووان) (www.keodd.org). |
| چالاکی هەشتەم | هەڵسەنگاندنی ئەدای نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی و بڵاوکردنەوەی لە راپۆرتی کۆتایی ساڵانەی رێکخراودا، بەناوی (پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی). |

## یەکەم/ پێشکەشکردنی بەرنامەی (پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی).

یەکێک لەو چالاکییانەی ساڵانە (رێکخراوی کوردستان بۆ هەموان) لە پرۆژەی (پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی)دا گرنگی پێدەدات، ئامادەکردن و پێشکەشکردنی بەرنامەی رادیۆییە بە شێوەی راستەوخۆ لە رادیۆی نەوا، ئەزموونی چەند ساڵی رابردوو دەریخستووە کە بەرنامەکان هۆکارێکن بۆ بەردەوامی پەیوەندی نێوان نوێنەری هەڵبژێردراوو هاووڵاتیان، کە هاووڵاتی راستەوخۆ لەگەڵ یەکێک لە نوێنەرەکەیدا گفتوگۆ دەکات....

پاش حەوت ساڵ لە بەردەوامبوونی بەرنامە رادیۆییەکان، لە ساڵی رابردوودا دوای بڵاوکردنەوەی راپۆرتی شەشەمی (پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی)، بۆ یەکەمجار بەشێک لە نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) وەک پەرچەکردارێک بەرامبەر راپۆرتەکە بایکۆتی چالاکییەکانیان کردو لە کۆی (10) بەرنامە رادیۆییەکە تەنها (6) نوێنەری پارێزگای سلێمانی ئامادەییان نیشاندا لە بەشداریکردنیان لە بەرنامەکاندا.

خشتەی ژمارە (2)

بەرنامە رادیۆییەکانی تایبەت بە (نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)

| ز | رێکەوت | میوانی بەرنامە |
|---|---|---|
| 1 | 2020/12/27 | دانا محەمەد جەزاعەلی |
| 2 | 2021/1/3 | موسەنا ئەمین نادر |
| 3 | 2021/1/10 | رێزان دلێر مستەفا |
| 4 | 2021/1/17 | شیروان میرزا قادر |
| 5 | 2021/1/24 | رێبوار کەریم مەحمود |
| 6 | 2021/1/31 | ئارەزوو مەحمود |

## دووەم/ ئەنجامدانی (10) گفتوگۆیکراوە لەنێوان نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) و فەرمانگە فیدراڵییەکاندا.

بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ کێشەو گرفتەکانیان و گوێگرتن لە راو بۆچوون و سەرنج و پێشنیارەکان و هەروەها گەیاندنیان بە لایەنە پەیوەندیدارەکان لە بەغداد، (رێکخراوی کوردستان بۆ هەموان) لە درێژەی چالاکییەکانی ئەمساڵیدا هەستا بە ئەنجامدانی (10) گفتوگۆیکراوە بۆ نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) لەگەڵ دە فەرمانگەی فیدراڵی پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی راپەریندا، بەمشێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم**/ ئەنجامدانی (8) گفتوگۆیکراوەی تایبەت لە نێوان نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) و فەرمانگە فیدراڵییەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی راپەرین.

## خشتەی ژمارە (3)
## گفتوگۆیکراوەی نێوان نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی و فەرمانگە فیدراڵییەکانی پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی ڕاپەڕین.

| ز | ڕێکەوت | فەرمانگە | نوێنەرانی بەشداربوو |
|---|---|---|---|
| 1 | 2021/2/22 | فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی | ڕێزان دلێر مستەفا<br>ڕێبوار کەریم مەحمود |
| 2 | 2021/5/5 | بەڕێوەبەرایەتی بەنداوی دەربەندیخان | موسەنا ئەمین نادر |
| 3 | 2021/5/18 | بەڕێوەبەرایەتی بەنداوی دوکان | ئەحمەد حەمە ڕەشید |
| 4 | 2021/5/25 | بەڕێوەبەرایەتی گرتووخانەی سوسێ | بەهار مەحمود فەتاح<br>ئارەزوو مەحمود خدر |
| 5 | 2021/6/15 | پۆلیسی گومرگی سلێمانی | ڕێبوار کەریم مەحمود<br>دانا محەمەد جەزا |
| 6 | 2021/6/16 | پۆلیسی گومرگی ڕانیە | شیروان میرزا قادر |
| 7 | 2021/6/21 | لیوای سێی پۆلیسی پاسەوانی سنور/ سلێمانی | بەهار مەحمود فەتاح<br>حەسەن ئاڵی ئەحمەد |
| 8 | 2021/7/12 | فەرمانگەکانی (کارتی نیشتمانی، ڕەگەزنامە، نشینگە) ئیدارەی ڕاپەڕین | شیروان میرزا قادر<br>ئارەزوو مەحمود خدر |

## سێیەم/ ئەنجامدانی (2) گفتوگۆیکراوەی تایبەت بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

یەکێک لە گرفتەکانی ڕێکخراوەکانی هەرێمی کوردستان بریتیبوو لە تۆمارکردنیان لە (فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکانی عێراق)، ڕێکخراوەکان ناتوانن بە ئاسانی خۆیان تۆماربکەن، بەشێکی گرفتەکانیش پەیوەندییان بە یاسای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی عێراقەوەیە، بەشێکی دیکەشیان پەیوەندییان بە ڕێنمایی و ڕۆتینی بەڕێوەبردن و کارگێڕییەوە هەیە، بۆ چارەسەرکردنی بەشێک لەم گرفتانە، (ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان) بەگرنگیزانی دوو گفتوگۆیکراوە لەگەڵ نوێنەرانی پارێزگای سلێمانیدا ڕێکبخات. گفتوگۆی یەکەم بۆ گوێگرتن و وەرگرتنی تێبینی و پێشنیارو ڕەخنەکان بوو، کەلەلایەن ڕێکخراوە بەشداربووەکانەوە بۆ نوێنەران خرایەڕوو. گفتوگۆی دووەمیش بۆ خستنەڕووی ئەنجامی سەردان و بەدواداچوونەکانی نوێنەران بوو لە بەغداد بۆ پرسی تۆمارکردنی ڕێکخراوەکان.

خشتەی ژمارە (4)
گفتوگۆکراوەکانی نێوان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی

| ز | ڕێکەوت | بابەت | نوێنەر |
|---|---|---|---|
| 1 | 2021/5/20 | یەکەم گفتوگۆیکراوەی تایبەت بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی | -ڕێزان دلێر مستەفا<br>-ڕێبوار کەریم مەحمود |
| 2 | 2021/7/29 | دووەم گفتوگۆیکراوەی تایبەت بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی | |

## چــــوارەم/ ئەنجامـــــدانی (2) گفتوگــــۆیکراوەی تــــایبەت بە یاسای نوێی هەڵبژاردنەکانی عێراق.

بەمەبەســـتی زیـــاتر ئاشـــنابوونی هاووڵاتیـــان بە یاســـای نـــوێی هەڵبژاردنەکـــانی عێـــراق یاســـای ژمـــارە (9)ی ســـاڵی (2020) و هەروەهـــا بەراوردکردنـــی یاســـاکە بە یاســـای هەڵبژاردنەکـــــانی هەرێـــــم، دوو گــفتوگـــــۆیکراوە بەم شێوەیەی خوارەوە ئەنجامدران.

خشتەی ژمارە (5)
گفتوگۆکراوەکانی تایبەت بە یاسای نوێی هەڵبژاردنەکانی عێراق

| ز | ڕێکەوت | بابەت | بەشداربوو |
|---|---|---|---|
| 1 | 2021/5/29 | یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق - لە نێوان بەرژەوەندی هاووڵاتیان و بەرژەوەندی لایەنە سیاسییەکاندا. | مەریوان عارف عەلی/ کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق/ لقی سلێمانی |
| 2 | 2021/8/11 | بەراوردێک لە نێوان یاسای هەڵبژاردنەکانی هەرێم و یاسای نوێی هەڵبژاردنەکانی عێراق. | د. هێمن عەبدوڵا/ مامۆستای زانکۆ |

# پوختەی گفتوگۆکراوەکانی تایبەت بە یاسای نوێی هەڵبژاردنەکانی عێراق:

## یەکەم/ یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق - لە نێوان بەرژەوەندی هاووڵاتیان و بەرژەوەندی لایەنە سیاسییەکاندا.

- ڕێکەوت/ 2021/5/29
- توێژەر/ مەریوان عارف عەلی/ یاریدەدەری کارگێڕی بەڕێوەبەری نووسینگەی سلێمانی (کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق)
- پوختەی بابەتی پێشکەشکراو:

**یەکەم: پێناسەی سیستمی هەڵبژاردن و جۆرەکانی لە جیهاندا.**

**دووەم: مێژوو پێناسەی سیستمی هەڵبژاردنی (تاك دەنگی نەگوێزراوە).**

**سێیەم: جیاوازی نێوان ئەم یاسایەو یاسای هەڵبژاردنی پێشوو.**

**چوارەم: سیستمی تاك دەنگی نەگوێزراوە لەنێوان بەرژەوەندی دەنگدەران و حیزبەکاندا.**

| یاسای هەڵبژاردنی پێشووی عێراق | یاسای هەڵبژاردنی نوێی عێراق |
|---|---|
| سیستمی ڕێژەیی بەلیست بوو، واتە دەنگدەر دەنگی دەدا بە لیست و پاڵێوراوێکی حیزبەکە. | سیستمی تاك دەنگی نەگوێزراوە، واتە دەنگدەر دەنگ دەدات بە پاڵێوراو نەک حیزب. |
| هاوڕێژەی گونجاو (نسبە و تناسب) هەبوو لەنێوان ڕێژەی ئەو دەنگانەی هەر لیستێك بەدەستی دەهێنا لەگەڵ ژمارەی ئەو کورسیانەی دەیبردەوە. | هاوڕێژەی گونجاو (نسبە و تناسب) لەنێوان ژمارەی دەنگی بەدەستهاتوو ژمارەی کورسی بەدەستهاتوو نییەو هەر پاڵێوراوێك زۆرترین دەنگیان هێنا دەبنە |

| | |
|---|---|
| | براوەی کورسیەکانی بازنەکە. |
| بــۆ دابەشـــکردنی کورســـییەکان هاوکێشـــەی (ســـانت لیگـــۆ 1.7)ی هەموارکراو بەکاردەهات. | بــۆ دابەشـــکردنی کورســـییەکان بنەمـــای بەرزتـــرین دەنـــگ پەیرەودەکرێت. |
| هەر پارێزگایەک بازنەیەك بوو. | هەر پارێزگـــایەک کـــراوە بەچەنـــد بازنەیەك. |
| دەنگـــی دەنگـــدەرانی لیســـتەکەی کۆدەکردەوە. | دەنگـــی دەنگـــدەرانی لیســـتەکانی پەرتپەرت کردووە. |
| لە بەرژەوەنـدی حیـزبە گەورەکـان بـوو (سانت لیگۆ 1.7). | لە بەرژەوەنـــدی حیزبـــی گەورەی رێکخراوو یەکگرتوودایە. |
| دەنگـی زیـادەی پـاڵێوراوێکی لیستەکە دەچوو بۆ پاڵێوراوانی لیستەکە. | دەنگـی زیـادەی پـاڵێوراو دەسـوتێتو ناڕوات بۆ پاڵێوراوانی دیکە. |
| کەمترین ڕێژەی دەنگ دەفەوتێت. | زۆرترین ڕێژەی دەنگ دەفەوتێت. |
| حیـــزب بەچـــڕی لەهەڵمەتـــی هەڵبژاردنـــی پـــاڵێوراوانی لیســـتەکەیدا بەشداری دەکرد. | ئەرکـــی گەورەی هەڵمەتـــی هەڵبـــژاردن دەکەوێـــتە ئەســـتۆی پاڵێوراوەکە. |
| بەڕێـــوەبردنی هەڵمەتـــی هەڵبـــژاردن هەوڵو مانـــدووبوونو پـــارەیەکی زۆرتری دەوێت. | هەوڵو مانـــدوبوونو پـــارەیەکی کەمـــتری دەوێـــت (هەم ژمـــارەی پـــاڵێوراوان کەمـــترنو هەم ســـنوری بـــازنەی هەڵبژاردنـــی رومـــاڵکراو بچوکترە). |
| دەنگـــدانو ژمـــاردنو جیـــاکردنەوەو راگەیانـــدنی ئەنجامەکـــان قـــورس و خاوە. | دەنگـــدانو ژمـــاردنو جیـــاکردنەوەو راگەیانـــدنی ئەنجامەکـــان ئاســـانو خێرایە. |
| ژمـارەی پاڵێوراوەکـان دوو ئەوەنـدەی ژمـارەی کورسـی تەرخـانکراو بـوو بـۆ بازنەکان. | ژمارەی پاڵێوراوەکان کەمن. |

## چوارەم: سیستمی تاك دەنگی نەگوێزراوە لەنێوان بەرژەوەندی دەنگدەرانو حیزبەکاندا.

1. سەبارەت بە (هەڵنەواسینی ئومێد بە سیستمی هەڵبژاردن) و تەماشاکردنی وەك فریادڕەس بەبێ لەبەرچاوگرتنی فاکتەرەکانی دیکە (میلیشیا، پارە، دامەزراوەی هەڵبژاردن، سێگۆشەی سەروەری کوردستانو بەرژەوەندی هاووڵاتیانو دانوستانی رادەستکردنی سامانی کوردستان، ئەزموونی حیزبایەتیو رێژەی پێگەیشتوویی ئەزموونەکە، مەزهەبگەرایی، رەگەز (عرق)، ئایین، کلتور، خێڵەکیبوون، هۆزگەرایی، شارنشین، گوندنشین، راگەیاندن، خێزان، قوتابخانە، گەشەکردنی سیاسیانەی دەنگدەر، ...).

2. بەرژەوەندی دەنگدەرانو بەرژەوەندی حیزبەکان: ئایا ئاوەها جیاکردنەوەیەك رێگەپێدراوە؟ باسکردن لەم دوو جۆرە بەرژەوەندییە ئاساییە لەکاتێکدا فەلسەفەی سەرەکی دروستبوونی حیزب بریتییە لە نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندییەکان؟ هەڵبژاردن دەرفەتی هەڵبژاردنی دەستەبژێرێکی سیاسی دەدات بەتاكو دەستەو تاقمە کۆمەڵایەتیەکان کە لەگەڵ دەستەبژێری سیاسیدا دیدوتێڕوانینی هاوبەشیان هەیە، دواجاریش ئەم دەستەبژێرە سیاسیە لە پرۆسەی سیاسیدا نوێنەرایەتی بەرژوەندییەکانی کۆمەڵەکە دەکەن.

بەڵام وەك ئاماژەمان پێدا بەهۆی ئەوەی ئەزموونی حیزبایەتی لە عێراقدا هەر لە بنەڕەتەوە لەسەر ئەم بنەمایە دروستنەبووە، بەڵکو لەسەر کۆمەڵێك بنەمای بەرژەوەندیخوازانەی کەسیو هەرێمییانەو فریودانی دەنگدەر دروستبووە، سەرەنجام دابڕانێکی قووڵ لەنێوان هەردوو بەرژەوەندییەکەدا دروستبووە، بۆیە هەمیشە دەنگی دەنگدەران

وەك سەرچاوەی مانەوەو بەردەوامیدان بەهەمان دۆخی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ..... بەکارهێنراوە.

لێرەوە دەتوانین بڵێین سیستمی هەڵبژاردن بەتەنها ناتوانێت ببێتە وەڵامگۆی داواکاری بەدیهێنانی خواستو داواکاری هاووڵاتیان، ئەگەر وەك تاکە سەرچاوەی بەدیهێنانی گۆڕانکاری تەماشای بکەینو فاکتەرەکانی دیکە لەبەرچاونەگرین.

ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین ئەم سیستمە لەم رووانەی خوارەوە ئاڵنگاریو بەربەستی بۆ ئەم جۆرە پارتانە تێدایە:

أ. سیاسی خاوەن بنکەی جەماوەر (رێکخستن)ی نارێکخراو (توانای بەسەر ئاڕاستەکردنیان نییە).

ب. سیاسی گەورەی رێکخراو، بەڵام ململانێی باڵەکان تیایدا بەهێزەو لەسەر ئاستی یەك بازنەش پاڵێوراوی زیاد لەباڵێکی تێدایە.

ت. ئەو پارتانەی بنکەی دەنگدانی فراوانیان هەیە، بەڵام بەشێك نین لە رێکخستنەکانی.

پ. ئەو پارتانەی بنکەی دەنگدەرانیان بچووکە.

ج. ئەو پارتانەی بنکەی دەنگدەرانیان کەمەو، لەهەمان کاتدا لە بازنەکاندا زیاد لە پاڵێوراوێك پێشکەشدەکەن.

ح. پاڵێوراوانی سەربەخۆ، بەتایبەت ئەگەر لە بازنەیەکی هەڵبژاردندا زیاد لە پاڵێوراوێکی سەربەخۆ هەبێت، یاخود کورسییە تەرخانکراوەکان بۆ بازنەکە کەمبن.

**کەواتە سیستمەکە لەبەرژەوەندی ئەو پارتانەیە کە:**

أ. پارتی سیاسی خاوەن بنکەی دەنگدەرانی گەورەی رێکخراوی یەکگرتوو. (ئەم سیستمە لە یابان بۆماوەی

45 ساڵ هاوکاربووە لەوەی حیزبی لیبراڵی دیموکراتی کۆنترۆڵی گۆڕەپانی سیاسیو حوکمڕانی لەو وڵاتەدا بکات).

ب. بەگوێرەی توانست و قەبارەو بنکەی جەماوەری خۆیان (پاڵێوراو، بنکەی دەنگدەران).

ت. پارتی سیاسی بچوكو سەربەخۆ (کاتێك ژمارەی کورسی تەرخانکراو بۆ بازنەکان زۆربێت).

پ. ئەو پارتە سیاسییانەی لێهاتووانە ستراتیژی بردنەوەی کورسی کۆتای ئافرەتان بەکاردێنن.

ج. ئەو حیزبە سیاسییە بچوکانەی هاوپەیمانی پێکدێنن.

## بەرژەوەندی دەنگدەرانو هاووڵاتیان لەم یاسایەدا:

أ. پارتە سیاسییەکان ناچاردەکات ئەو کەسانە بپاڵێون کە بەلای دەنگدەرانەوە پەسەندن، نەك ئەو پاڵێوراوانەی لەبازنەی بڕیاری حیزبەوە نزیکن (دەکرێت هەردووکیشیان لە پاڵێوراوێکدا کۆبکرێنەوە).

ب. فشار دروستدەکات بۆسەر پارتە سیاسییەکان بەڵێنی هەڵبژاردنی خەڵەتێنەرانە نەدەن، چونکە ئەگەر نەتوانن بەڵێنەکان بەدیبێنن ئەوا لە هەڵبژاردنی داهاتوودا متمانە لەدەستدەدەن.

ت. دەنگدەر دەزانێت کێ نوێنەرایەتی بازنەکەی دەکات، سەرەنجام دەزانێت رووی داواکاریو کێشەکانی لەکێ بکات، پاڵێوراویش دەزانێت دەنگی ئەو کۆمەڵە

دەنگدەرەیە ئەوی بردۆتە ئەو جێگایەو وایلێدەکات هەوڵی تەواوی خۆی بدات بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان، لەهەمان کاتیشدا فشاری زۆردەخاتە سەر حیزبەکەی هەتا هاوکاریبکەن لە بەدیهێنانی داواکاری دەنگدەرانی بازنەی هەڵبژاردنەکەیدا.

پ. دەنگدەر لەناو پاڵێوراوەکاندا ئازادی رەهای هەیە دەنگ بدات بەو پاڵێوراوەی دڵخوازی خۆیەتیو بەباشی دەزانێت، بێ ئەوەی هیچ وجودێکی حیزبی لەسەر کارتی دەنگدان بوونی هەبێت، واتە لێرەدا کاریگەری دەنگدەر بەسەر پاڵێوراوەکەوە بەهێزترە لە کاریگەریی حیزب. (بەڵام کاتێك حیزب دەستدەگرێت بەسەر ویستی دەنگدەرداو پێیدەڵێت: کێ هەڵبژێرێت، ئیتر هاوکێشەکە پێچەوانە دەبێتەوە).

راگەیاندنو سۆشیاڵ میدیا دەتوانن هاوکارێکی باشی دەنگدەران بن بۆ دروستکردنی فشار لەسەر نوێنەرەکانو ناچارکردنیان لە چوون بەدەم داواکاری هاووڵاتیانو بەدیهێنانی بەڵێنەکانی هەڵبژاردن.

# گفتوگۆی دووەم/ بەراوردێك لە نێوان یاسای ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەمواركراوی پەرلەمانی كوردستان و یاسای ژمارە (9)ی ساڵی (2020)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

- ڕێكەوت/ 2021/8/11
- توێژەر: پ.ی.د. هێمن عەبدوڵا محەمەد/ مامۆستای زانكۆ

پوختەی بابەتی پێشكەشكراو:

## تەوەرەی یەكەم/ هەلومەرجی دەرچوونی یاساكان:

یاسای پەرلەمانی كوردستان زادەی ئەو هەلومەرجە ناوخۆییەی عێراق و هەرێمی كوردستان بوو كە لەساڵی (1992)دا دوای ڕاپەڕین ڕژێمی ئەوسای عێراق دامودەزگا فەرمییەكانی لە هەرێمی كوردستان كشاندەوەو بووە هۆی دروستبوونی بۆشاییەكی كارگێڕی لە هەرێمدا، بۆیە ئەنجومەنی سیاسی ئەوسای هەرێمی كوردستان كە ژمارەیان (8) لایەن بوو بە بڕیارێكی سیاسی ئەم یاسایەیان دەركرد، هەربۆیە لەبەر كەموكوڕی زۆری یاساكە لەماوەی بەركاربوونیدا تائێستا (7)جار هەموا كراوەتەوە.

لەبەرامبەردا یاسای ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق زادەی خۆپیشاندان و نارەزایەتییەكانی ئۆكتۆبەری (2019) و ڕۆژانی دواتری گۆڕەپانی (تحرير)ە لە بەغدادی پایتەختی عێراق و پارێزگاكانی دیكەی باشور و ناوەڕاستی عێراق، وەلامدەرەوەی بێزاری شەقامی عێراقییە لەهێزە سیاسییەكانی گۆڕەپانی سیاسی عێراق، بۆیە كۆی یاساكە چاوی بڕیوەتە سنورداركردنی حیزبە سیاسییەكان و كەمكردنەوەی ڕۆڵیان لە هەڵبژاردنەكانی ئایندەدا.

بەڵگەش لەسەر راستی ئەم تێروانینە ئەوەیە لەکاتی خۆی و تائێستاش لایەنە سیاسییەکانی عێراق جگە لە (مەرجەعی سیستانی و سەرۆکایەتی کۆمار و خودی مستەفا کازمی) دژی یاساکە بوون و لەهەوڵی دواخستن و پەکخستنی هەڵبژاردنەکاندان، هەربۆیە سەرباری ئەوەی هەریەك لە ئەمریکا و یەکێتی ئەورووپا و نەتەوە یەکگرتووەکان پشتیوانیان لە یاساکە دەکرد، بەلام رێکاری پەسەندکردن(تصديق)ی یاساکە نزیکەی (11) یازدە مانگ دواکەت و هەندێك لە برگەکانی گۆڕانکارییان تێداکرا بۆئەوەی نارەزایەتی لایەنەکان کەمبکرێتەوە.

## تەوەرەی دووەم/ سیستمی هەڵبژاردن:

لەرووی سیستمی هەڵبژاردنەوە جیاوازییەکی گەورەو بنەرەتی لەنێوان هەردوو یاساکەدا هەیە، یاسای پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بۆ بەرێوەبردنی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان (سیستمی تاك بازنەیی)و (لیستی کراوەی سنووردار)و (سیستمی هەژمارکردنی سانتلیگۆی هەموارکراوی 1.7)ی وەك بنەما دیاریکردووە.

لەبەرامبەردا یاساکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (سیستمی فرەبازنەیی)و (لیستی تاکەکەسی)و (سیستمی براوەی یەکەم)ی وەك بنەما دیاریکردووە بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

بێگومان گرەوی گەورەی یاساکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر ئەنجامدانی ئەم گۆڕانکارییە بنەرەتییانەیە:

1. بەپێی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، تەواوی عێراق بەسەر (83) بازنەی هەڵبژاردندا دابەشبووە، ئەمەش رۆڵی دەبێت لە دابینکردنی جۆرێك لە دادپەروەری جوگرافی و نزیککردنەوەی

دەنگدەر و بەربژێر لە یەکدی، چونکە مەرجە بەربژێر دانیشتووی ئەو بازنەیە بێت کە خۆی تێداپاڵاوتووە.

2. سیستمی فرە بازنەیی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕۆڵی دەبێت لە کەمکردنەوەی هەژموونی حیزبێکی دیاریکراو بەسەر ناوچەیەکی فراواندا، چونکە سەنگ و قورسایی هێزە سیاسییەکان لە بازنەیەك بۆ ئەوی تر جیاوازی دەبێت و دەرفەت لەبەردەم هێزە خۆجێیەکان دەرەخسێنێت کاندیدەکانیان سەربکەون.

3. یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەڕێی لیستی تاکەکەسییەوە لەهەژموونی هێزە سیاسییەکان دەدات و خودی هێزەکان ناچار دەکات خۆیان لە کەسانی نەشیاوو ناشایستە بتەکێنن و بەکاندیدی خۆشەویست و سەنگین بچنە نێو هەڵبژاردنەکان.

4. یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەڕێی لیستی تاکەکەسییەوە دەرفەت دەڕەخسێنێت کەسانی بێلایەن بەبێ پاڵپشتی حزبی بگەنە پەرلەمان و نوێنەرایەتی سیاسی خەڵك لەدەرەوەی ویستی هێزە سیاسییەکان دروستببێت بەمەش ئەو بەباڵۆنکردنەی حیزب سنووردارەدەبێت کە سەرچاوی نەهامەتی و گەندەڵی و نەبوونی خزمەتگوزارییە لە عێراقدا.

5. یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ڕێگەی (سیستمی براوەی یەکەم)ەوە کۆتایی بەدیاردەی ڕەمزی هەڵبژاردن و کاراکتەری یەکەمی سیاسی دەهێنێت و هەر کاندیدێك تەنها ئەو دەنگانەی بۆ هەژماردەکرێت کە بۆ بەدەستهێنانی کورسییەك

پێویستیەتی و دەنگی زیادەی کاندیدەکان بۆ هیچ قەوارەو کاندیدێکی تر ناڕوات.

6. یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ڕێگەی (سیستمی براوە یەکەم)ەوە کۆتایی بە دیاردەی کاندیدی ڕەمزی بۆ کۆکردنەوەی دەنگ دەهێنێت و کاندید پابەندەکات لەدوای هەڵبژاردنی بچێتە پەرلەمان، ئەگەر کاندیدێك لە بازنەیەکی دیاریکراودا دوای هەڵبژاردنی نەچووە پەرلەمان، جێگەی بە کاندیدی یەدەکی بازنەکەی خۆی (ئەوکاندیدی دەرنەچووەی زۆرترین دەنگی هەیە) پڕدەکرێتەوە، کە مەرج نییە سەر بەهەمان قەوارەی سیاسی کاندیدی دەستلەکارکێشاوە بێت.

سەرباری ئەم دەسکەوتە گەورانەش، ڕەنگە یاساکە لەئاست هەندێك گرفتی جڤاتی و پێکهاتەیی عێراق دەستبەستراو بێت و لە ئایندەدا هەندێك گرفت بهێنێتە ئارا لەنموونەی:

1. چاوەڕواندەکرێت یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕۆڵی هەبێت لە زیندووکردنەوەی دیاردەی خێڵایەتی و دەمارگیری مەزهەبی و کۆمەڵایەتی و چینایەتی لە عێراقدا، بەو پێیەی کۆمەڵگەی عێراقی کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی هۆزگەراییەو ئاستی هۆشیاری دەنگدەری عێراق هێشتا بەکامڵ بوون نەگەیشتووە و هێشتا نەگەیشتۆتە ئاستی پێگەیشتوویی پێویست، مرۆڤی عێراقی وابەستەی خێڵ و هۆزو تیرەو مەزهەبە.

2. چاوەڕواندەکرێت یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕۆڵی هەبێت لە سەختکردنی پێکهێنانی گەورەترین کوتلەی پەرلەمانی، بەمەش پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی ئاییندەی عێراق

دوابخات، بەو پێیەی بەشێکی زۆر لە ئەندامانی ئاییندەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەدەرەوەی ویست و خواستی هێزە سیاسییەکان دەچنە پەرلەمان و پابەندی هیچ بڕیارێکی سیاسی نابن.

### تەوەرەی سێیەم/ مەرجی بڕوانامەی پێویست بۆ بەربژێری پەرلەمان:

بەپێی یاسای ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق مەرجە بەربژێر لانیی کەم بڕوانامەی (ئامادەیی) هەبێت، لەکاتێکدا یاسای پەرلەمانی هەرێمی کوردستان تەنها مەرجی (خوێندنەوەو نووسین)ی داناوە بۆ بەربژێری پەرلەمان، سەرباری ئەوەی سەدان هەزار خاوەن بڕوانامەی پەیمانگەو زانکۆو ماستەرو دکتۆرا لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا هەیە و هەردوو یاسا ئەم توانا زۆرو زەوەندە نیشتمانییەیان نادیدەگرتووە.

ئەم بابەتە ڕۆڵی گەورەی هەیە لە دابەزینی توانا و لێوەشاوەیی دامەزراوەی پەرلەمان و وێناکردنی پەرلەمان وەك ناوەندێکی دەسکەوتنی ئیمتیازات و دەسکەوتی تاکەکەسی و دوورخستنەوەی لە ڕۆڵە سەرەکییەکەی و لاوازکردنی لە ئاست دەسەڵاتەکانی دیکەو حکومەتدا.

هەر بۆیە یاسای پەرلەمانە بەهێزەکانی وڵاتان بڕوانامەی بەرزو پسپۆڕی زانستی شیاو دەکەنە پێشمەرج بۆ ئەندامێتی پەرلەمان و ڕێگەنادەن کەسانی نەشیاوو بێبەهرەو کەمتوانا بگەنە ئەم دامەزراوە گرنگەی وڵات.

### تەوەرەی چوارەم/ کۆتای پێکهاتەکان و کۆتای ژنان.

لەلایەنی بەشدارییپێکردنی ژنانەوە، هەردوو یاساکە لەیەك نزیکن و دۆخی بەشداری ژنان لەیاسای پەرلەمانی هەرێمی کوردستان کەمێك

باشترە بەو پێیەی (30%) کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستان بۆ ژنان تەرخانکراوە، لەکاتێکدا ئەم ڕێژەیە بەپێی یاسای ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە (25%)ە.

هەرچی کۆتای پێکهاتەکانیشە یاساکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (9) کورسی لەکۆی (329) کورسی بۆ پێکهاتەکان دیاریکردووە، پێکهاتەی مەسیحی (5) کورسی، و هەریەك لە پێکهاتەکانی (ئێزیدی، فەیلی، شەبەك، سابیئەی مەندائی) یەك کورسی.

لەبەرامبەردا یاسای پەرلەمانی هەرێمی کوردستان (11) کورسی لە کۆی (111) کورسی پەرلەمان بۆ کەمینەکانی هەرێم دیاریکردووە بۆ هەر یەك لە (تورکمان، کلدان سریان ئاشووری) (5) کورسی و (1) کورسی بۆ پێکهاتەی ئەرمەن.

ئەوەی لەم بارەیەوە جێگەی سەرنجە:

1. کۆی ژمارەی کورسی کۆتای پێکهاتەکان لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان نزیکەی (4) هێندەی ژمارەی کورسی کۆتای پێکهاتەکانە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

2. ئەم جیاوازییە لە ژمارەی کورسی کۆتای پێکهاتەکان لەنێوان هەرێمی کوردستان و عێراقدا لە سۆنگەی پاراستنی زیاتری مافی پێکهاتەو کەمینەکانی هەرێمی کوردستان نییە، بەڵکو لە واقیعدا زۆرینەی ئەم کورسییانە بەکەسانێك پڕدەبنەوە کە گوزارشت لە خواست و ویستی ڕاستەقینەی پێکهاتەکانی هەرێم ناکەن و لە زۆرکاتدا وەك دەنگی یەدەگی لایەنە سیاسییەکان دەردەکەون و لە

زۆرینەی پرسەکاندا بۆ گۆڕینی هاوسەنگی هێز بەکاردێن لە بەرژەوەندی لایەنێکی سیاسیی بەرامبەر رکابەرەکانی.

بۆیە ئەگەر لانیکەم سیستمی دەنگدان بۆ کورسی کۆتای پێکهاتەکان بکرێتە فرەبازنەیی و بە لیستی تاکەکەس و سیستمی براوەی یەکەم هاوشێوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەنجامبدرێت، دەبێتە هۆی گەڕاندنەوەی ئەم کورسییانە بۆ خودی پێکهاتەکان و رێگەدەگرێت لە بەکارهێنانیان وەك هاوسەنگی هێز بۆ یەکلاییکردنەوەی ململانێ سیاسییەکان.

## تەوەرەی پێنجەم/ تاوانەکانی هەڵبژاردن:

1. بەگشتی کەموکوڕییەکی زۆر هەیە لە هەردوو یاساکەدا لەمەڕ دابینکردنی پارێزگاری لە تاوانکاری بۆ هەڵبژاردنەکان و هەردوو یاساکە لە ئاستێکی نزمی پاراستنی ویستی دەنگدەردان لە دەستدرێژی و ساختەکاری و تاوانەکانی هەڵبژاردن.
2. بەشێکی زۆر لە تاوانەکانی هەڵبژاردن لەهەردوو یاساکەدا ئاماژەی پێنەکراوە، بەتایبەت تاوانەکانی قۆناغی رێکخستنی لیستی دەنگدەران و قۆناغی بانگەشەی هەڵبژاردن و قۆناغی راگەیاندنی دەرەنجامەکان و تەنها بەشێك لە تاوانەکانی پرۆسەی دەنگدان و بانگەشە ئاماژەی پێدراوە.
3. بەگشتی سزای تاوانەکانی هەڵبژاردن بە بەراورد بەتاوانەکانی یاسای سزادان ناکاریگەرو نەشیاوەی لەگەڵ ئەو مەترسییە گەورەیەی تاوانەکانی هەڵبژاردن لەسەر پرۆسەی سیاسی و ژیان و ئایندەی دەنگدەران دروستیدەکات، بەجۆرێك سزای تاوانەکان لە هەردوو یاساکەدا لە بەندکردن بۆماوەی ساڵێك و پێبژاردنێك لە

(10,000,000) دە ملیۆن دینار زیاتر نییە، مەگەر کاتێک قەوارەی سیاسی لە تاوانەکەوە گلابێت تەنها لەم بارەدا سزای پێبژاردنەکە دەگاتە (25.000.000) بیست و پێنج ملیۆن دینار، ئەم سزایەش لە بەرامبەر توانای دارایی زەبەلاح و نارەوای هێزە سیاسییەکانی عێراق و کوردستاندا شیاوی باسکردن نییە.

4. لە هیچکام لەم دوو یاسایەدا باسی تاوانی هەڵبژاردنی ڕێکخراو نەکراوە، کە بەشێوەیەکی فراوان لە عێراق و هەرێمی کوردستان ئەنجامدەدرێت.

5. لەهیچکام لەم دوو یاسایەدا باسی تاوانی دەستوەردانی بیانی و ڕاکێشانی دەستی بیانی بۆ دانانی کاریگەریی لەسەر هەڵبژاردنەکان نەکراوە، کە بەشێوەیەکی فراوان لە عێراق و هەرێمی کوردستانیش ئەنجامدەدرێت.

لە ژێر ڕۆشنایی ئەوەی باسکرا، دەگەینە ئەو دەرەنجامەی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەبەراورد بە یاسای هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینیوەو شیاوی سوودلێوەرگرتنە، هەرچەند هێشتا کەموکوڕی زۆر لەیاساکەدا هەیە بە بەراورد بەیاسا پێشکەوتووەکانی هەڵبژاردن لە وڵاتانی گەشەسەندووی دیموکراسیدا. بۆیە پێویستە پەرلەمان و هاونیشتمانیانی هەرێمی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی ئایندەی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بە کەمتر لە دەسکەوتەکانی یاسای ژمارە (9)ی ساڵی (2020)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕازینەبن.

# بەشی دووەم

## چەند بابەتێکی تایبەت بە نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

# چەند بابەتێکی تایبەت بە نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

## یەکەم/ چەند نوێنەرێکی پارێزگای سلێمانی بایکۆتی (ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەموان) دەکەن.

پاش بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی شەشەمی (پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی) لەلایەن (ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەموان)ەوە، نیگەرانی بەشێکی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لێکەوتەوەو ژمارەیەک لە نوێنەران داوایانکرد (ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەموان) پێویستە لەو ڕاپۆرتە پاشگەز ببێتەوە ئەگەر نا، نوێنەرەکان ناچاردەبن لەلای ڕێکخراوی (NED) ئەمریکی شکات لە (ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەموان) بکەن، هاوکات بەبێ هیچ بەڵگەیەک و پێشخوێندنەوەی ڕاپۆرتەکە، ڕێکخراویان بە لایەنگیری بۆ لایەنێک تۆمەتبارکرد، لە(2021/1/2)دا (ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەموان) ڕوونکردنەوەیەکی ئاراستەی ئەو نوێنەرانە کرد، ئەوەبوو گۆڕانکاری بەسەر بیرکردنەوەی نوێنەرەکاندا هاتوو بەشداری چالاکییەکانی دواتری ڕێکخراویان کرد، بەڵام هەریەکە لە (**بلێسە عبدالجبار فەرمان**) و (**یسری رجب کمر**) تاکاتی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، هەموو پەیوەندییەکیان لەگەڵ تیمی پرۆژە پچڕاندو وەڵامی پەیوەندییەکانیان نەدایەوە.

## دووەم/ (8) نوێنەری پارێزگای سلێمانی لە (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) لە پێکهێنانی (هاوپەیمانێتی هیوای کوردستان)دا بەشداربوون.

کۆمەڵێک پەرلەمانتاری کورد لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە پێشتر بە (گرووپی 15)خۆیان ناساندبوو، لە (2021/1/11)دا لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا پێکهێنانی (هاوپەیمانێتی هیوای کوردستان)یان راگەیاند، لەو بارەیەشەوە پایەمێکیان بۆ رایگشتی بڵاوکردەوە، هاوپەیمانێتییەکە پێکهاتبوو لە فراکسیۆنەکانی (گۆڕان، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان، سەربەخۆ، ئایندە)، کە (8) نوێنەری پارێزگای سلێمانی لە (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) پێکهاتەی هاوپەیمانێتیەکەیان پێکدەهێنا ئەوانیش (**یوسرا رەجەب کەمەر عەلی، سەرکەوت لەتیف شەمسەدین، رێبوار کەریم مەحموود، بەهار مەحموود فەتاح، یوسف محەمەد سادق، هۆشیار عەبدوڵا فەتاح، ئەحمەد حەمە رەشید ئەحمەد، موسەنا ئەمین نادر**) بوون.

## سێیەم/ هێرشکردنە سەر (غالب محەمەد عەلی) و یەکلایی نەبوونەوەی کەیسەکەی دوای (9) مانگ.

سەر لە ئێوارەی رۆژی (2021/2/26) (**غالب محەمەد عەلی**)، نوێنەری پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە بەردەم ماڵەکەی خۆیدا لە شاری سلێمانی، بە چەقۆ هێرشکرایە سەری.

بە گوتەی سەرچاوەیەکی نزیک لە نوێنەرەکەی پارێزگای سلێمانی:" هێرشەکە لەلایەن کەسێکی نەناسراووەوە ئەنجامدراوەو هەڵهاتووە".

لە (2021/3/11) (**غالب محەمەد عەلی**)، سەردانی سەرۆکی (ئەنجومەنی باڵای دادوەریی عێراق)ی کردو نووسراوی فەرمی سەرۆکی

(ئەنجـــومەنی نـــوێنەرانی عێـــراق)ی رادەســـتکرد، کە تـــایبەتبوو بە گواســـتنەوەی کەیســـی هێرشـــکردنە ســـەری، لە بەرامـــبەردا ســـەرۆکی (ئەنجـومەنی بـالآی دادوەریـی عێـراق) ئامـادەیی دەربڕیـووە کە رێوشـوێنە پێویستەکان بگرێتەبەر...

لە دوای (9) مانـــــگ لە رووداوەکەو لە (2021/9/22)دا، (غالـــــب مـــحەمەد عەلـــی) دوایـــین زانیـــاری لەســـەر کەیســـەکەی تـــایبەت بە (رێکخـراوی کوردسـتان بـۆ هەمـوان) بەمشـێوەیە راگەیانـد "هەفتەی رابـردوو لەگەڵ (د. رێبـوار کەریـم و سـەرکەوت شەمسـەدین) سـەردانی (ئەنجـــومەنی بـــالآی دادوەریـــی عێراق)مـــان کـــرد، لەگەڵ ســـەرۆکی (ئەنجـومەنی بـالآی دادوەریـی عێـراق) دانیشـتنمانکرد، نووسـراوەکەی وەڵامـی حکـومەتی هەرێمـی بۆنـاردمەوە، بێگومـان حکـومەتی هەرێـم یاریدەکات، بەداخەوە دەڵێت (غالـب محەمەد عەلـی) هیـچ نووسـراوێکی نەکـردووە بـۆ نەقڵکـردن، لە کاتێکـدا مـن دوای سێ رۆژ لە رێـگەی پـارێزەرەکەمەوە نووسـراوم پێشـکەشـی دادگـای سـلێمانی کـردووەو داوامـان کـردووە کە ئەم کەیسە بگـوازینەوە بۆ بەغداد، بەڵام ئەمـان یاریـدەدەکەن، پێمـوایە ئەیانەوێـت دوای بـخەن بـۆ ئەوەی بـزانن ئـێمە دەرئەچـین؟ بەڵام دەبێـت ئەوە بـزانن ئـێمە بەردەوام دەبـین" لەکۆتایشـدا رایـگەیانـد: " بەردەوام ئەبـم لەسـەر ئەم کەیسـەو وازیلێنـاهێنم و ئەوەتـا خۆشـمان هەڵبـژاردووە و دەربچـین جـارێکی تـر هەر بەردەوام ئـیش ئەکەیـن لەسـەر ئەو بـابەتە و تـاحەقی خۆمـان وەرنەگـرین وازنـاهێنین" شایانی باسە تاکاتی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە ئەم کەیسە یەکلایی نەکراوەتەوە.

## چوارەم/ لە کۆی (18) نوێنەری پارێزگای سلێمانی، (6) نوێنەر خۆیان بۆ خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کاندید کرد.

هەریەکە لە (**ئەحمەد حەمە رەشید، غالب محەمەد عەلی، ڕێبوار کەریم مەحمود، سەرکەوت لەتیف شەمسەدین، موسەنا ئەمین نادر، یوسرا رەجەب کمر**) لەنێو (18) نوێنەرەکەی پارێزگای سلێمانیدا خۆیان بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە (2021/10/10)دا کاندید کردووە، تەنها (**موسەنا ئەمین نادر**) سەرکەوتنی بەدەستهێنا.

## پێنجەم/ دوو نوێنەری پارێزگای سلێمانی بەهۆی نەخۆشیەوە بۆ ماوەیەک لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دوورەکەونەوە.

بەهۆی ناجێگیری باری تەندروستیانەوە، هەریەکە لە (**جوان ئیحسان فەوزی**) و (**حەسەن ئالی ئەحمەد**) نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) لە سەرەتای ساڵی (2021)ەوە رەوانەی نەخۆشخانە کران، (**حەسەن ئالی ئەحمەد**) پاش مانەوەی بۆ ماوەی سێ مانگ لە ژێر چاودێری پزیشکیدا، گەڕایەوە ناو ئەنجومەنی نوێنەران، بەڵام سەبارەت بە (**جوان ئیحسان فەوزی**) تاکاتی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە لە ژێر چاودێری پزیشکیدایەو هاوکات ناوبراو لە (2021/1/14)دا دەستبەرداری سەرۆکی (فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان) لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بوو.

## شەشەم/ پێشنیارە یاسای هەمواری یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ژمارە (9)ی ساڵی (2020).

بەهۆی ئەو کەموکورتییانەی لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەراندا هەبوو، زۆرینەی نوێنەرانی کورد دەنگیان بە یاساکە نەدا و بایکۆتی دانیشتنی پەرلەمانیان بۆ تێپەڕاندنی یاساکە کرد. گرنگترین کەموکورتییەکانی یاساکە سەرباری هەڵەی تەکنیکی، ڕێدان بە بەکارهێنانی کارتی ئەلکترۆنی کورتماوە (کە ڕێژەیەکی زۆری لێ ساختەکراوە) و ژماردنی ئەلکترۆنی دەنگەکان کە لە هەڵبژاردنی پێشوی ساڵی (2018)دا گومانی گەورەی خستەسەر کۆی پرۆسەی هەڵبژاردن.

بۆ چارەسەری ئەم کەموکورتییانە، لە مانگی یازدەی (2021)دا (**یوسف محەمەد سادق**) نوێنەری پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە هاوکاریی یاساناسان و (**بەهار مەحمود فەتاح**) نوێنەری پارێزگای سلێمانی و ئەندامی لیژنەی یاسایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پێشنیارە یاسایەکیان ئامادەکرد بۆ هەمواری یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران بە لەبەرچاوگرتنی چۆنێتیی چارەسەرکردنی ئەو کێشانە، لە پێشنیارە یاساکەدا پرسی دیاریکردنی پارێزگای هەڵەبجە وەک بازنەیەکی هەڵبژاردن چارەسەرکراوە، بەڵام لەکۆتاییدا ئەم پێشنیارە یاسایەش کارتی پێنەکرا.

# بەشی سێیەم

# ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە نێوان بەرداشی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆندا

# ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە نێوان بەرداشی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆندا

لەم چەند ساڵەی دواییدا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دووچاری چەندین فشارو ڕێگریکردن بوونەتەوە بە ئاستی جیاواز چ لەلایەن حیزبەکانی دەسەڵاتەوە، چ لەلایەن ئەو حیزب و کەسایەتیانەی لە چوارچێوەی ئۆپۆزیسیۆندا خۆیان دەناسێن.

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی نەدەبێت سەر بە دەسەڵات بن و نەدەبێت سەر بە ئۆپۆزیسیۆن بن، بەڵکو بێلایەن و بابەتی کاربکەن. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەزگای ڕاگەیاندنی هیچ حیزب و کەسێک نین و ئەرکی ئەوان نییە بەشان و باڵی ئەم و ئەودا هەڵبدەن و کاریشیان شکاندنی هیچ حیزب وکەسێک نییە، بەڵکو ئەوان وەک ئاوێنە ئەوەی دەیبینن بۆ ڕایگشتی دەخەنەڕوو، کاری ئەوان بڵاوکردنەوەی پەرەپێدانی ڕێزگرتن و لێبووردەیی و ئازادی فیکریی و قبووڵکردنی فرەیی سیاسی و ئایینییە، هەروەها کارکردنە لەپێناو هێنانەدی ئیدارەدانێکی تەندروستی ململانێ و ناکۆکییەکان بەجۆرێک لە بەرژەوەندی هاوولاتیان کۆتاییبێت.

بەداخەوە ماوەیەکە لەسەر ڕاپۆرتەکانی هەندێک لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، چەندین تۆمەت ئاراستەی ڕێکخراوەکان دەکرێت و بێ هیچ بەڵگەو بنەمایەک بە لایەنگیریکردن بۆ لایەنێکی سیاسی تۆمەتبار دەکرێن، زۆر جار بەشێک لە دەسەڵات ڕێکخراوەکان بە لایەنگیری بۆ پارتێکی ئۆپۆزیسیۆن یاخود نەیاری خۆی تۆمەتبار دەکەن، بەهەمان شێوەش بەشێک لەو پارتانەشی کە

لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆندان، ئەگەر راپۆرتەکانی (رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی) بەدڵی ئەوان نەبوو ئەوا هەرزوو بە داردەست و لایەنگیری دەسەلات رێکخراوەکە تۆمەتبار دەکەن.
ئەمەش مەترسییەو پێویستی بەهەڵوێستە لەسەرکردنەو گرنگە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی خۆڕاگربن و مکورتربن لەسەر کاری مەدەنییانەی خۆیان...
رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەم راستییەیان بەخەڵک گوتووە کە لایەنەکان بانگەشە بۆ گۆڕانکاری و ژیانێکی شایستە بۆ هاووڵاتیان دەکەن، بەڵام لە راستیدا گۆڕانکاریەکان تەنها لە دەمووچاوەکاندا دەکرێن و ژیانی شایستەش هەر بۆ براوەکان و هەڵگرانی پۆستی نوێیە، نازانین ئەو خزمەتگوزاری و خۆشگوزەرانیە کامانەن کە پێشکەشی هاووڵاتیان کراوە؟ تەنانەت راپۆرتی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیش ئەم راستیانەیان نەشاردۆتەوەو لە راپۆرتەکانیاندا هیچ ئاماژەیەکی دڵخۆشکەری تێدا نابینرێت لە سەر دۆخی عێراق و هەرێمی کوردستان.
پاش بڵاوکردنەوەی راپۆرتی شەشەمی (پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی) لە (2020/12/13)دا، (رێکخراوی کوردستان بۆ هەموان) کەوتە بەر شەپۆلێک لە تۆمەت لەلایەن ژمارەیەک لە پەرلەمانتارانی ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات، بەجۆرێک کار گەیشتە بایکۆتکردنی چالاکییەکانی رێکخراوەکە، ئەوەی بەلای ئێمەوە سەرنجراکێش بوو بایکۆتکردنی بەشێک لە پەلەمانتارەکانی ئۆپۆزیسیۆن بوو بۆ چالاکی و بەرنامە

رادیۆیەکـــانی رێکخـــراو کە ســـاڵانە لە (رادیـــۆی نەوا)وە پێشکەشـــدەکرێن و هەرجـــارەی میوانـــداریی نـــوێنەرێکی هەڵبژێـــردراو دەکـــات، بەڵام هەر ئەو پەرلەمانتـــارە نارازییـــانە، ئامـــادەبوون لە کەناڵەکـــانی دەســـەڵاتەوە دەربـــکەون و تەنـــانەت چاوپێکەوتنەکانیشـــیان لە تـــۆڕە کۆمەڵایەتییەکـــانی خۆیـــان بڵاودەکردەوە.

هەروهـــا خـــاڵێکی دیـــکە کە بـــووە جـــێگەی ســـەرنج، ئەوە بـــوو پـــێش خوێنـــدنەوەی راپـــۆرتەکە بەشـــێک لە پەرلەمانتارەکـــان هەڵوێســـتیان بەرامـــبەر (رێکخـــراوی کوردســـتان بـــۆ هەمـــوان) گـــۆڕاو کەوتـــنە ژێـــر کـــاریگەری سۆشـــیاڵ میـــدیا، کە بەراســـتی نەدەبـــوو ئەوان بەو خێـــراییە ئەو بڕیـــارە بـــدەن، هەتـــا کـــاتی ئامـــادەکردنی ئەم راپـــۆرتە دوو لە نوێنەرەکـــانی پارێزگـــای سلێمانی بەردەوامن لە بایکۆتەکایان.

بـــۆیە جیـــاوازییەکی ئەوتـــۆ نییە لەنێـــوان (بـــۆ نمـــوونە داخســـتنی رێکخـــراو لەلایەن دەســـەڵاتەوە بەبـــێ بەڵگەیەکـــی ســـەلمێنەر)، هەروەهـــا بـــایکۆتکردن و پروپاگەنـــدەکردن و تـــۆمەت بەخشـــینەوەی بێـــبەڵگە دژ بە رێکخراوەکـــانی کـــۆمەڵگەی مەدەنـــی لەلایەن ئۆپۆزیســـیۆنەوە، هەردوو هەڵوێســـتەکە تەواکەری یەکتـــرین و هەرکەســـەو بەپێـــی ئەو دەســـەڵاتەی هەیەتـــی دژایەتـــی کـــۆمەڵگەی مەدەنـــی دەکـــات، هەر بـــۆیە لە (2021/1/2)دا بەنووســـراوی ژمـــارە (142) (رێکخـــراوی کوردســـتان بـــۆ هەمـــوان) روونکردنەوەیەکـــی بـــۆ نـــوێنەرانی پارێزگـــای ســـلێمانی نـــارد ئەمەش دەقەکەیەتی:

## بەرێزان نوێنەرانی پاریزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

## بابەت/ روونکردنەوە

*سەرەتا هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین لە ساڵی نوێدا.... ئومێد دەکەین ساڵێکی پرخێرو خۆشی بێت بۆ هەموان*

بەرێزان پاش بلاوکردنەوەی شەشەم راپۆرتی (پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی) کە لەلایەن (رێکخراوی کوردستان بۆ هەموان)و بەپاڵپشتی رێکخراوی (NED) ئامادەکرابوو، دوابەدوای ئەوەش لەلایەن چەند پەیجێکەوە (کە نە لە دوور، نە لەنزیک پەیوەندی بە ئێمەوە نەبووە) راپۆرتەکە خوێندنەوەی بۆکراوە. بەداخەوە ئەمەش نیگەرانی لەلایەن چەند بەرێزێک لە (نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) لێکەوتەوەو بریاری بایکۆتکردن و هەڵپەساردنی کارەکانیاندا لەگەڵ رێکخراودا، هەروەها تاوانبارکردنی (رێکخراوی کوردستان بۆ هەموان) بەوەی کە کار بۆ لایەنێکی سیاسی دیاریکراو دەکات بۆیە بە پێویستمانزانی ئەم روونکردنەوەیە بە بەرێزتان رابگەیەنین:

1- (رێکخراوی کوردستان بۆ هەموان) چ وەک ئەندامانی، چ وەک رێکخراو تائێستا لایەنگیری و ئەندامی هیچ پارتێکی سیاسی نین، لە خاڵی (3)ی گرێبستی نێوان رێکخراوو ئەندامانی رێکخراودا هاتووە (**دەبێت لەکاتی دەوامی کارکردندا کەسێکی تەواو بێلایەن بێت و سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت و بەهیچ شێوەیەك لایەنگیری بۆ هیچ لایەنێکی سیاسی نەکات، بەپێچەوانەوە، راستەخۆ گرێبەستەکە هەڵدەوەشێتەوە**).

ئێمە خۆشحاڵدەبین ئەگەر هەر بەڵگەیەک لەو بارەوە لەبەردەست بەڕێزتاندایە، بۆ ئێمەش و بۆ رایگشتی بڵاویبکەنەوە، چونکە مەرجی سەرەتاو سەرەکی نێوان کارکردنی ئێمە لەگەڵ بەڕێزتان مەرجی بێلایەن بوون بووە. ئەوەی بەلای ئێمەوە سەیر بوو، بەڕێزتان راپۆرتەکەتان لەروانگەی گرتە ڤیدیۆییەکەی (مەودا میدیاوە) هەڵسەنگاندو هەڵوێستان بەرامبەر ئێمە گۆڕا، لەکاتێکدا ئێمە بەهیچ جۆرێک ئاگاداری ئەو گرتەیە نەبووین و پەیوەندیشمان پێوەی نەبووە...

2-هەموو راپۆرتەکە بخوێننەوە، بەهیچ شێوەیەک وشەی پەرلەمانتاری چالاک و پەرلەمانتاری ناچالاکی تێدا بەکارنەهاتووە... لە راپۆرتەکەدا نەنووسراوە چالاکی ئەنجامدراو، بەڵکو نووسراوە (ئەو چالاکییانەی گەیشتوونەتە تیمی پرۆژە).

3-سەبارەت بە ئامادەبوون لە نووسینگەی سلێمانی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)دا، ئەوە یەکێکبووە لە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن، نەک هەموو هەڵسەنگاندنەکە، لە ماددەی (151) پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەراندا هاتووە (نووسینگەی ئەنجومەنی نوێنەران لە پارێزگاکان دەکرێتەوە بۆ مسۆگەربوونی پەیوەندی لە نێوان ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران و جەماوەر.) گرنگی ئامادەبوون لەم نووسینگانەشدا (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) بەم جۆرە باس لە بوون و گرنگیان دەکات: [(ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) لە سەرجەم پارێزگاکانی عێراقدا نووسینگەی تایبەتی کردۆتەوە ، بەمەبەستی چالاککردنی رۆڵی نوێنەرایەتی و چاودێری و نزیککردنەوەی گەل و ئەنجومەنی نوێنەران تا گەرەنتی دەربڕین و رای ئازاد بکات، بۆ

فراوانترکردنی بەشداری هاووڵاتی و بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری دەنگدەر بە شێوەیەك متمانە زیاتر دروستبکات لەنێوان دەنگدەر ونوێنەر دا، پەیامی ئەم نوسینگانە بریتیە لە: پەیوەندی بەردەوامی نێوان هاووڵاتی و ئەنجومەنی نوێنەران. **ئامانج لە كردنەوەی ئەم نوسینگانە:**

**یەکەم:** چالاکردنی رۆڵی نوێنەرو وچاودێر بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران.

**دووەم:** نزیکردنەوەی گەل و پەرلەمان.

**سێیەم:** دروستکردن و پتەوکردنی متمانەی نێوان دەنگدەرو نوێنەر.

5-ئەو پێوەرانەی کە ئەمساڵ لە راپۆرتەکەدا بۆ هەڵسەنگاندن گیرابوونەبەر هەمان پێوەری ساڵی پێشوو بوون، کە پێشتر لەگەڵ هەمووتان باسکراوەو بەڕێزتان رەزامەندبوون لەسەریان، ئێمە چاوەڕێمان دەکرد لە دوای راپۆرتی پێنجەمەوە گوێبیستی رەخنەو راو سەرنجی پێشنیارەکانی بەڕێزتان بین، چونکە ساڵی یەکەمی کارکردنمان بوو لەگەڵ بەڕێزتان، بەڵام بەڕێزتان (بە سوپاسەوە) جگە لە دستخۆشی بۆ تیمی پرۆژە گلەیی و رەخنەیەکتان لە راپۆرتەکەو شێوازی کارکردنمان نەبوو...

لە سەرەتای سەردانیکردنمان بۆ لای بەڕێزتان لە ساڵی (2019-2020)دا شێوازی کارکردنمان و چالاکییەکانی پرۆژەکەمان بۆ بەڕێزتان خستەروو، ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد، کە پرۆژەکەمان ناوی (پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)یە، واتە لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی و وەک نوێنەرانی پارێزگاکە لەگەڵ بەڕێزتان دەستبەکار

دەبین و نەک لەسەر ئاستی عێراق و ئامادەبوون لە تەلاری (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق).

6-ئەگەر لەبەشی ئەندامانی عێراقدا تاوانبار بکرێن بە بەلایەنگیریی بۆ (یەکێتی نیشتمانی کوردستان)، ئەبێت لەبەشی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیدا، تاوانبار بکرێین بە لایەنگیری بۆ (کۆمەڵی ئیسلامی و حیزبی شیوعی)... هەروەها لە راپۆرتی پێنجەم دا هەریەکە لە بەرێزان (ئەحمەد حاجی رەشید ئەحمەد و د. موسەنا ئەمین) لە ریزبەندی یەکەم و دووەمدا ناویان هاتبوو، (بەو پێودانەگەش سالی پێشتر دەبوایە تاوانبار بکرایناییە بە کۆمەڵی ئیسلامی یان یەکگرتووی ئیسلامی؟؟)؛ بەڵام ئەمە باشترین ئاماژەیە بۆ بێلایەنی تیمی پرۆژەکەو راپۆرتەکە.

7-هیواداریین بەرێزتان هەمان هەلۆیستی (پەرلەمانی کوردستان) کە لە (2017/2/27)دا بەرامبەر (پەیمانگەی پەی) سەبارەت بە (پرۆژەی چاودێری پەرلەمانی کوردستان) گرتیانەبەر، (هەرچەندە ئەم هەنگاوەی پەرلەمان کە بەتەواوی پێچەوانەی بانگەشەکانی هەڵبژاردنەکانە، پەیمانگەی پەی چالاکترو دەستواڵاتر کرد لەکاری بەدواداچوونی ئەدای پەرلەمانی کوردستان) بەرێزتان هەمان رێکار نەگرنەبەر سەبارەت بە هەڵپەساردنی کارەکانتان لەگەڵ تیمی پرۆژە...

بەرێزتان هەڵبژێردراو و نوێنەری ئەم پارێزگایەن لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بۆیە نەک تەنها وەک رێکخراو، بەڵکو وەک هەر هاووڵاتیەک مافی ئەوەمان دەبێت هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون بۆ نوێنەرانی هەڵبژێردراو بکەین....

دووبارە ڕێزو پێزانینمان هەیە بۆ هەماهەنگی بەڕێزتان لە دوو ساڵی رابردوودا، هیوادارین لەم ساڵیشدا وەک ساڵانی رابردوو هەماهەنگی و پەیوەندیمان هەبێت لە پێناو پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری بە هاووڵاتیان و دەنگدەرانی پارێزگاکەمان.... راوسەرنجی بەرێزیشتان بەگرنگ دەزانین.... هەمووتان لای ئێمە نوێنەری پارێزگای سلێمانین، بەلامانەوە گرنگ نییە سەر بە چ لایەنێکی سیاسین... سوپاستان دەکەین ئەگەر بەڕێزتان لەم هەفتەیەدا کاتێکمان بۆ دیاریبکەن تا راپۆرتەکە بۆ بەرێزتان بهێنین و روونکردنەوەی خۆمانتان پێشکەشبکەین...

لەگەڵ رێزو خۆشەویستیدا

**تێبینی:** لە هەفتەی داهاتووشدا چالاکیەکانمان لە ساڵی نوێ دەستپێدەکەین و هیوای بەردەوامی دەخوازین لەگەڵ بەرێزتان.

***هاوپێچ:***

- لێدوانی بەڕێزتان لەسەر پرۆژەی (پارێزگای سلێمانی و نوێنەارنی)

ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەموان
بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی

***وێنەیەك بۆ:***

- ڕێکخراوی (NED)

# بەشی چوارەم

- کۆسپ و ڕێگرییەکانی بەردەم نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی

- هەڵسەنگاندنێگ بۆ ساڵی سێیەمی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

- پێشنیارو ڕاسپارەکان

- چاللاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە (2020/10/1 - 2021/9/30)

# کۆسپ و ڕێگرییەکانی بەردەم نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی

نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)دا لە ماوەی کارکردنیاندا، چەند کۆسپ و ڕێگریەکیان هاتۆتەبەردەم کە گرنگترینیان:

1.زاڵبوونی هەژموونی حیزب بەسەر دامەزراوەکاندا.
2.خراپی پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێمو حکومەتی فیدراڵی کاریگەری هەبووە لەسەر کارەکانی نوێنەران لە بەغداد.
3.ناکۆکییە سیاسییەکان، کاریگەری هەبووە لەسەر لاوازکردنی ڕۆڵی نوێنەران لە بەغداد.
4. نەبوونی پەیوەندییەکی پتەوو هەماهەنگ لەسەر ئاستی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ فراکسیۆنە کوردستانییەکاندا.
6. زاڵبوونی هەژموونی حیزب بەسەر بەشێک لە نوێنەرەکاندا، بەتایبەت لە هەندێک پرسدا.
7. لە هەندێک پرسدا نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی وەک یەک تیم نوێنەرایەتی پارێزگاکەیان نەکردووە.
8. ناجێگیری دۆخی سیاسی و ئاسایشی عێراق.

# هەڵسەنگاندنێک بۆ ساڵی سێیەمی بەجێگەیاندن (الاداء)ی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

لێـــــرەدا بەچەنــــد خاڵێــــك هەڵســــەنگاندن و ســـــەرنج و تێبینییەکـــــان بـــۆ ســـاڵی ســـێیەمی بەجێگەیانـــدن (الاداء)ی نـــوێنەرانی پارێزگـــای ســـلێمانی لە (ئەنجـــومەنی نـــوێنەرانی عێـــراق/ خـــولی چـــوارەم) دەخەیـــنەڕوو، بەو ئومێـــدەی نـــوێنەرانی پارێزگـــای ســـلێمانی بتـــوانن لە خـــولی نوێـــدا ســـەرنج و تێبینییەکـــان بەهەنـــدوەربگرن و ســـودمەندبێت بۆیـــــان، هەڵســـــەنگاندنەکانیش لەســـــەر ئەم تەوەرانە ئەنجامدراوە:

یەکەم/ جێبەجێکردنی بەرنامە و بەڵێنەکانی هەڵبژاردن.
دووەم/ ئامـــادەبوون لە نووســـینگەی ســـلێمانی (ئەنجـــومەنی نوێنەرانی عێراق).
سێیەم/ بەدواداچوون بۆکێشەی هاووڵاتیان و فەرمانگەکان.
چـــوارەم/ هەوڵەکـــانی نـــوێنەرانی پارێزگـــای ســـلێمانی لە رووی پراکتیکییەوە (لەوانەی گەشتوونەتە تیمی پرۆژە).

## یەکەم/ جێبەجێکردنی بەرنامە و بەڵێنەکانی هەڵبژاردن.

کاتێک دەگەڕێینەوە بۆ بەرنامەی لیستەکان لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا، چەندین بەڵێنی نەگونجاوو جۆراوجۆر نووسراون لە بەرنامەی لیستەکاندا، هاووڵاتی لەکاتی خوێندنەوەی ئەو بەرنامەو بەڵێنانەدا واگومان دەبات، پاش هەڵبژاردن ژیانێکی شایستەو خزمەتگوزارییەکی زۆر تر دێتەئاراوە، بەڵام بەداخەوە، لە ئێستادا پاش کۆتاییهاتنی ئەم خولەی ئەنجومەنی نوێنەران، نەک هەر بەڵێنەکان نە هاتوونەتە دی، بەڵکو کێشەوگرفتەکان زیاتریش بوون، لە کاتێکدا هەموو ئەو کێشەو گرفتانە لەبەرنامەی هەڵبژاردنی لیستەکاندا (بەزیادەوە) چارەسەریان بۆ دانراوە، ئەمەش ئەندامانی هەڵبژێردراو دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتییەوە.

لەم راپۆرتەشدا بەگرنگی دەزانین دووبارە پوختەی بەرنامەی هەڵبژاردنی لیستەکان بەبیر دەنگدەران و نوێنەرانی هەڵبژێرداو بهێنینەوە:

بەرنامەی هەڵبژاردن: بریتییە لە پلانی کاری قەوارە یان پارتێك یان کاندیدێکی هەڵبژاردن بۆ روونکردنەوەو دەرخستنی ئەو کارانەی کە ئەنجامیدەدات دوای بەدەستهێنانی دەنگی پێویست و بوونی بە ئەندامی پەرلەمان یان دەسەڵاتی جێبەجێکردن (حکومەت).

پوختەیەک لە بەرنامەی هەڵبژاردنی قەوارەو لیستەکان بۆ هەڵبژاردنی خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

بەشێوەیەکی گشتی پوختەی بەرنامەی هەڵبژاردنی قەوارەو لیستەکان بۆ هەڵبژاردنی خولی چوارەمی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) لەساڵی (2018)دا بریتیبووە لە:

***یەکەم/*** چاکسازیکردن لە سێکتەرەکانی: (کارگێڕی، ئابوری، تەندروستی و ژینگە، پەروەردە، خوێندنی باڵا، وەرزش، کۆمەڵایەتی... هتد).

***دووەم/*** ڕەخساندنی هەلی کارو گرنیگدان بە گەنجان، ژنان، شەهیدان و ئەنفالکراوان، زیندانیانی سیاسی.

***سێیەم/*** چاکسازی لە دامەزراوەی فیدراڵی و لامەرکەزیەت.

***چوارەم/*** چارەسەرکردنی دۆزی سامانی نیشتمانی.

***پێنجەم/*** بەگژداچوونەوەی گەندەڵی.

***شەشەم/*** جێبەجێکردنی مادەی (140)ی دەستور.

***حەوتەم/*** دامەزراندنی ئەنجومەنی فیدراڵی.

بۆ هەمووولایەک روونە کە چەندێک لەو بەڵێن و بەرنامانە جێبەجێکراون.

## دووەم/ ئامادەبوون لە نووسینگەی سلێمانی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)

نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی ئەمساڵیش لە نووسینگەی سلێمانی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) وەك پێویست ئامادەنەبوون، گرفتەکەش لەوەدایە بەشێك لە نوێنەران بوونی ئەو نوسینگانە بەگرنگ نازانن، لەکاتێکدا ئامانجی ئەم نوسینگانە بریتییە لە **(چالاککردنی ڕۆڵی نوێنەرو چاودێری بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران، نزیکردنەوەی هاووڵاتیان و ئەنجومەنی نوێنەران، دروستکردن و پتەوکردنی متمانەی نێوان دەنگدەر و نوێنەر)**، بەداخەوە کاتێك سەیری خشتەی ئامادەبوونی نوێنەران لەو نووسینگەیە دەکەین، دەردەکەوێت ئامادەبوونیان وەك پێویست نییە

لەماوەی ساڵەکەدا نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی تەنها (60) جار ئامادەبوون و (4) نوێنەریش لەماوەی ساڵەکەدا هیچ ئامادەبوونێکیان نەبووە لە نووسینگەی ناوبراودا.

## سێیەم/ بەدواداچوون بۆکێشەی هاووڵاتیان و فەرمانگەکان.

**یەکەم/** زۆرجار نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی کاتێک سەردان و بەدواداچوونیان بۆ کێشەیەک کردووە لەلای لایەنی پەیوەندیدار، ئەنجامی سەردان و بەدواداچوونەکەیان دیارنەبووە، سەردان و بەدواداچوونی دیکەی بەدوادا نەهاتووەو تا چارەسەری کۆتایی لەگەڵ کێشەکەدا نەبوون، بۆ نموونە: لەچوارچێوەی ئەو (10) گفتوگۆکراوەی کە (رێکخراوی کوردستان بۆ هەموان ئەنجامیدان لە نێوان (نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی و فەرمانگە فیدراڵییەکانی پارێزگای سلێمانی)دا نزیکەی زیاتر لە (60) کێشەو گرفت گفتوگۆیان لەسەرکرا، بەڵام بەشێکی کەمی گرفتەکان بەدواداچوونیان بۆکرا بەبێ ئەوەی چارەسەری ئەو کێشانە بکرێت.

**دووەم/** لە ماوەی ئەمساڵدا بەشێك لە هەوڵەکان بۆ ئەم بوارانەی خوارەوە بووە، بەڵام (**تاکاتی ئامادەکرنی ئەم راپۆرتە**) هیچکام لە هەوڵەکان بەرهەمدارنەبوون، لەوانەش:

1. لە (2021/12/19)دا بە فەرمی داوا لە سەرۆک وەزیرانی عێراق کرا کە شەهیدانی خۆپیشاندانەکانی کۆتایی ساڵی (2020)ی پارێزگای سلێمانی وەک شەهیدانی دیکەی عێراق ئەژماربکرێن و

قەرەبوو بکرێنەوە، بەڵام ئەمەش هەر لەچوارچێوەی داواکاریدا مایەوەو جێبەجێنەکرا.

1. پرۆژەی تایبەت بە (گواستنەوەی مووچە لە هەرێمەوە بۆ بەغداد) ئەم پرۆژەیە لەلایەن (رێبوار کەریم مەحمود) ئامادەکرابوو، لە (2020/6/15)دا پرۆژەکە راگەیەندرا دواتریش ئاراستەی هەریەک لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی کرا، هەروەها لە (2020/11/26) پرۆژەکە رادەستی سەرۆکی لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کرا، ئەگەرچی پرۆژەکە وەک بەشێک لە نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی رایانگەیاندبوو (پاڵپشتیی زۆرینەی هەرەزۆری فراکسیۆنە عێراقییەکانی بەدەستهێناوە) بەڵام پرۆژەکە نەخرایە بەرنامەی ئەنجومەنی نوێنەرانەوەو نە نوێنەرەکانیش چارەنووسی پرۆژەکەیان راگەیاند.

2. نەتوانرا موچەی زیندانی سیاسی بۆ ئاوارەکانی هەڵەبجە وەربگیرێت و زیندانییە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستانیش مافیان هاوتابێت لەگەڵ هاوشێوەکانیان لە عێراق.

3. پێشنیارە یاسای هەمواری یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ژمارە (9)ی ساڵی (2020) لەلایەن (یوسف محەمەد سادق) ئامادەکراو بە پاڵپشتیی (75) پەرلەمانتار پێشنیارە یاساکە پێشکەشی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران کراو جێگری سەرۆکی پەرلەمان ئاراستەی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی نوێنەرانی کرد، سەرۆکی لیژنەی یاسایش بە نوسراوی ژمارە (50)، دەستوری بوونی پێشنیارە یاساکەی

سەلماندو داوایکرد پێشنیارە یاساکە بخرێتە بەرنامەی دانیشتنی پەرلەمان، بەڵام لەکۆتاییدا ئەم پێشنیارە یاسایەش رێڕەوی یاسایی خۆی تەواونەکرد.

4. رێکارەکانی بە پارێزگابوونی هەڵەبجە تەواو نەکران.

5. دابینکردنو دابەشکردنی نەوتی سپی بۆ هاووڵاتیان لە کاتی خۆیدا، لەکاتێکدا ئەو نەوتە حکومەتی ناوەندی دابینیدەکات.

6. نەتوانرا کێشەی بەنداوەکان و مووچەی فەرمانگە فیدراڵییەکانی هەرێم چارەسەر بکرێت، ئەگەرچی سەرۆک وەزیرانی عێراق بەڵێنیدابوو بە (هاوپەیمانی هیوا) بە زوویی کێشەی فەرمانگە فیدراڵییەکان و بەنداوەکان و شایستە داراییەکانی جوتیاران چارەسەر بکرێت و بەدواداچوون بۆ هەموو کێشەو گرفتەکانی تریش بکات.!

7. یەکلاییکردنەوەی بابەتی هێرشکردنە سەر (غالب محەمەد عەلی) نوێنەری پارێزگای سلێمانی لە (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) لە بەردەمماڵەکەی خۆیدا،پاش (9) مانگ، سەرەڕای گەیاندنی کەیسەکە بە (ئەنجومەنی باڵای دادوەریی عێراق).

**سێیەم/** نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی نەیانتوانی وەک یەک تیم لەخزمەتی پارێزگاکەدا بن، بۆ نموونە لە گرفتی دواکەوتنی مووچەی فەرمانگە فیدراڵییەکان و گرفتی پەنابەرە کوردەکان لە (بیلا روسیا)و گرفتی جوتیارانی هەرێم،

نوێنەران بەجیا کاریان لەسەر پرسەکان کرد، زۆر گرنگ بوو هەمووان بەیەک تیم داکۆکیان لەم پرسانە بکردایە.

**چوارەم/** بەشێوەیەکی گشتی زۆرجار نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی کاتێک بەدواداچوون بۆ پرسێک دەکەن، راستەوخۆ لە راگەیاندنەکان و سۆشیاڵ میدیادا بڵاویدەکەنەوە، بەبێ ئەوەی ئەنجامیان دەستکەوێت.

**پێنجەم/** چەند نوێنەرێکی پارێزگای سلێمانی لە دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەراندا ئامادەیی زۆر باشیان هەبووەو مودااخەلەی گرنگیان کردووە، لەوانەش (موسەنا ئەمین نادر) زۆرترین موداخەلەی هەبووە لە نێو دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا لە هەمانکاتدا نوێنەری دیکەش هەبوون بەدرێژایی ساڵەکە یەک جار یان هەر هیچ گفتوگۆیەکیان نەکردووە.

**شەشەم/** بەشێک لە نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە کۆبوونەوەکانی لیژنە هەمیشەییەکاندا، ئامادەیی باشیان هەبووەو بەشداریان هەبووە بە گفتوگۆو رەخنەو پێشنیار.

**حەوتەم/** بەشێک لە نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی راستەوخۆ تێکەڵی و دەرکەوتنیان لەگەڵ هاووڵاتیاندا نەبووە، چ لە رێگەی (نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)وە بوو بێت یان چ لە رێگەی چالاکییەکانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و فەرمانگە حکومیەکان و ...هتد.

**هەشتەم/** بەراورد بە ساڵی رابردوو پێگەی فەرمی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) ژمارەی چالاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای

سلێمانی و نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەران زیاتر بڵاو کردەوە، ئەگەرچی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی چالاکی زیاتریان ئەنجامداوە لە (بەغدادو هەولێرو سلێمانی و هەڵەبجە)، بەڵام پێگەکە وەک پێویست چالاکییەکانی بڵاونەکردوونەتەوە، لە کۆی (831) چالاکی بڵاوکراوەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە (2020/10/1 - 2021/9/30) تەنها (58) چالاکی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی بڵاوکردۆتەوە، وەک لەم خشتەیەی لایخوارەوەدا هاتووە:

خشتەی ژمارە (7)
چالاکی بڵاوکراوەی نوێنەرانی سلێمانی لە پێگەی فەرمی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)

| بابەت | 2019/10/1 – 2020/9/30 | 2021/10/1 – 2021/9/30 |
|---|---|---|
| کۆی گشتی چالاکی بڵاوکراوە | 793 | 831 |
| چالاکی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی | 21 | 58 |
| چالاکی نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەران | 1 | 10 |

## چوارەم/ هەوڵەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە رووی پراکتیکییەوە (ئەوانەی گەشتوونەتە تیمی پرۆژە).

1. هەریەکە لە (شیروان میرزا قادر) لە (2021/6/21)دا و (ئەحمەدی حەمە رەشید) لە (2021/6/22)دا بەمەبەستی پێدانی زانیاری و بەرچاوڕوونی لەسەر بابەتی (بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان) بەجیا سەردانی (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) و (قائیمقامیەتی هەڵەبجە)یان کرد.
2. پاش بەدواداچوونی (یوسف محەمەد سادق) بۆ کێشەی ناسنامەی باری کەسی و کارتی زانیاریی بەشێک لە هاووڵاتیانی قەزای (سەید سادق) و (ناحیەی خورماڵ)، رۆژی (2021/6/14) بانگهێشتی بەڕێوەبەری کاروباری شارستانی خورماڵ کرا بۆ بەغدا و لە ماوەی دوو رۆژدا بە سەردانی مەیدانی بۆ بەڕێوەبەرێیەتی گشتیی رەگەزنامە و باری شارستانی و بەڕێوەبەرێیەتی کاروباری شارستانیی سەر بە وەزارەتی ناوخۆی عێراق، رێکارەکانی چۆنیەتیی چارەسەری کێشەکەیان دەستنیشانکراو، ئێستا پرۆسەکە لە کۆتایی و چارەسەردایە.
3. توانرا بە هەوڵی بەردەوامی (موسەنا ئەمین نادر) (268) ملیار دیناری وەک شایستەداراییەکانی جوتیارانی هەرێم خەرج بکرێت.
4. بە هەوڵی هەریەکە لە (سەرکەوت لەتیف شەمسەدین و غالب محەمەد عەلی) توانرا سێ تاقیگە و (180) هەزار کیتی پشکنینی کۆرۆنا دابینبکرێت، دوو دانە لە سلێمانی و یەک دانەش بۆ کەلار وەک ناوەندی ئیدارەی گەرمیان. لەسەر ئەرکی وەزارەتی تەندروستی عێراقی فیدراڵ بۆ پشتیوانیکردنی هاووڵاتیانی

پارێزگای سلێمانی و گەرمیان و هەڵەبجە و راپەرین بێ بەرامبەر و بێ راوەستان رۆژانە نزیکەی سێ هەزار پشکنینی کۆرۆنا بۆ هاووڵاتیان دەکرێت و کارەکەش بە هەماهەنگی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی و کۆمپانیای ئیبن سینا جێبەجێکرا.

5. دوای چەندین بەدواداچوونی (رێزان دلێر مستەفا و رێبوار کەریم مەحمود و یوسف محەمەد سادق) توانرا کارئاسانی بکرێت بۆ رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەرێم لە کاتی تۆمارکردنیان لە (فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومیەکانی عێراق).

6. بەشێک لە نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی وەڵامی ئەرێنیان هەبوو بۆ رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و لە چالاکییەکانیاندا ئامادەییان هەبووە.

7. دوای چەندینجار سەردانیکردنی (بەهار مەحمود فەتاح)و چەند نوێنەرێکی دیکەو بانگهێشتکردنی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان توانرا دوای پەسەندکردنی یاسای تێچووی هەڵبژاردن، ڕەزامەندی وەربگیرێت بەگێڕانەوەی فەرمانبەرانی گرێبەستی کۆن لە کۆمسیۆن بە جۆرێک ژمارەی فەرمانبەرانی هەر وێستگەیەک لە (3)ەوە دەکرێتە (5) فەرمانبەر وەکو پارێزگاکانی دیکەی عێراق و بە شێوەی گرێبەستی کارپێکردن بێت، لە کۆی (840) فەرمانبەر (365)ی بەر سلێمانی دەکەوێت.

8. (ئارەزوو مەحمود خدر) ئەندامی لیژنەی (لاوان و وەرزش) زۆرترین تێکەڵی و بەسەرکردنەوەی هەبووە لەگەڵ وەزشەوانان و بەردەوام ئامادەیی هەبووە لە (سیمینارو کۆنگرەو رووداو بۆنە وەرزشیەکاندا.

# پـێـشـنـیـارو راسپاردەکان

بە مەبەستی باشتر بەڕێوەچوونی کارەکانی (نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) ئەم تەوەرو بابەتانە بە گرنگ دەزانین لە خولی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەراندا کاری زیاتریان لەسەربکرێت:

**یەکەم/** گرنگە نوێنەرانی نوێی پارێزگای سلێمانی لە خولی (پێنجەم)ی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)دا، بەرنامەو پلانێکی نووسراویان هەبێت بۆ خزمەتکردنی پارێزگای سلێمانی، راستە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران لەسەر ئاستی هەموو عێراق کاردەکەن، بەڵام لەهەمان کاتیشدا بە نوێنەرایەتی پارێزگاکانیان لە ئەنجومەنەکەن، بۆیە پێویستە پێشەنگی کاریان خزمەتکردنی پارێزگاکەیان بێت، لەبەرئەوە گرنگە زۆرترینی هەوڵەکانیان گفتوگۆو بەدواداچوون بێت بۆ کێشەکانی پارێزگاکەیان.

**دووەم/** گرنگە هاوکاری و هەماهەنگی بەردەوام هەبێت لەنێوان نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)و ئەندامانی (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی).

**سێیەم/** گرنگیدان بە ئامادەبوون لە (نووسینگەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) لە (سلێمانی)و (هەڵەبجە)،

بە مەبەستی بەردەوامیدان بە هاووڵاتیان و گوێگرتن لە داخوازیەکانیان.

**چوارەم/** بۆ دۆزینەوەی چارەسەری کێشەکانی تایبەت بە (پارێزگای سلێمانی) هەر (18) نوێنەرەکەی سلێمانی وەک یەک تیم کاربکەن.

**پێنجەم/** بەتەنها وروژاندنی هەندێک بابەت بۆ هاووڵاتیان گرنگ نییە، بەڵکو بڕیاردان لەسەر بابەتەکەو چارەسەرکردنی گرنگە.

**شەشەم/** بەشێوەیەکی بەردەوام بەدواداچوون بکرێت بۆ ئەو کێشانەی پارێزگای سلێمانی و فەرمانگە فیدڕاڵییەکان کە پەیوەستن بە حکومەتی فیدڕاڵییەوە.

**حەوتەم/** سەردانیکردنی دامودەزگا پەیوەندیدارەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکان بێت، نەک تەنها بۆ گفتوگۆکردنیان بێت.

**هەشتەم/** ئاڕاستەکردنی تەنها نووسراوێک بۆ لایەنی پەیوەندیدار بەس نییە، بەڵکو گرنگ بەدواداچوونی بەردەوامە تا چارەسەرکردنی کێشەکە.

**نۆیەم/** گرنگە لانیکەم نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی ساڵانە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا کارو چالاکییەکانی خۆیان و ڕێگریەکانی بەردەمیان بۆ هاووڵاتیان و ڕایگشتی رابگەیەنن.

**دەیەم/** گرنگیدان بە دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی و ڕێکخراوەکانی

کۆمەڵگەی مەدەنی لەپێناو خزمەتکردنی زیاتری هاووڵاتیاندا.

**یانزەیەم/** سوودوەرگرتن لە ئەزموون و شارەزایی ئەندامانی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجامدانی چەند کۆبوونەوەیکی راوێژکاری لەنێوان نوێنەرانی پێشووی پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی خولی نوێی ئەنجومەنی نوێنەراندا.

**دوازەیەم/** هەماهەنگی لەگەڵ نوێنەرانی فراکسیۆنەکانی پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق بۆ پاڵپشتیکردنی داخوازی و پێداویستییەکانی پارێزگای سلێمانی و بودجەی هەرێم لە یاسای بودجەی (2022).

# چالاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە
# (2021/9/30 - 2020/10/1)

## چەند تێبینییەک لەسەر چالاکیەکان:

**یەکەم/** بەشێک لە نوێنەران دەڵێن چالاکییان زۆرە بەڵام بڵاوی ناکەینەوە، بێگومان کاری پەرلەمانی و نوێنەرایەتی کارێکی خێرخوازی و مرۆیی نییە کە خاوەنەکەی نەیەوێت کەس ئاگادار بێت، (راستە هەندێک نوێنەر هەندێکجار یارمەتی هەژارو نەخۆشانی کەمدەرامەتیان کردووە، باسیشیان لێوەنەکردووە، ئەم جۆرە کارانە پێویستیان بە بڵاوکردنەوەو راگەیاندن نییە، چونکە کارێکی تایبەت و خێرخوازی و مرۆڤدۆستانەیە)، بەڵام پێویستە پەرلەمانتارو نوێنەری هەڵبژێردراو کارو چالاکییەکانیان ئاشکراو روونبن و بۆ رایگشتی بڵاوبکەنەوە، تەنانەت زۆر گرنگە لانیکەم لە ساڵێکدا دوو جار لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا کاروچالاکییەکانیان و رێگرییەکانی بەردەمیان بۆ هاووڵاتیان و رایگشتی بڵاوبکەنەوە، لە رۆژگاری ئەمرۆماندا زۆر زەحمەتە ئەگەر نوێنەرێکی هەڵبژێردراو دەستکەوتێکی بۆ هاووڵاتیان پێبێت، بەڵام لە سۆشیاڵ میدیای تایبەت بەخۆی بڵاوی نەکاتەوە، هەر بۆیە ئێمەش سۆشیاڵ میدیای نوێنەرانمان وەک یەکێک لە سەرچاوەکانی وەرگرتنی چالاکییەکان ئامادەپێداوە.

**دووەم/** لە راستیدا ئەوەی بەلای (رێکخراوی کوردستان بۆ هەموان)ەوە گرنگە، بریتییە لە هێنانەدی بەڵێنەکانی هەڵبژاردن و باشکردنی ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیان، وەک ئەوەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا وەک بەڵێن

دابوویانە هاووڵاتیان لە بەرامبەر دەرچوونیان و گەیشتن بە ئەنجومەنی نوێنەران، بەڵام بەداخەوە زۆربەی بەڵێنەکانی هەڵبژاردن نەهاتنەدی و دۆخی هاووڵاتیانیش بەرەوخراپتر چوو.

**سێیەم/** بۆ وەرگرتنی چالاکییەکان سودمان لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:

1. پێگەی ئەلیکترۆنی فەرمی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق).
2. نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.
3. پەڕەو ئەژماری کەسی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا.
4. ئەو چالاکیانەی کە تیمی پڕۆژە تیایاندا ئامادە بووبن.
5. ئەو چالاکییانەی (ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەموان) بۆ نوێنەرانی ئەنجامدا.

**چوارەم/** پێگەی ئەلیکترۆنی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) لە کۆی (831) چالاکی بڵاوکراوەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە (2020/10/1 - 2021/9/30) تەنها (58) چالاکی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی بڵاو کردۆتەوە چالاکییەکانی هەریەکە لە (ڕێزان دلێر مستەفا، موسەنا ئەمین نادر، ئارەزووو مەحمود خدر) لە ریزبەندی یەکەم و دووەم وسێیەمدان.

**پێنجەم/** نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە (2020/10/1 - 2021/9/30)دا ئەم چالاکیانەیان گەشتوونەتە تیمی پڕۆژە:

ئامادەبوون لە نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

1. سەردان و پێشوازی و بەدواداچوون بۆ وەزارەت و فەرمانگەو دامەزراوەکانی حکومەت چ لە هەرێمی کوردستان و چ لە عێراق بەمەبەستی بەدواداچوونی کێشەو گرفتی هاووڵاتیان یان کێشەو

گرفتی فەرمانگە فیدراڵییەکانی سلێمانی و جوتیاران و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگە.

2. بەشداریکردن لە چالاکی لەگەڵ چین و توێژەکان لە ڕێگەی ئامادەبوون لەو (**کۆبوونەوەو پانێل و ۆرکشۆپ و سیمینار و...هتد**) ئەوانەی کە وەزارەت و فەرمانگەو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی ئەنجامیانداوە لەسەر سێکتەرە جیاوازەکان.

3. بەشداریکردن لە کۆنگرە و کۆنفرانسەکان لەسەر هەر سێ ئاستی (**هەرێم، عێراق، جیهان**).

4. مەبەست لە چالاکی دیکە، بریتین لەو چالاکییانەی کە ناچنە نێو ئەو پۆلێنکارییەی کە لەم خشتەیەی خوارەوەدا ئاماژەیان بۆکراوە (لەوانەی گەشتوونەتە تیمی پرۆژە) کە کۆکردنەوەو جیاکردنەوەیان لەژێر یەک ناونیشاندا زەحمەتبوو.

5. لەم ساڵدا لەکۆی چالاکی (18) نوێنەری پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، تەنها چالاکی (15) نوێنەرمان بڵاو کردۆتەوە، لەبەرئەوەی:

**یەکەم/** هەریەکە لە (**بەختیار شاویس و تەها حەمەد ئەمین**) هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونیان وەک ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئامادەنەبوون بەشداری پرۆژەی (پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی) بکەن و تەنانەت ئامادەش نەبوون بۆ ماوەی (10) خولەک وەک هاووڵاتییەک سەردانیان بکەین.

**دووەم/** سەبارەت بە (**جوان ئیحسان فەوزی**) وەک پێشتر ئاماژەمان بۆکرد، لەسەرەتای ساڵی (2021)دا بەهۆی ناجێگیری باری تەندروستییەوە ڕەوانەی نەخۆشخانە کراو، هەتا ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، ناوبراو لەژێر چاودێری پزیشکیدایە.

## خشتەی ژمارە (9)
## چالاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لەماوەی (2020/10/1 - 2021/9/30)

| ژ | نوێنەر | ئامادەبوون لە نوسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق | سەردان و پێشوازی و بەدواداچوون و بەسەرکردنەوە | بەشداری چالاکی لەگەڵ چین و توێژەکان | بەشداری کۆنگرە و کۆنفرانس | چالاکی دیکە | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ڕێزان دلێر مستەفا | 14 | 35 | 29 | 2 | 2 | 82 |
| 2 | موسەنا ئەمین نادر | 7 | 25 | 6 | 1 | 6 | 45 |
| 3 | ئارەزوو مەحمود خدر | 0 | 33 | 4 | 2 | 5 | 44 |
| 4 | یوسف محەمەد سادق | 3 | 25 | 1 | 2 | 9 | 40 |
| 5 | ڕێبوار کەریم مەحمود | 8 | 16 | 4 | 0 | 7 | 35 |
| 6 | ئەحمەد حەمە ڕەشید | 2 | 20 | 3 | 1 | 5 | 31 |
| 7 | هۆشیار عەبدوڵا فەتاح | 3 | 18 | 0 | 0 | 5 | 26 |
| 8 | بەهار مەحمود فەتاح | 4 | 9 | 6 | 0 | 5 | 24 |
| 9 | غالب محەمەد عەلی | 6 | 13 | 0 | 0 | 5 | 24 |
| 10 | سەرکەوت لەتیف شەمسەدین | 3 | 16 | 1 | 0 | 3 | 23 |
| 11 | شیروان میرزا قادر | 3 | 13 | 1 | 0 | 5 | 22 |
| 12 | دانا محەمەد جەزا | 7 | 4 | 1 | 0 | 5 | 17 |
| 13 | یسری رجب کمر | 0 | 9 | 1 | 0 | 5 | 15 |
| 14 | حەسەن ئاڵی ئەحمەد | 0 | 4 | 3 | 0 | 5 | 12 |
| 15 | بڵێسە عبدالجبار فەرمان | 0 | 6 | 1 | 0 | 5 | 12 |
| | کۆی گشتی | 60 | 246 | 61 | 8 | 77 | 452 |


چالاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لەماوەی (1/10/2020 - 30/9/2021)
0
10
20
30
40
50
60
70
80
90
ڕێزان دلێر مستەفا
82
موسنا ئەمین نادر
45
ئارەزو مەحمود خدر
44
یوسف محەمەد سادق
40
ڕێبوار کەریم مەحمود
35
ئەحمەد حەمە ڕەشید
31
هۆشیار عەبدوڵا
26
بەهار مەحمود فەتاح
24
غالب محەمەد عەلی
24
سەرکەوت لەتیف شەمسەدین
23
شیروان میرزا قادر
22
دانا محەمەد جەزا
17
یسری رجب کمر
15
حەسەن ناڵی ئەحمەد
12
عبدالجبار فەرمان
12

# بەشی پێنجەم

- نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی و خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

لە (20218/9/1 - 2021/9/30)

- پاشکۆکان

# نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی و خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق
## (2021/9/30 - 20218/9/1)

لەم بەشدا چاوێکی خێرا دەخشێنینەوە بە خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە گشتی و نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنەکەدا:

## یەکەم/ تایبەت بە خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق:

بەشێوەیەکی گشتی ئەگەر سەیرێکی ئەم خولە بکەین پێکهاتن و هەڵبژاردنەکەی جێگەی رەزامەندی بەشێکی لایەنە سیاسییەکان نەبوو، جگە لەبەشدارییە لاوازەکەی دەنگدەرانیش لە پرۆسەی هەڵبژاردندا، هاوکات (وەک لە راگەیاندنەکانەوە بڵاوکرایەوە) ساختەکارییەکی زۆریش لە پرۆسەکەدا کرا، بۆیە خولی چوارەم لە ئاست خواستی زۆربەی هاووڵاتیاندا نەبوو، تەنانەت بۆ پەسەندکردنی پرۆژە یاسای بودجە نزیکەی (5) مانگی خایاند کە دەتوانین ئەمە بە یەکێک لە نەنگییەکانی ئەم خولە دابنێین، لە کۆتاییشدا تا سیاسییەکان رێکنەکەوتن، ئەنجومەنی نوێنەرانیش نەیتوانی یاساکە پەسەند بکات، لەم ماوەیەدا قەیرانەکان لە زیادبووندان، تا کار گەیشتە ئەوەی داوای هەڵبژاردنی پێشوەختە کراو ئەنجومەنی نوێنەران خۆی هەڵوەشاندەوە، لەم چەند خاڵەدا چاوێکی خێرا بە ئەنجومەنەکەدا دەخشێنین.

## کارایی ئەنجومەنی نوێنەران:

مەبەست لە کارایی ئەنجومەنی نوێنەران ئەم خاڵانەی خوارەوەیە:

1. ئەنجامدانی دانیشتنەکانی ئەنجومەن بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و لە کاتی خۆیدا.
2. ئامادەبوونی ئەندامان.
3. جێبەجێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کاری دانیشتنەکان.
4. کاری لیژنە هەمیشەییەکان.

### 1. دانیشتنەکانی ئەنجومەن/

ئەنجومەنی نوێنەران لە دانیشتنی ژمارە (9)یدا لە بەرواری (2019/4/23)دا ژمارەی دانیشتنەکانی لە مانگێکدا دیاریکردووە کە بریتییە لە ئەنجامدانی (8) دانیشتن لە مانگێکدا، بڕگەی سێیەمی ماددەی (22)ی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەران دەڵێت: (دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران لانیکەم دوو ڕۆژ لە یەك هەفتەدا دەبەسترێت، دەستەی سەرۆکایەتیش دەتوانێت ماوەکەی درێژبکاتەوە یان دیارییبکات بەپێی پێویست.) لەگەڵ ئەوەشدا ئەنجومەنی نوێنەران نەیتوانیوە هەموو مانگێك (8) دانیشتنەکەش ئەنجامبدات.

لەماوەی ئەم خولەدا ئەنجومەنی نوێنەران (149) دانیشتنی ئەنجامداوە، واتە بۆ هەر ساڵێک نزیکەی (50) دانیشتن ئەنجامدراوە. بەراورد بە خولەکانی دیکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ژمارەی دانیشتنەکان زۆر کەمیان کردووە.

**خشتەی ژمارە (10)**

**دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (2006 - 2021)**

| خول | ژ. دانیشتنەکان |
|---|---|
| یەکەم/ (2006-2010) | 355 |
| دووەم/ (2010-2014) | 255 |
| سێیەم/ (2014-2018) | 278 |
| چوارەم/ (2018 - 2021) | 149 |

## 2. ئامادەبوونی ئەندامان لە دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەراندا:

ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە (329) ئەندام پێکدێت، بەڵام لە ماوەی ئەم خولەیدا لە هیچ دانیشتنێکدا سەرجەم (329) ئەندامەکەی ئامادەنەبوون.

دەستەی سەرۆکایەتی ناوی نەهاتن (غیاب)ی ئەندامانی بەشێوەیەکی بەردەوام بڵاونەکردۆتەوە، بەمەش پێشێلی بڕگەی یەکەمی ماددەی (18)ی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی کردووە، کە دەڵێت: (ئامادەبوون و نەهاتنی ئەندامان لە بڵاوکراوەی ئاسایی ئەنجومەن و یەکێك لە ڕۆژنامەکاندا بڵاودەکرێتەوە.)

## 3. جێبەجێکردنی ئەو بڕگانەی لە بەرنامەی کاری دانیشتنەکاندا هاتوون.

**یەکەم/** ئەو بڕگانەی کە دیاریدەکران بۆ بەرنامەی کاری دانیشتنەکان زۆربەیجار هەموو بڕگەکان جێبەجێنەکراون بۆ نموونە لە کۆی (301) بڕگە تەنها (214) بڕگەیان گفتوگۆیان لەسەر کراوە، ئەمە جگەلەوەی هەندێك لەو بڕگانەی دەخرانەوە دانیشتنەکانی داهاتووەوە، دواتریش هەندێکیان هەر نەدەخرانەوە

**بەرنامەی کارەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەنجومەنی نوێنەران نەیەتوانیوە ئەو بەرنامەیە جێبەجێبکات کە خۆی دایدەنا.**

**دووەم/ هەندێک دانیشتنی ئەنجومەن پێچەوانەی بڕگەی یەکەمی ماددەی (9)ی پەیڕەوی ناخۆی ئەنجومەنەکەن، چونکە بەبێ بەرنامەی کار ئەنجامدەدران و لە بڕگەکەدا هاتووە**(ڕێکخستنی کارنامەی هەموو دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکی لیژنەی پەیوەندیدار یان نوێنەری لیژنەکان و دابەشکردنی بەسەر ئەندامان و ئەندامانی ئەنجومەنی دەستەی سەرۆکایەتی وئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران.....) **هەروەها لە بڕگەی یەکەمی ماددەی (٣٧)دا هاتووە:** (دەستەی سەرۆکایەتی کارنامەی دانیشتنەکانی هەفتەیەکی ئەنجومەن بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکی لیژنە پەیوەندیدارەکان دادەنێت و لانیکەم پێش دوو ڕۆژ لە ئەنجامدانی یەکەم دانیشتنی هەفتە دابەشدەکرێت بەسەر ئەندامانـدا یان پێیانڕادەگەیەنرێت...)

## 4. کاری لیژنە هەمیشەییەکان:

**یەکەم/ بەشێک لە لیژنە هەمیشەییەکان تا کۆتاییهاتنی ئەم خولەی ئەنجومەن پێکهاتەکەیان تەواونەکراوە، بۆ نموونە هەندێکیان سەرۆکیان بۆ دیارینەکراوە، هەروەها هەندێکی دیکەیان جێگری سەرۆکی لیژنەیان نەبووە، ئەمە جگە لەوەی ئەو ئەندامانەی کە سوێندی یاساییان نەخواردووە لە ئەنجومەن دەستبکارنەبوون، ناویان لە نێو ئەندامانی لیژنەکاندا هاتووە.**

**دووەم/ (17) ئەندام ناویان زیاتر لە لیژنەیەکدا هاتووە و (12) ئەندامیش لە هیچ لیژنەیەکدا ناویان نییە.**

## دووەم/ نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی و لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە (2021/9/30 - 20218/9/1)

لەسەرەتای ئەم خولەدا، نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی بەمشێوەیە بەسەر لیژنە هەمیشەییەکاندا دابەشکران.

**یەکەم/** دوو لە نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی بۆ ئەندامێتی لیژنەی کۆمەڵگەی مەدەنی، کە ئەم لیژنەیە نە سەرۆکی هەیەو نە جێگری سەرۆک.

**دووەم/** (8) نوێنەری پارێزگای سلێمانی بۆ ئەندامێتی لە لیژنەکانی (یاسایی، پەیوەندییەکانی دەرەوە، هەرێمەکان و پارێزگاکانی ڕێکنەخراو لە هەرێمێکدا، کۆمەڵگەی مەدەنی، ژنان و خێزان و منداڵ، ڕاگەیاندن و پەیوەندیەکان، نەوت و وزە، چاودێریکردنی جێبەجێکردنی بەرنامەی حکومی و پلانی ستراتیژی) کەژمارەی ئەندامانیان جوتە و ئەمەش پێچەوانەی (پەیڕەوی ناوخۆیە) کە پێویستە ژمارەی ئەندامەکانی هەر لیژنەیەک تاک بن.

**سێیەم/** لە (2021/2/2)دا لیژنە هەمیشەییەکان نوێکرانەوەو، هەریەکە لەم لیژنانە گۆڕانکارییان بەسەرداهات بەم شێوەیە:

خشتەی ژمارە (11)

گۆڕانكاری لە لیژنە هەمیشەییەكاندا

| ز | لیژنە | نوێنەر |
|---|---|---|
| 1 | پەیوەندییەكانی دەرەوە | موسەننا ئەمین نادر<br>دانا محەمەدجەزا |
| 2 | چـــــاودێریكردنی جێبەجێكردنـــــی بەرنامەی حكومی و پلانی ستراتیژی | بلێسە عبدالجبار فرمان<br>سەركەوت لەتیف شەمسەدین |
| 3 | دەستپاكی | ڕێبوار كەریم مەحمود |
| 4 | ژنان و خێزان | ڕێزان دلێر مستەفا |
| 5 | ڕاگەیاندن و پەیوەندیەكان | |

خشتەی ژمارە (12)

نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی و یاسا دەرچوێنراوەكان و خوێندنەوەی یاساكان

| لیژنە | خوێندنەوەی یەكەم | خوێندنەوەی دووەم | یاسای دەرچوێنراو |
|---|---|---|---|
| پەیوەندییەكانی دەرەوە | 58 | 46 | 21 |
| دارایی | 28 | 26 | 9 |
| یاسایی | 42 | 29 | 7 |
| لاوان و وەرزش | 3 | 3 | 2 |
| كۆمەڵگەی مەدەنی | 6 | 3 | 1 |
| هەرێمەكان و پارێزگاكانی ڕێكنەخراو لە هەرێمێكدا | 2 | 2 | 1 |
| ژنان و خێزان و منداڵ | 5 | 2 | 0 |
| مافەكانی مرۆڤ | 8 | 6 | 0 |
| دەستپاكی | 5 | 4 | 0 |
| نەوت و وزە | 3 | 3 | 0 |
| چاودێریكردنی جێبەجێكردنی بەرنامەی حكومی و پلانی ستراتیژی | 2 | 1 | 0 |
| ڕاگەیاندن و پەیوەندیەكان | 2 | 2 | 0 |
| كۆی گشتی | 164 | 127 | 41 |

خشتەی ژمارە (13)

نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی و کۆبوونەوەی لیژنە هەمیشەییەکان

| لیژنە | ژ. کۆبوونەوە |
|---|---|
| دارایی | 93 |
| یاسایی | 72 |
| پەیوەندییەکانی دەرەوە | 37 |
| مافەکانی مرۆڤ | 27 |
| چاودێریکردنی جێبەجێکردنی بەرنامەی حکومی و پلانی ستراتیژی | 27 |
| لاوان و وەرزش | 26 |
| نەوت و وزە | 23 |
| ژنان و خێزان و منداڵ | 19 |
| دەستپاکی | 19 |
| هەرێمەکان و پارێزگاکانی ڕێکنەخراو لە هەرێمێکدا | 10 |
| ڕاگەیاندن و پەیوەندیەکان | 9 |
| کۆمەڵگەی مەدەنی | 8 |
| کۆی گشتی | 370 |

# چالاکییەکانی (نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی) لە خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا

**یەکەم/** چالاکییەکـــانی نـــوێنەرانی پارێزگـــای ســـلێمانی لە مـــاوەی ســـێ ســـاڵی خـــولی چـــوارەمی ئەنجـــومەنی نـــوێنەرانی عێـــراق، لەوانەی کە گەیشـــتوونەتە تیمـــی پرۆژەی (پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی) بریتین لە:

**ئامـــادەبوون لە نووســـینگەی ســـلێمانی ئەنجـــومەنی نوێنەرانی عێراق**
**سەردان و بەدواداچوون و پێشوازی**
**بەشداری لە کۆنگرە و کۆنفرانس و.... هتد.**

بەراورد بە دوو ســـاڵی رابـــردوو، لە ئەمســـاڵدا تاراددەیـــک ژمارەی چالاکییەکانی نوێنەران زیادیانکردووە.

**خشتەی ژمارە (15)**
**کۆی گشتی چالاکییەکانی (نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی) لە ماوەی خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا**

| ساڵ | ژمارەی چالاکی |
|---|---|
| ساڵی یەکەم | 406 |
| ساڵی دووەم | 401 |
| ساڵی سێیەم | 452 |
| کۆی گشتی | **1259** |

**دووەم/** لەم بەشـــــەدا ئامـــــاژە بە کــــۆی ئەو چالاکییـــــانە دەکەیـــــن لە مـــــاوەی ســـــێ ســـــاڵی خـــــولی چـــــوارەمی (ئەنجـــــومەنی نـــــوێنەرانی عێـــــراق)دا لەلایەن نـــــوێنەرانی پارێزگـــــای ســـــلێمانیەوە ئەنجامـــــدراون و گەشـــــتونەتە تیمـــــی پـــــرۆژە و (رێکخـــــراوی کوردســـــتان بـــــۆ هەمـــــوان) لە راپۆرتەکانی ساڵانی رابردوودا بەجیا بڵاویکردوونەتەوە.

**ســـــێیەم/** (رێـــــزان دلێـــــر مســـــتەفا) لە (2020/5/7)دا وەک ئەنـــــدامی خـــــولی چـــــوارەمی ئەنجـــــومەنی نـــــوێنەران ســـــوێندی یاســـــایی خـــــواردو دەســـــتبەکاربوو، بـــــۆیە لە ســـــاڵی یەکەمـــــدا ناوبراو چالاکی نەبووە.

**(2021 - 2018)**

| ز | نوێنەر | ساڵی یەکەم | ساڵی دووەم | ساڵی سێیەم | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ڕێزان دلێر مستەفا | 0 | 46 | 82 | 128 |
| 2 | موسەنا ئەمین نادر | 43 | 36 | 45 | 124 |
| 3 | ئارەزو مەحمود خدر | 29 | 41 | 44 | 114 |
| 4 | ئەحمەد حەمە ڕەشید | 44 | 25 | 31 | 100 |
| 5 | ڕێبوار کەریم مەحمود | 34 | 28 | 35 | 97 |
| 6 | یوسف محەمەد صادق | 21 | 27 | 40 | 88 |
| 7 | غالب محەمەد عەلی | 28 | 34 | 24 | 86 |
| 8 | بەهار مەحمود فەتاح | 38 | 23 | 24 | 85 |
| 9 | شیروان میرزا قادر | 34 | 27 | 22 | 83 |
| 10 | دانا محەمەد جەزا | 35 | 23 | 17 | 75 |
| 11 | هۆشیار عەبدوڵا فەتاح | 27 | 22 | 26 | 75 |
| 12 | سەرکەوت لەتیف شەمسەدین | 23 | 27 | 23 | 73 |
| 13 | یوسرا ڕەجەب کمر | 24 | 14 | 15 | 53 |
| 14 | حەسەن ئاڵی ئەحمەد | 15 | 15 | 12 | 42 |
| 15 | بڵێسە عبدالجبار فەرمان | 11 | 13 | 12 | 36 |
| کۆی گشتی | | 406 | 401 | 452 | **1259** |



(ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەموان) و نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی)

# لە خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا
## (2021/9/30 - 2018/9/1)

لە سەرەتای خولی سێیەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا لە (2018/9/1)دا (ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەموان) لە چوارچێوەی پرۆژەی (پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی) هەستا بە دروستکردنی پەیوەندی و سەردانیکردنی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی بەمەبەستی ناساندنی ڕێکخراو و چالاییەکانی پرۆژەی (پارێزگای سلێمانیو نوێنەرانی)، بەخۆشحاڵییەوە لە کۆی (18) نوێنەری پارێزگای سلێمانی (16) نوێنەریان پرۆژەکەیان بەلاوە پەسەندبوو.

**خشتەی ژمارە (17)**

(نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی) و (ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەموان) بە ژمارە

| ژ | چالاکی | ژمارە |
|---|---|---|
| 1 | ئامادە و پێشکەشکردنی بەرنامەی رادیۆیی راستەوخۆ. | 27 |
| 2 | ئەنجامدانی گفتوگۆیکراوە لە نێوان نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی و چین و توێژەکانی پارێزگای سلێمانی. | 4 |
| 3 | ئەنجامدانی گفتوگۆیکراوە لە نێوان نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی و فەمانگە فیدالییەکانی | 9 |
| 4 | ئەنجامدانی گفتوگۆیکراوە لە نێوان نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. | 2 |
| 5 | بەشداریکردنی هاووڵاتیان لە گفتوگۆکراوەکاندا. | 211 |
| 6 | بەشداریکردنی فەرمانبەرانی فەرمانگە فیدرالییەکان لە گفتوگۆکراوەکاندا. | 132 |
| 7 | بەشداریکردنی نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە گفتوگۆکراوەکاندا. | 68 |
| کۆی گشتی | | 453 |

**خشتەی ژمارە (18)**

بەشداریکردنی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی بۆ بەرنامە رادیۆییە راستەوخۆکان

| ساڵی یەکەم | ساڵی دووەم | ساڵی سێیەم |
|---|---|---|
| ئەحمەد حەمە رەشید | یوسف محەمەد سادق | دانا محەمەد جەزا |
| بەهار مەحمەد فەتاح | شیروان میرزا قادر | موسەنا ئەمین نادر |
| شیروان میرزا قادر | ئەحمەد حەمە رەشید | رێزان دلێر موستەفا |
| دانا محەمەد جەزا | هوشیار عەبدوڵا فەتاح | شیروان میرزا قادر |
| سەرکەوت لەتیف شەمسەدین | دانا محەمەد جەزا | رێبوار کەریم مەحمود |
| موسەنا ئەمین نادر | یوسرا رەجەب کمر | ئارەزوو مەحمود خدر |
| ئارەزوو مەحمود خدر | ئارەزوو مەحمود خدر | - |
| غالب محەمە عەلی | رێبوار کەریم مەحمود | - |
| رێبوار کەریم مەحمود | موسەنا ئەمین نادر | - |
| حەسەن ئاڵی ئەحمەد | سەرکەوت لەتیف شەمسەدین | - |

**خشتەی ژمارە (19)**

## بەشداریکردنی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە گفتوگۆکراوەکاندا.
(2018 - 2021)

| ز | ڕێکەوت | گفتوگۆیکراوە | نوێنەری بەشداربوو |
|---|---|---|---|
| 1 | 27/8/2019 | گرفتەکانی سێکتەر وەرزش | ئارەزو مەحمود |
| 2 | 28/8/2019 | نوێنەران و هاووڵاتیان | دانا جەزا |
| 3 | 31/8/2019 | گرفتەکانی سێکتەری خوێندنی باڵا | یوسف محەمەد - بەهار مەحمود |
| 4 | 2/9/2019 | بودجە و مووچە و داهات | ئەحمەد حاجی رەشید - شیروان میرزا |
| 5 | 25/8/2020 | گرفتەکانی (کۆمەڵگەی بەرێوەبەرایەتیەکانی بازرگانی سلێمانی) | ئەحمەد حاجی رەشید |
| 6 | 22/2/2021 | گرفتەکانی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی | رێزان شێخ دلێر- د. ریبوار کریم |
| 7 | 5/5/2021 | گرفتەکانی بەرێوەبەرایەتی بەنداوی دەربەندیخان | موسەنا ئەمین نادر |
| 8 | 18/5/2021 | گرفتەکانی بەرێوەبەرایەتی بەنداوی دوکان | ئەحمەد حاجی رەشید |
| 9 | 20/5/2021 | گرفتەکانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی (1) | رێزان شێخ دلێر- رێبوار کەریم |
| 10 | 25/5/2021 | گرفتەکانی بەرێوەبەرایەتی گرتووخانەی سوسێ | بەهار محمود - ئارەزو مەحمود |
| 11 | 15/6/2021 | گرفتەکانی پۆلیسی گومرگی سلێمانی | رێبوار کەریم - دانا جەزا |
| 12 | 16/6/2021 | گرفتەکانی پۆلیسی گومرگی رانیە | شیروان میرزا قادر |
| 13 | 21/6/2021 | لیوای سێی پۆلیسی پاسەوانی سنور/ سلێمانی | بەهار مەحمود - حەسەن ئاڵی |
| 14 | 12/7/2021 | گرفتەکانی فەرمانگەکانی (کارتی نیشتمانی، رەگەزنامە، نشینگە) ئیدارەی راپەرین | شیروان میرزا قادر - ئارەزو مەحمود |
| 15 | 29/7/2021 | گرفتەکانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی (2) | رێزان شێخ دلێر- رێبوار کەریم |

# پاشکۆی وێنەکان

# نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە

# ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

# ملحق الصور

# ممثلوا محافظة السليمانية

# في مجلس النواب العراقي

## یەکەم/ گفتوگۆیکراوە لە نێوان نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی و فەرمانگە فیدراڵییەکان

## اولا/ جلسات الحوارية بين ممثلي محافظة السليمانية والدوائر الاتحادية




یەکەم/گفتوگۆیکراوەی (ڕێزان شێخ دلێر - د. ڕێبوار کەریم) لەگەڵ فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی

اولا/ جلسة حوارية (ريزان شيخ دلير - د. ريبوار كريم) مع مطار السليمانية الدولي





دووەم/گفتوگۆیکراوەی (موسەنا ئەمین نادر) لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی بەنداوی دەربەندیخان

ثانيا/ جلسة حوارية (د. مثنى امين نادر) مع مديرية سد دربنديخان






سێیەم/گفتوگۆیکراوەی (ئەحمەد حەمە رەشید) لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی بەنداوی دوکان

ثالثا/ جلسة حوارية بين (احمد حمة رشيد) مع مديرية سد دوكان





چوارەم/گفتوگۆیکراوەی (بەهار مەحمود - ئارەزوو محمود)لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گرتووخانەی سوسێ

رابعا/ جلسة حوارية (بهار محمود - ئارزو محمود) مع مديرية سجن سوسي





پێنجەم/گفتوگۆیکراوەی (رێبوار کەریم - دانا جەزا) لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گومرگی سلێمانی

خامسا/ جلسة حوارية ( ريبوار كريم - دانا جزا) مع مديرية شرطة كمارك السليمانية






**شەشەم/گفتوگۆیکراوەی (شیروان میرزا قادر) لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گومرگی ڕانیە**

**سادسا/ جلسة حوارية (شيروان ميرزا قادر) مع مديرية شرطة كمارك رانية**






حەوتەم/گفتوگۆیکراوەی ( بەهار مەحمود - حەسەن ئاڵی) لەگەڵ پۆلیسی پاسەوانی سنور

سابعا/ جلسة حوارية (بهار محمود - حسن الي) مع شرطة حرس حدود





**هەشتەم/گفتوگۆیکراوەی (شیروان میرزا - ئارەزوو محمود) لەگەڵ فەرمانگەکانی (کارتی نیشتمانی، نشینگە، کارتی زانیاری)ی ئیدارەی راپەڕین**

**ثامنا/ جلسة حوارية (شيروان ميرزا - ارزو محمود) مع (البطاقة الوطنية، الاقامة، بطاقة المعلومات) ادارة رابرين**



## دووەم/ گفتوگۆیکراوە نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

## ثانيا/ جلسات الحوارية ممثلي محافظة السليمانية ومنظمات المجتمع المدني



نۆیەم/گفتوگۆیکراوەی یەکەمی (ڕێزان دلێر مستەفا - ڕێبوار کەریم محمود) لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

تاسعا/ جلسة حوارية الاولى (ريزان دلير مصطفى - ريبوار كريم) مع منظمات المجتمع المدني






دەیەم/گفتوگۆیکراوەی دووەمی (ڕێزان دلێر مستەفا - ڕێبوار کەریم محمود) لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

عاشرا/ جلسة حوارية الثانية (ريزان مصطفى دلير - ريبوار كريم محمود) مع منظمات المجتمع المدني



## سێیەم/ گفتوگۆیکراوەی تایبەت بە یاسای نوێی هەڵبژاردنەکانی عێراق

## ثالثا/ جلسات الحوارية حول قانون الانتخابات العراقية الجديدة




یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق - لە نێوان بەرژەوەندی هاووڵاتیان و بەرژەوەندی لایەنە سیاسییەکاندا

قانون الانتخابات العراقية بين مصلحة المواطنين و مصلحة الاحزاب السياسية






## بەراوردێک لە نێوان یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق و یاسای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان

### مقارنة بين قانون الانتخابات العراقية و قانون الانتخابات الاقليم كوردستان



# بەشێک لە چالاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی
# قسم من نشاطات ممثلي محافظة السليمانية

یەکەم: گوێرگرتن لە سکاڵاو داوای هاووڵاتیان لە نوسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەران

اولا: الاستماع لشكاوى واسئلة المواطنين في مكتب السليمانية لمجلس النواب







مجلس النواب العراقي
ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق
مكتب السليمانية




مجلس النواب العراقي
ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق
مكتب السليمانية


مجلس النواب العراقي
ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق




مجلس النواب العراقي
ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق



سەردانیکردنی فەرمانگەی کاروباری پەرلەمانی لە پێناو کاراکردنی ڕۆڵی نوسینگەکان بۆ خزمەتکردنی هاوڵاتیان و پتەوکردنی ڕۆڵی چاودێری و نوێنەرایەتیکردنی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران.

زيارة دائرة الشؤون النيابية لاجل تفعيل دور المكاتب بما يلائم الطموح المرجوة من المكاتب في خدمة المواطنين والعمل لتطوير الدور الرقابي والتمثيلي لآعضاء مجلس النواب.



گفتوگۆکردن لەبارەی گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ کاراکردنی ڕۆڵی پەرلەمانتاران و نوسینگەکانی ئەنجومەنی نوێنەران لەپارێزگاکاندا

مناقشة السبل الكفيلة لتفعيل دور النواب ومكاتب مجلس النواب فى المحافظات

## دووەم: سەردانیکردن و بەسەرکردنەوەی بەشێک لە فەرمانگەکانی پارێزگای سلێمانی

## ثانيا: زيارة وتفقد بعض دوائر محافظة السليمانية

سەردانیکردنی بەشێک لە نوێنەران بۆ پارێزگای سلێمانی

زيارة بعض النواب الى محافظة السليمانية










شاندێکی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لەگەڵ بەرپرسانی تەندروستی سلێمانی کۆدەبنەوە سەبارەت بە بەرزبوونەوەی ڕێژەی تووشبووان و قوربانییانی (کۆڤید19).

وفد نواب السليمانية يجتمع مع مسؤولي الصحة في السليمانية لمباحثة ازدياد اعداد مصابي وضحايا (كوفيد 19).




سەردانیکردنی (موسەنا ئەمین) بۆ بەڕێوەبەرایەتی دانەوێڵەو خۆراك بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی کێشەو گرفتەکانیان

زيارة (مثنى امين) الى مديرية الحبوب والمواد الغذائية لمناقشة مشاكلهم



کردنەوەی پرۆژەی پەرەپێدانی توانای تاقیگەکانی تایبەت بە دیاریکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەلایەن (سەرکەوت لەتیف و غالب محەمەد)

افتتاح مشروع تطوير قدرات المختبرات الخاصة بتشخيص فايروس كورونامن قبل (سركوت لطيف و غالب محمد)



سەردانیکردنی (ڕێزان دلێر مستەفا) بۆ قائیمقامیەتی قەزای کفری

زيارة (ريزان دلير مصطفى) الى قائمقامية قضاء كفري



**بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژئاوا ڕێزلێنان دەبەخشێتە (حەسەن ئاڵی) لە بەرامبەر خزمەتکردنی خوێندنگەی (راستگۆی بنەڕەتی).**

**مديرية التربية شرق السليمانية تقدم شكر وتقدير ل( حسن الي) بعد تقديم المساعدة لمدرسة (راستكو الاساسية).**




**سەردانیکردنی (ئارەزوو مەحمود) بۆ (ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەموان)**

**زيارة (ارزو محمود) الى منظمة كوردستان للجميع**



سەردانیکردنی (سەرکەوت لەتیف شەمسەدین) بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چەند پرسێک.
زيارة (سركوت لطيف شمس الدين) لمناقشة بعض المسائل



سەردانیکردنی (ئەحمەد حەمە رەشید) بۆ قائیمقامیەتی قەزای هەڵەبجە بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان
زيارة (احمد حمة رشيد) الى قائمقامية حلبجة لمناقشة بخصوص ميزانية تنمية المحافظات

## سێیەم/ چالاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە بەغداد

## ثالثا: قسم من نشاطات ممثلي السليمانية في بغداد



به ئامادەبوونی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی، گفتوگۆکردن لەسەر چەند پرسێکی تایبەت بە هەرێمی کوردستان

بحضور نواب السليمانية، مناقشة بعض المسائل المتعلقة بالاقليم كوردستان



بەئامادەبوونی وەزیری بازرگانی عێراق و نوێنەری جوتیارانی هەرێم، سەردانیکردنی (موسەنا ئەمین و غالب محەمەد) بۆ لای سەرۆک کۆماری عێراق، بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی خەرجنەکردنی گەنمی جوتیارانی هەرێمی کوردستان

بحضور وزير الزراعة و ممثل فلاحي اقليم زيارة (مثنى امين وغالب محمد) الى رئيس الجمهورية لمناقشة مشكلة عدم صرف مستحقات فلاحي اقليم كوردستان.



سەردانیکردنی (ریژان دلێر مستەفا) بۆ وەزارەتی ناوخۆ لەسەر چەند پرسێکی تایبەت بەژیانی هاوڵاتیان بەگشتی و ژنان بەتایبەتی

زيارة (ريزان دلير مصطفى) الى وزارة الداخلية لمناقشة مشاكل المواطنين بشكل عام و المراءة بشكل خاص



بە ئامادەبوونی (یوسف محەمەدو ڕێبوار کەریم و ڕێزان دلێر) بۆ گفتوگۆکردن لە بارەی کێشەی تۆماری ڕێکخراوەکانی هەرێم لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکانی عێراق

بحضور (يوسف محمەد و ريبوار كريم و ريزان دلير)مناقشة مشاكل التسجيل في منظمات المجتمع المدني اقليم كوردستان في دائرة منظمات المجتمع المدني العراقي



به ئامادەبوونی (ئارەزوو محمود)گفتوگۆکردنی کێشەو گرفتەکانی بەردەم پێشکەوتنی وەرزش و لاوان لەگەڵ سەرۆککۆماری عێراق

بحضور (ارزو محمود)مناقشة مشاكل امام تطوير الرياضة و الشباب مع رئيس الجمهورية



سەردانیکردنی (موسەنا ئەمین) بۆ بەشی یاسایی ئەمینداریێتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چەند گرفتێکی هاوڵاتیان.

زيارة (مثنى امين) الى الدائرة القانونية في الامانة العامة لمجلس الوزراء لمناقشة بعض مشاكل المواطنين.



**سەردانیکردنی (ئەحەمەد حەمە رەشید، سەرکەوت لەتیف، غالب محەمەد) بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ بەدواداچوون بۆ گرفتی جوتیارانی هەرێمی کوردستان**

**زيارة (احمد حمه رشيد، سركوت لطيف، غالب محمد) الى وزارة الزراعة لمتابعة مشاكل فلاحي اقليم كوردستان**



**(ئەحەمەد حەمە رەشید) جوتیارانی پێنجوێن دەگەیەنێتە وەزارەتی کشتوکاڵ**

**(احمد حمه رشيد) يرافق فلاحي بينجوين الى وزارة الزراعة**



سەردانیکردنی (بەهار مەحمود، ئارەزوو مەحمود) بۆ وەزارەتی داد بەمەبەستی بەدواداچوونی کێشەو گرفتەکانی بەندیخانەی سوسێی فیدراڵی

زيارة (بهار محمودو ارزو محمود) الى وزير العدل لمتابعة مشاكل مديرية سجن سوسى الفيدرالي




کۆڕبەندێککراوە بۆ (موسەنا ئەمین) تایبەت بە پارێزگا بوونی هەڵەبجە

ندوة مفتوحة لـ(مثنى امين) حول استحداث محافظة حلبجة




## ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی شەشەم ڕاپۆرتی (پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی)

## نشر واعلان تقرير السادس (محافظة السليمانية و ممثلوها)






**ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی شەشەم ڕاپۆرتی (پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی)**

**نشر واعلان تقرير السادس (محافظة السليمانية و ممثلوها)**






راگەیاندن و بڵاوکردنەوەی شەشەم راپۆرتی (پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی)
نشر واعلان تقرير السادس (محافظة السليمانية و ممثلوها)



## بڵاوکردنەوەکانی (ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەموان)

## منشورات (منظمة كوردستان للجميع)



مؤسسة مدارك
لدراسة آليات الرقي الفكري
منظمة غير حكومية

FOUNDATION
MADARIK
FOR STUDYING THE MECHANISMS
OF CONCEPTUAL PROMOTION
NGO

العدد: ٤٦٣
التاريخ: ١٠/٢/٢٠٢١

مؤسسة مدارك لدراسة آليات الرقي الفكري منظمة غير حكومية

الى / منظمة كردستان للجميع

م/ شكر وثناء

تحية طيبة

**سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی**

# دانیشتنی ژمارە (68)

رۆژ: سێشەممە
رێکەوت: 2021/9/7
کات: 10:30
ئامادەبووان: 26
ئامادەنەبووان: 6
کارنامەی کۆبوونەوە:

1. دەنگدان لەسەر بەخشینی بەڕێز (ژیلوان عادل شکور) لە پۆستی بەڕێوەبەری ناحیەی شێخ تەویل سەربە قەزای کەلار لە ئیدارەی گەرمیان.
2. دەنگدان لەسەر پەسەندکردنی پاڵێوراو بەڕێز (دانا أحمد محمد کریم) بە بەڕێوەبەری ناحیەی شێخ تەویل سەربە قەزای کەلار لە ئیدارەی گەرمیان.
3. دەنگدان لەسەر لادانی بەڕێز (دەرون عمرمحمود) لە پۆستی بەڕێوەبەری گشتی (بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان)
4. دەنگدان لەسەر پەسەندکردنی پاڵێوراوان بۆ پۆستی بەڕێوەبەری گشتی (بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان)

پاڵێوراوان:

1- ژیلوان عادل شکور
2- سیروان محمد عزیز
3- نشاد عمر علی

# بڕیارەکان

## بڕیاری ژمارە (19) ی ساڵی 2021

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پاڵپشت بە بڕگەی یەکەم و یازدەهەمی هەموارکراو لەماددەی (10) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن لە کۆبوونەوەی ئاسایی ژمارە (68) شەست و هەشت هەمینی خۆیدا لە بەرواری (2021/9/7) لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، بە سەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن و ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی و ئامادەبوونی (23) ئەندام لە کۆی (32) ئەندامی ئەنجومەن پاڵپشت بەنوسراوی ئیدارەی گەرمیان/ نووسینگەی تایبەت ژمارە (102) لە ڕێکەوتی (2021/7/28) و پاڵپشت بەڕەزامەندی لیژنەی کاروباری یاسایی ئەنجومەن لە ڕێکەوتی (2021/8/8)، بڕیاردار:

1. بەخشینی بەڕێز (ژیلوان عادل شکور) لە پۆستی بەڕێوەبەری ناحیەی (شێخ تەویل) و هەڵبژاردن وپاڵاوتنی بەڕێز (دانا أحمد محمد کریم) بە بەڕێوەبەری ناحیەی (شێخ تەویل) پاڵپشت بە خاڵی (1) بڕگەی (2) لە بڕیاری ژمارە (1)ی ساڵی (2015)ی پەرلمانی کوردستان – عێراق.
2. ئەم بڕیارە بە دەنگی (19) ئەندام پەسەندکرا.
3. ئەم بڕیارە لە سلێمانی نوسرا لە 2021/9/7.

**ئازاد محمد ئەمین**

**سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی**

## بڕیاری ژمارە (20) ی ساڵی 2021

ئەنجـــومەنی پارێزگـــای ســـلێمانی پاڵپشـــت بە بـــڕگەی یەکەم و یازدەهەمی هەموارکراو لەماددەی (10) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن لە کۆبوونەوەی ئاسایی ژمارە (68) شەست و هەشت هەمینی خۆیدا لە بەرواری (2021/9/7) لە هـــۆڵی کۆبوونەوەکـــانی ئەنجـــومەن، بە سەرپەرشـــتی بەڕێـــز ســـەرۆکی ئەنجـــومەن و ئامـــادەبوونی دەســـتەی ســـەرۆکایەتی و ئامـادەبوونی (23) ئەنـدام لە کـۆی (32) ئەنـدامی لە ڕێکـەوتـی (2021/9/7) ئامـــاژە بەنووســـراوەکانی ژمـــارە (104) لە ڕێکـەوتـی (2021/8/2)ی ئیـدارەی گەرمیـان/ نووسـینگەی تـایبەت ژمـارە (102) لە ڕێکـەوتـی (2021/7/28) و پاڵپشـت بەڕەزامەنـدی لیـژنەی کاروبـاری یاسـایی ئەنجـومەن لە ڕێکـەوتـی (2021/8/8)،

بڕیاردار:

1. پێشـنیازمان بەڕێـز (دەرون عمرمحمـود) لە پۆسـتی بەڕێـوەبەری گشـتی (بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی چـاودێری گەشـەپێدانی کـۆمەڵایەتی گەرمیـان) بەبەخشینی بە دەنگی (18) هەژدە ئەنجومەن پەسەند کرا.
2. پێشنیازمان بۆ هەڵبژاردن و پاڵاوتنی ئەم پاڵێوراوانەی کە لەخوارەوە ناویان هاتووە بەرامبەر بەو دەنگانەی کە پێیان دراو بۆ پۆستی بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان.
3. پاڵێوراو (ژیلوان عادل شکور) بەدەنگی (21) ئەندام.
4. پاڵێوراو سیروان محمد عزیز بەدەنگی (21) ئەندام.
5. پاڵێوراو نشاد عمر علی بەدەنگی (21) ئەندام.

ئەم بڕیارە لە سلێمانی نوسرا لە 2021/9/7.

**ئازاد محمد ئەمین**

**سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی**

# بەشی سێیەم/

# چەند بابەتێکی تایبەت بە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.

# چەند بابەتێکی تایبەت بە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.

لە ماوەی (2020/10/1) بۆ (2021/9/30) چەند ڕووداوێکی جۆراوجۆر لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیدا ڕوویانداوە، لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:

**یەکەم/ ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی دەستگیردەکرێت و پاش (10)مانگ بە کەفالەت ئازاد دەکرێت.**

بەتۆمەتی ساختەکردنی پسووڵە لە دەروازە سنوریەکانی باشماخ و پەروێزخان، دادگای لێکۆڵینەوەی (خانەقین/ قۆرەتوو) لە (2020/10/7)دابەپێی ماددەی (298) لە یاسای سزادانی عێراقی فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ (محەمەد عبد الوهاب عمر) ئەندامی (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) دەرکرد و لەلایەن (بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان) لە (2020/10/8)دا نوسراوی ژمارە (4021)ی ئاڕاستەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کرا داوای دەستگیرکردنی ناوبراوی کرد، دواتریش ئەنجومەنی پارێزگا لە (14/10/2020) دا ڕەزامەندی خۆی نیشاندا لە سەر دەستگیرکردنی (محەمەد عبد الوهاب عمر) و ئامادەبوونی لەبەردەم دادگای قۆرەتوو... ڕۆژی (2020/10/25) (محەمەد عبد الوهاب عمر) چووە بەردەم دادگا... ناوبراو وێڕای ڕەتکردنەوەی تۆمەتەکە ڕایگەیاند کە دەچێتە بەردەم دادگاو خاوەنی (10) ملیۆن دۆلار نیم هەرکەسیش گومان دەکات (10) هەزار دۆلارم باتێ گەردنی ئازاد بێت نۆ ملیۆن و نۆسەد و نەوەت هەزار دۆلار بۆ خۆی!. "

پاش زیاتر لە (10) مانگ لە دەستگیرکردنی لە (2021/8/16)دا دادگا ئەندامەکەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بە کەفالەت ئازاد کرد، لەو بارەیەشەوە (محەمەد عبد الوهاب عمر) تایبەت بە (رێکخراوی کوردستان بۆ هەموان)ی راگەیاند "هەروەک چۆن لە سەرەتادا هەموو ئەو تۆمەتانەم رەتکردوونەتەوە کە ئاراستەم کرابوون، ئێستاش بە هەمان شێوە دووبارە ئەو تۆمەتانە رەتدەکەمەوە، سوپاس بۆ خودا تائێستا هیچ تۆمەتێک بەسەرمدا ساغ نەبوونەتەوە". تاکاتی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە هێشتا ئەم کەیسە دانەخراوە.

## دووەم/ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و پارێزگاری سلێمانی و وەزارەتی دارایی زانیارییان لەسەر داهات و خەرجی پارێزگاکە نییە.

لە (2020/10/19)دا (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) نوسراوی ژمارە (624) ئاراستەی وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان دەکات، سەبارەت بە ناردنی زانیاری لەسەر خەرجی و داهاتی هەریەکە لە (پارێزگای سلێمانی و ئیدارەکانی گەرمیان و راپەڕین)....

وەزارەتی داراییش لە (2020/12/24)دا بەنوسراوی ژمارە (3/17/ 9167) بەم شێوەیە وەڵامی ئەجومەنی پارێزگای سلێمانی دەداتەوە:

1. تاکو ئێستا زانیاری لەم شێوەیە نەدراوە بە هیچ پارێزگایەک.
2. بۆ ناردنی ئەم زانیاریانە پێویستە رەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران وەربگیرێت بۆ ئەم مەبەستە.

شیاوی باسە چەندینجار ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی نوسراوی ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان کردووە بۆ زانینی داهات و خەرجی پارێزگاکە، بەڵام تائێستا هیچ لایەنێک ئامادە نەبووە ئەو زانیاریانە

بداتە ئەنجومەنی پارێزگا، لە کاتێکدا دەستکەوتنی ئەم زانیاریانە هێندە قورس نین بۆ بالاترین دەسەلاتی پارێزگاکان بەمەرجێک سالانە پێشوەخت ئەنجومەنەکان لەگەڵ پارێزگارو بەڕێوبەرایەتییە گشتییەکان کار لەسەر ئەو پرسە بکەن و هەماهەنگیان هەبێت....

یاسای پارێزگاکانی هەرێم ژمارە (3)ی ساڵی (2009) لە ماددەی بیست و حەوتەم بەمجۆرە باس لە داهاتی پارێزگاکان دەکات ئەم زانیاریانەش پێویستە لە بەردەست پارێزگارەکاندا هەبن:

***داهاتی دارایی پارێزگا لەمانەی خوارەوە پێکدێت:***

یەکەم: ئەوەی کە حکومەتی هەرێم لەناو بودجەی گشتی هەرێمدا بۆ پارێزگای تەرخاندەکات.

دووەم: ئەو داهاتانەی کە پارێزگا دێتە دەستی لە ئەنجامی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە پێشکەشی دەکات و وەزارەتی دارایی لەو داهاتانە ئاگاداردەکاتەوە کە وەدەستی هاتوون.

سێیەم: ئەو پیتاك و بەخشانەی کە بەرەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران دێتە دەستی.

چوارەم: ئەو داهاتانەی کە لەفرۆشتن و بەکرێدانی ماڵی گواستراوەی دەوڵەت بەپێی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێم وەدەستی دێنێت.

سێیەم/ بەشێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا دانیشتنێکی گرنگی ئەنجومەن بەجێدەهێڵن.

دانیشتنی ژمارە (60) لە (2020/10/20)دا کە لەسەر یاداشتی چەند ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگا ئەنجامدراو تیایدا بانگهێشتی هەریەکە لە (پارێزگاری سلێمانی، سەرۆکی شارەوانی سلێمانی،

بەڕێوبەری دارستان و پاوانی سلێمانی)کرا، لە دانیشتنەکەدا کە نزیکەی حەوت کاتژمێری خایاند بڕگەکانی دانیشتنەکە گفتوگۆیان لەسەرکرا، دواتریش هەریەکە لە (پارێزگاری سلێمانی، سەرۆکی شارەوانی سلێمانی، بەڕێوبەری دارستان و پاوانی سلێمانی) وتەی خۆیان لەسەر سوتاندنی سەوازیی و زیادەڕۆییکردنە سەر موڵکی گشتی پێشکەش بە ئەنجومەن کردو ئەندامانی ئەنجومەنیش پرسیاری خۆیان ئاڕاستەی میوانەکان کرد....

ئەوەی زۆر جێگەی سەرنج و تێبینی بوو، بەشێک لە ئەندامانی ئەنجومەن نەیانتوانی تا کۆتا وەڵامی میوانەکان بەردەوامبن و دانیشتنەکەیان بەجێهشت، لە کاتێکدا بەشێک لەو ئەندامانە پێشتر خۆیان داوای میوانداریان کردبوو هەروەها بایکۆتی دانیشتنی ژمارە (59)لە(2020/9/30)ی ئەنجومەنیان کرد لەبەر ئەوەی بانگهێشتی لایەنە پەیوەندیدارەکان نەکراوە....

جێهێشتنی دانیشتنەکە بووە هۆی تەواو نەکردنی نیساب و ئەنجومەنی پارێزگا نەیتوانی هیچ بڕیارو ڕاسپاردەیەک دەربکات، ئەمەش یەکێک بوو لەو هەنگاوە نەرێنیانەی بەشێک لە ئەندامانی ئەنجومەن گرتیانە بەرو دوور نییە کاریگەری نەرێنی لەسەر میوانداریەکانی داهاتووی ئەنجومەن هەبێتـك لە کۆتایی دانیشتنەکەدا تەنها ئەم ئەندامانەی ئەنجومەن توانیان تا کۆتایی گوێ لە میوانەکان بگرن و گفتوگۆو ڕاگۆڕینەوە ئەنجامبدەن: (**ئازاد محەمەد**

**ئەمین، مەهدی مەحمود، ئیسماعیل محەمەد، رەسول عەبدوڵا، محەمەد رەسول، ئەکرەم شەریف، رەمەزان نامق، کەریم عەلی، سەباح شەهید فەتاح، نیاز ئەحمەد حەمەلاو، دیمەن رەزا رەشید، ئەنوەر تاهیر، بەرزان حامد، رێبوار ئەحمەد، مینا سامی، هۆشیار ئیسماعیل)**

شایانی باسە یەکێک لەو کێشانەی کە لە دانیشتنەکانی ئەنجومەندا هەمیشە دووبارە دەبێتەوە، گەرمی گفتوگۆکانە لە کاتی ئامادەبوونی کامێرای دەزگاکانی راگەیاندنداو کەمبوونەوەی گفتوگۆکانە لەگەڵ رۆشتنی کەناڵەکانی راگەیاندا ...

**چوارەم/ ئەنجومەنی وەزیران داوایەکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پەسەند ناکات.**

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بە نوسراوی ژمارە (738) لە (2020/11/17)دا ئاراستەی وەزارەتی دارایی و ئابوری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات بە مەبەستی کڕینی چەند ئۆتۆمێلێک و دابینکردنی بودجەیەکیش بۆ چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلەکانیان...

لە (2020/12/13) سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران وەڵامی وەزارەتی دارایی و ئابوری بە نوسراوی ژمارە (8563) بەم شێوەیە وەڵامی وەزارەت دەداتەوە: (**رەزامەندی نەدرا لەسەر ناوەرۆکی نوسراوی سەرەوەتان، تایبەت بە کڕینی چەند ئۆتۆمێلێک و دابینکردنی بودجەی تایبەت بە چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە ئێستادا گشت خەرجییەکان راگیراوە، بەهۆی بارودۆخی دارایی**

**هەرێمی کوردستان، بۆ ئاگاداریتان.)** لە بەرامبەریشدا لیژنەی یاسایی لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە ئەم بابەتە بە پێچەوانەی ماددەی (28) لە یاسای ژمارە (3)ی ساڵی (2009)و داوایکرد دووبارە نوسراو لە سەر هەمان بابەت ئاڕاستەی وەزارەتی دارایی و ئابوری بکرێتەوە.

**پێنجەم/ سەبارەت وەڵامنەدانەوەی نوسراوەکانی، ئەنجومەن لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاگادار دەکاتەوە.**

سەبارەت بە وەڵامنەدانەوەی نوسراوەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی یان درەنگ وەڵامدانەوەیان لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە، ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە (2020/12/2)دا بە نوسراوەکانی ژمارە (782،783،784) ئاگاداری هەریەکە لە (ئیدارەی راپەڕین)و (پارێزگای سلێمانی)و (ئیدارەی گەرمیان) دەکات...

لە نوسراوەکاندا هاتووە (**بفەرموون لە رێگەی بەڕێزتانەوە ئاگاداری سەرجەم قەزاو ناحییەکان و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان و سەرۆکایەتی شارەوانیەکان و سەرجەم فەرمانگەکانی سنوری ئیدارەکەتان بکەنەوە کە لە نزیکترین کاتدا وەڵامی نوسراوەکانی ئەنجومەنمان بدەنەوە لە بەر ئەوەی لە رابردوودا وەڵامی نوسراوەکان زۆر دواکەوتووە یان هەر وەڵامنەدراونەتەوە**).

لەماوەی (2020/10/1 -2021/9/30)دا لە کۆی (129) نوسراو [لەو نووسراوانەی گەیشتوونەتە تیمی پرۆژەی (پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی) و تایبەت بە لیژنە هەمیشەییەکان کە داوای پێدانی زانیاری و روونکردنەوەو داهاتی

پارێزگای سلێمانی و....هتد] (58) نووسراویان وەڵامنە دراونەتەوە و (71) نووسراویان وەڵامیان دراوەتەوە. ئەمەش یەکێکە لە کێشەکانی بەردەم ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کە تاکو ئێستا چارەسەر نەکراوە، گرنگە ئەنجومەنی پارێزگا لە داهاتوودا هەنگاوی زیاتر بنێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە.

**شەشەم/ سوپاس و پیزانین ئاڕاستەی لیژنەی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوو دارایی و کارگێڕی دەکرێت.**

لەبەرامبەر هاوکاریکردنی (کۆمپانیای دروستکردنی دانەوێڵە)ی عێراق، لە بەدواداچوونیان بۆ پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئاردو وەرگرتنی گەنم و بەدواداچوون بۆ بریکارەکانی ئارد، کۆمپانیای ناوبراو لە (2021/1/28)دا بەنوسراوی ژمارە (1560) سوپاس و پێزانین ئاراستەی لیژنەی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوو دارایی و کارگێڕی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی دەکات.

**حەوتەم/ دانانی قائیمقامی قەزای کفری، بێگەڕانەوە بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.**

پاش دەرکردنی فەرمانی ژمارە (1640)ی تایبەت بە دامەزراندنی (بەڕێوبەری گشتی) بۆ پۆستی (قائیمقامی قەزای کفری) لە (2021/5/11)دا لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە پاڵپشت بە فەرمانی هەرێمی ژمارە (83) لە (2021/4/13)، ئەمەش نیگەرانی لای بەشێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی دروستکرد، بەوەی ئەم کارە لەرێگەی ئەنجومەنەوە نەکراوە بەشێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاش ئەمەیان بە پێشێلکاری یاسایی

ناوبرد... لەو بارەیەوە (ڕەسول عەبدوڵا) سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) تایبەت بە (ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەموان)ی ڕایگەیاند: **(ئەنجومەنی پارێزگاکان سێ ئەرکی سەرەکییان هەیە (چاودێریکردنی دامودەزگاکانی سنوری پارێزگاکە، پێکهێنانی حکومەتە خۆجێیەکان، پەسەندکردنی ئەو بودجەیەی کە بۆ پارێزگاکە تەرخان دەکرێت.)**

"سەبارەت بە دانانی (قائیمقامی قەزای کفری)یش ئەو بابەتە تەواو پێچەوانەی یاسایە چونکە بە پێی بڕیاری ژمارە (15)ی پەرلەمانی کوردستان و لەبەر ئەوەی هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی قەزاو ناحییەکان نەکراوە دەسەڵاتی دەسەڵاتی دانان و لادانی بەڕێوەبەرە گشتییەکان دراوە بە ئەنجومەنی پارێزگاکان...

ئەوەی کە ڕوویداوە تەواو پێچەوانەی یاسایە و هیچ پرس بە ئەنجومەنی پارێزگاکان نەکراوە، بەڵام چونکە لەم وڵاتەدا شتێک نییە بۆ پاراستنی یاسا، بۆیە یاساکە جێبەجێناکرێت، لەبەر ئەوە زۆر ڕێی تێدەچێت شتێکی نایاسایی بکرێت و ئیشیشی پێبکرێت و جێبەجێش بکرێت، ئەگەر یاسا هەبووایە دەبوایە ئەو بڕیارە ڕەتبکرایەتەوە..." هاوکات ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی نوسراوێکی ئاڕاستەی (پەرلەمانی کوردستان) کردووە، بەڵام تاکاتی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە وەڵامی نوسراوەکەی ئەنجومەن نەدراوەتەوە.

ڕێکاری یاسایی بۆ دانانو لادانی بەڕێوەبەرە گشتییەکان دەبێت بەپێی خاڵی (2)و (3)ی بڕگەی (دوانزەیەم) لە مادەی (شەشەم) ی یاسای ژمارە (3)ی ساڵی (2009)بێت، کە دەسەڵاتی دانانو لادانی بەڕێوبەرە گشتییەکانی بەم شێوەیە بەخشیوەتە ئەنجومەنی پارێزگاکان:

**(ڕەزامەندیی دەربڕین بە زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن لەسەر پاڵاوتنی سێ پاڵێوراو لە ئەسڵی پێنج کەس کە پارێزگار بۆ پڕکردنەوەی پۆستی بەڕێوەبەرە گشتیەکان لە پارێزگادا پێشکەشیان دەکات و فەرمانی دامەزراندنی یەکێکیان لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێ.)**

بۆ لەسەر کارلادانیش، یاساکە بەم شێوەیە ئەو دەسەڵاتەی داوەتە ئەنجومەنی پارێزگاکان:

**(پێشنیارکردنی لەسەر کارلادانی بەڕێوەبەرە گشتییەکان لە پارێزگا بە زۆرینەی ڕەهای دەنگی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن لەسەر داوای پارێزگار یان 5\1 پێنجیەکی ژمارەی ئەندامانی و بەرزکردنەوەی لە ڕێگای وەزیری پسپۆڕەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی وەزیرانیش مافی لادانی هەیە بەپشتبەستن بە بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە)**، تاکاتی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە نەتوانراوە ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت.

**هەشتەم/ ئەنجومەن بۆ پارێزگای سلێمانی: کارەکانی نێوان ئەنجومەن و پارێزگا دەبێت لە ڕێگەی نوسراوی فەرمی ئەنجومەنی پارێزگاوە بێت.**

یەکێک لەو بابەتانەی کە ساڵانە دووبارە دەبێتەوە و لە ڕاپۆرتەکانی (ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەموان)یشدا چەند جارێک ئاماژەی بۆ کراوە، بریتیە لە ئاڕاستەکردنی هەندێک نوسراو ڕاستەوخۆ لەلایەن هەندێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاوە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان بەبێگەڕانەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی پارێزگا، بۆ ڕێگریکردن لەم دیاردەیەش، ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بە

نوسـراوی ژمـارە (541) لە (2021/6/28)دا ئاگـاداری پارێزگـای سـلێمانی دەکـاتەوە کە پێویسـتە کارەکـان لە نێوان ئەنجـومەن و پارێزگـادا بە نوسـراوی فەرمـی ئەنجـومەن بـن، ئەمەش پاش ئەوە هـات کە ئەنـدامێکی ئەنجـومەنی پارێزگـای سـلێمانی بـێگەڕانەوە بـۆ سـەرۆکایەتی ئەنجـومەنی پارێزگـا، یاداشـتێکی ئاڕاسـتەی پارێزگـای سلێمانی کردبوو.

**نۆیەم/ ئەنجومەنی پارێزگـای سـلێمانی بەدواداچـوون بـۆ گرانبـوونی نرخـی سـوتەمەنی دەکات.**

تایبەت بە گـرانبـوونی نرخـی بەنـزین و سـوتەمەنی لەسـەر داوای لیـژنەی پیشەسـازی و وزەی ئەنجـومەنی پارێزگـای سـلێمانی لە (2021/6/9)دا بانگهێشـتی هەریەکە لە (پارێزگـاری سـلێمانی) و(بەڕێـوەبەری نەوت و کانزاکـانی سـلێمانی و بەڕێـوەبەری نەوت و کـانزاکـانی گەرمیـان و لێپرسراوی دابەشـکردنی سوتەمەنی) کـرا.

بە ئامادەبوونی هەریەک لە (سەرۆکـی ئەنجـومەنی پارێزگـای سـلێمانی و سـکرتێری ئەنجـومەن و سـەرۆکـی لیـژنەی پیشەسـازی و وزە)و چەنـد ئەنـدامێکی ئەنجـومەنی پارێزگـا، لە کـۆبـونەوەکەدا هـۆکارەکـانی گرانبونی نرخی سووتەمەنی بەتایبەت بەنزین خرایەڕوو.

بە گـوتەی (کەریـم عەلـی) سـەرۆکـی لیـژنەی پیشەسـازی و وزەی ئەنجـومەنی پارێزگـای سـلێمانی "**هەنگاوەکـان بـۆ دابەزانـدنی نرخـی بەنزین و ڕێگریکردن لە زیاتر بەرزبونەوەی نرخەکان جێی دڵخۆشی نـین و پێشـبینی دەکەیـن لە داهـاتوودا نرخـی بەنـزین زیـاتر و زیـاتر**

**گرانتریێت**". شیاوی باسە تاکاتی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە نەتوانراوە چارەسەری بەرزبوونەوەی نرخی سوتەمەنی بکرێت.

## دەیەم/ سکاڵا لە سەر سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا تۆمار دەکرێت ...

پاش ئەوەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە دانیشتنی ژمارە (59) لە (2020/7/28) بڕیاری ژمارە (14)د دەرکرد تایبەت بە فراوانکردنی سنوری گوندی (تەرەماری سەرو) لە ناحیەی (پیرەمەگرون)، هاووڵاتییەک بڕیارەکە بە نایاسایی دەزانێت و لە دادگای کارگێڕی سلێمانی سکاڵا لە سەر (ئازاد محەمەد ئەمین/ سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) تۆمار دەکات، لە دانیشتنی رۆژی (2021/2/2)دا دادگای کارگێڕی سلێمانی دوا بڕیاری لەسەر ئەم کەیسە دەرکرد لە بەرژەوەندی (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)و بڕیاردرا بە رەتکردنەوەی داوای داواکار.

## یانزەیەم/ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، پرۆژەکانی پەرەپێدانی پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان و راپەڕینی پەسەند کرد.

بۆ یەکەمجار و لە مێژووی ئەم خولەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیدا، بەمەبەستی گفتوگۆکردن و بەدواداچوون بۆ ئەو پرۆژانەی کە لە چوارچێوەی (بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان)دا لەلایەن پارێزگای سلێمانیەوە ئاراستەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کرا بۆ ئەوەی پەسەندیان بکات...

لە (2021/5/10)دا ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی فەرمانێکی دەرکرد بۆ پێکهێنانی (9) لیژنەی کاتیی بە مەبەستی چاودێری و

بەدواداچوون بۆ پرۆژە پێشنیازکراوەکانی سنوری پارێزگای سلێمانی و ئیدارە سەربەخۆکانی گەرمیان و راپەڕین بەپێی بەرکەوتەی پەرپێدانی پارێزگاکان.

لیژنەکان سەردانی مەیدانیان بۆ قەزاو ناحییەکانی سەربە پارێزگای سلێمانی و هەردوو ئیدارەی (راپەڕین و گەرمیان) کرد، گفتوگۆیان لەسەر پرۆژەکان دەکردو گوێبیستی داواکاری و راو سەرنجی ئەو شوێنانەبوون و بەپێی پێویستی و داوای ئەو شوێنانە پرۆژەکانیان دیاریدەکرد، نەک بەو شێوەیەی کە ئاراستەیان کرابوون..

پاش ئەوەی لیژنە کاتییەکان کارەکانی خۆیان تەواو کرد، سەرجەم تێبینی و زانیارییەکان گەڕێنرانەوە بۆ لیژنەی پلان و پرۆژەکان و دواتر ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کران....

شایانی باسە لەم کاتی قەیران و کەمی خزمەتگوزاریانەدا چەند پرۆژەیەک لە لیستەکەی پارێزگای سلێمانیدا بودجەیەکی زۆریان بۆ دابینکراوە، لە کاتێکدا هاوولاتیان پێویستیان بە پرۆژەی لەوە گرنگتر هەیە کە بۆیان جێبەجێبکرێت، کە بریتین لە:

**یەکەم/ لابردنی مەسعەدی بینای (ئنستتیوتی کەلەپوری کورد) و دانانی مەسعەدێکی نوێ بە گوژمەی (450) ملیۆن دینار.**

**دووەم/ نۆژەنکردنەوەی (حەمامی سلێمانی) بە گوژمەی (800) ملیۆن دینار.**

پرۆژەی دووەمیان (**نۆژەنکردنەوەی حەمامی سلێمانی**) ئەنجومەنی پارێزگا پەسەندی نەکردووە، بڕی (500) ملیۆن دیناری بودجەکەی بۆ پرۆژەی (**دانانی سیستمی چاودێری کوالێتی ئاو و هەوای پارێزگای سلێمانی**) دابینکردووە و (300) ملیۆنەکەشی بۆ

یەکێک لە پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی ناو پارێزگای سلێمانی تەرخانکردووە...

بەڵام پرۆژەی یەکەم (**لابردنی مەسعەدی بینای (ئنستتیوتی کەلەپوری کورد**) و دانانی مەسعەدێکی نوێ بە گوژمەی (450 ملیۆن دینار) ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیش پەسەندیکردووە.

هاوکات پاش پەسەندکردنی سەرجەم پرۆژەکان (لیژنەی پلان و پرۆژەکان)ی ئەنجومەنی پارێزگا لە (2021/7/27)دا پێشنیاری کرد بەگۆڕینی دوو پرۆژە بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم/ لابردنی پرۆژەی (نۆژەنکردنەوەی یاریگای چەمچەماڵ)و بودجەی ئەم پرۆژەیە خرایە سەر پرۆژەی (نۆژەنکردنەوەو گۆڕینی بەشێک لە بۆری گواستنەوەی ئاوی چەمچەماڵ).**

**دووەم/ گۆڕینی پرۆژەی (کۆنکرێتکردن و دروستکردنی شۆستە بۆ ناو گەڕەکەکانی تەیناڵ لە ناحیەی بازیان) بۆ پرۆژەی (دروستکردنی خوێندنگەیەکی شەش پۆلی) لە ناحیەی تەینالی نوێ بە هەمان بودجە.**

شایانی باسە دابینکردنی بودجەی پرۆژەکان و جێبەجێکردنی پرۆژەکان پەیوەندی بەرێکەوتنی نێوان هەرێم و بەغداد هەیە واتە ئەگەر بەغداد بودجەی پەرەپێدان نەنێرێت ئەوا هیچ پرۆژەیەک جێبەجێ ناکرێت. تا کاتی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە هیچکام لەو پرۆژانە نەخراونەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

لە (2021/7/13)، ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە دانیشتنی ژمارە (65)دا پاش گفتوگۆکردن، دەنگدرا بە پرۆژەکان کە ژمارەیان (270) پرۆژەیە بەمشێوەیە:

خشتەی ژمارە (5)

بودجەی پڕۆژەکانی ناوەندی شاری سلێمانی

| ناوچە | ژ. پرۆژە | گوژمەی پرۆژە |
|---|---|---|
| پڕۆژەکانی ناوەندی شاری سلێمانی ناحیەکانی (بەکرەجۆ، تانجەرۆ، بازیان) | 75 | نزیکەی (42،682،000،000) چل و دوو ملیار و شەش سەدو هەشتاو دوو ملیۆن دینار. |
| ئیدارەی ڕاپەڕین | 80 | (16،974،000،000) شانزەملیار و نۆسەدو حەفتاو چوار ملیۆن دینار. |
| ئیدارەی گەرمیان | 12 | (12،546،000،000) دوانزە ملیار و پێنج سەدو چل و شەش ملیۆن دینار . |

خشتەی ژمارە (6)

ژمارەی پرۆژەکان و بودجەی سەرجەم قەزا وناحیەکان

| ز | قەزا | ژ. پرۆژە | بری بودجە |
|---|---|---|---|
| 1 | شارەزوور | 8 | 2.993.008.885 |
| 2 | دەربەندیخان | 6 | 2.413.716.843 |
| 3 | سیدسادق | 18 | 3.668.849.885 |
| 4 | پێنجوێن | 7 | 1.930.973.474 |
| 5 | دوکان | 30 | 3.089.557.599 |
| 6 | چەمچەماڵ | 23 | 7.048.053.181 |
| 7 | ماوەت | 1 | 386.194.695 |
| 8 | شارباژێر | 8 | 897.888.190 |
| 9 | قەرەداغ | 1 | 868.938.063 |

# بەشی چوارەم/

## خوێندنەوەیەك بۆ بەجێگەیاندن (الأداء)ی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە (2021/9/30 - 2020/10/1)

# خوێندنەوەیەك بۆ بەجێگەیاندن (الأداء)ی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە (2021/9/30 - 2020/10/1)

لەم بەشـــــــەداخوێندنەوەیەك دەكەیــــــن بـــــۆ ئاســــتی بەجێگەیانـــــــدن (الأداء)ی (ئەنجـــــــومەنی پارێزگـــــــای ســـــلێمانی) و هەڵســـــەنگاندنی كـــــارو چالاكییەكـــــانی ئەنجومەن لە ماوەی (2021/9/30 - 2020/10/1).

لێـــــرەدا هەڵســـــەنگاندن و ســـــەرنج و تێبینیەكـــــان بەچەنـــــد خاڵێـــــك دەخەیـــــنەڕوو، بەو ئومێـــــدەی ئەنجـــــومەنی پارێزگـــــا بتوانێـــــت لە مـــــاوەی كـــــاری داهاتوویـــــدا رەخـــــنەو هەڵســـــــەنگاندنو پێشـــــــنیارەكان بەهەنـــــــد وەربگرێـــــــت، هەڵســـــــەنگاندنەكەش دابەشـــــــكراوە بەســـــــەر (7) تەوەردا كە بریتین لە:

یەكەم/ تایبەت بە دەستەی سەرۆكایەتی
دووەم/ تایبەت بە دانیشتنەكانی ئەنجومەن.
سێیەم/ تایبەت بە لیژنە هەمیشەییەكانی ئەنجومەن.
چوارەم/ نووسراوەكانی ئەنجومەن و وەڵامی لایەنە پەیوەندیدارەكان.
پێنجەم/ بەدواداچوون و سەردانیكردنی پڕۆژەو دامەزراوە گشتییەكان.
شەشەم/ میوانداریو بانگهێشت
حەوتەم/ تایبەت بە ئەندامانی ئەنجومەن..

## یەکەم/ تایبەت بە دەستەی سەرۆکایەتی

**یەکەم/** ئامادەبوونی ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی (سەرۆک، جێگر، سکرتێر)ی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە سەرجەم دانیشتنەکانی ئەنجومەندا، جگە لە دانیشتنی ژمارە (61) لە (13/4/2021)دا کە سکرتێری ئەنجومەن بە هۆی پرسەوە مۆڵەتی وەرگرتبوو.

**دووەم/** بوونی پەیوەندی بەردەوامی دەستەی سەرۆکایەتی بە هاوولاتیانەوە، چ لە ڕێگەی سەردان و بەدواداچوونەکانەوە، چ لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنییەوە بێت، کە بەردەوام هێڵی تەلەفۆنیان کراوە بووە بۆ هاوولاتیان.

**سێیەم/** بەشێوەیەکی بەردەوام دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن لە تەلاری ئەنجومەندا ئامادەییان هەیە.

**چوارەم/** سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا، تایبەت بەو خاوەن پێداویستیی تایبەتانەی کە سەردانی تەلاری ئەنجومەن دەکەن، لە پرسگە پێشوازیان دەکات و کارەکانیان بۆ رادەپەڕێنێت...

**پێنجەم/** ڕۆژانە لەسەرەتای دەوامدا سەرۆکی ئەنجومەن لە پرسگە پێشوازی لە هاوولاتیان دەکات.

**شەشەم/** سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن جگە لە بینینی ڕۆژانەی هاوولاتیان و ڕاییکردنی کاروبارەکانی ئەوانەی سەردانی تەلاری ئەنجومەنیان کردووە، هاوکات چەندینجاریش سەردان و بەدواداچوونی ئەنجامداوە بۆ بەسەرکردنەوەی پڕۆژەکان و فەرمانگەو دامەزراوە حکومیەکان.

**حەوتەم/** لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا چەند شاندێک سەردانی تەلاری ئەنجومەنی پارێزگایان کردووە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چەند بابەتێک لە وانەش:

خشتەی ژمارە (7)

| ز | شاندی میوان | بابەتی سەردان |
|---|---|---|
| .1 | راوێژکاری سەرۆک کۆماری عێراق. | تایبەت بە پڕۆژەی پەرەپێدانی پارێزگاکانی هەرێم. |
| .2 | وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوچە کوردستانیەکان بە هاوڕێیەتی ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق. | کێشەی پشکی غازی کارگەکانی سلێمانی لە کەرکوک. |
| .3 | راوێژکاری تایبەتی وەزیری وزەو ژینگەی حکومەتی یۆنان. | ژینگەو بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ و گەشتوگوزار و وزەی کارەبا لە رێگەی هەواوە. |
| .4 | ئەندامێکی پەرلەمانی (هەرێمی ئۆربرۆ) لە سوید. | پەیوەندی بازرگانی و ئیداری و ژینگەیی و گەشتوگوزار. |
| .5 | نوێنەرێکی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق. | پێدانی رونکردنەوە و زانیاری لە سەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان. |

**هەشتەم/** ئامادەبوونی ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی لە کاتی هەر رووداوو پێشهاتێکدا بۆ بەسەرکردنەوەو گوێگرتن لە هاووڵاتیان، بەتایبەت لە کاتی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی (کۆڤید 19)دا .

**نۆیەم/** دەستەی سەرۆکایەتی لە ماوەی رابردوودا تەنها (16) کۆبوونەوەی ئەنجامداوە و زۆرترین کۆبوونەوەکانیش لە مانگی (12)ی ساڵی (2021) و مانگی (7)ی ساڵی (2022)دا بووە کە (3) کۆبوونەوە بوون لە مانگێکدا بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

خشتەی ژمارە (8)

کۆبوونەوەکانی دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

| ساڵ | 2020 | | | 2021 | | | | | | | | | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| مانگ | 10 | 11 | 12 | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | 6 | 7 | 8 | 9 | |
| ژ. کۆبوونەوە | 0 | 2 | 3 | 1 | 1 | 2 | 2 | 2 | 0 | 3 | 0 | 0 | 16 |

## دووەم/ تایبەت بە دانیشتنەکانی ئەنجومەن.

**یەکەم/** ژمارەی دانیشتنەکانی ئەنجومەن جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەبوو چ لە رووی ناوەرۆکەوە یان لە رووی بڕیارو ئامادەبوونی ئەندامانەوە، بەراورد بە ساڵی رابردوو.

**دووەم/** لە ماوەی نێوان (2019/10/1 - 2020/9/30)دا ئەنجومەن تەنها (6) دانیشتنی ئەنجامداون. بەڵام لە ماوەی نێوان (2020/10/1 - 2021/9/30)، ئەنجومەنی پارێزگا (9) دانیشتنی ئەنجامدا. لە هەر (9) دانیشتنەکەی ئەنجومەنیشدا (27) بڕیار دەرچوێندراوە.

**سێیەم/** لەو (9) دانیشتنەی ئەنجامدراوە، لە هیچ دانیشتنێکدا هەموو (32) ئەندامەکەی ئەنجومەن ئامادەنەبوون و لەماوەی ساڵەکەدا (47) ئەندام مۆڵەت بوون.

**چوارەم/** بە شێوەیەکی گشتی تەوەری دانیشتنەکانی ئەمساڵ بۆ ئەم قۆناغە زۆر لاوازبوون و لە ئاست کێشە سەرەکییەکان و خواستی هاووڵاتیاندا نەبوون.

لەم بارەیەوە سەرۆکی (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) بە تیمی پرۆژەی راگەیاند: "تەنها ئەو بابەتانە دەخرێنە بەرنامەی کارەوە کە پێویستیان بە راوێژو گفتوگۆو سەرنجی زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەنە و پێویست دەکات بەدەنگی زۆرینە یەکلابکرێتەوە، بابەتەکانی دیکە لە لیژنەکان چارەسەرو کاری پێویستیان بۆ دەگیرێتەبەرو لەرێگای سەرۆکایەتییەوە کاریان لەسەر دەکرێت".

**پێنجەم/** لەگەڵ ئەوەی کە پێش (72) کاتژمێر لە دەستپێکردنی دانیشتنەکان، کارنامەی دانیشتنەکان گەشتوەتە دەست ئەندامانی ئەنجومەن، بۆ ئەوەی ئەگەر پێشوەخت راو سەرنج و رەخنەو تێبینیان

هەبوو، ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی بکەن، کەچی لە هەندێک لە دانیشتنەکاندا هەندێک لە ئەندامان رەخنە لە تەوەری دانیشتنەکان دەگرن، لە کاتێکدا ئەندامانی ئەنجومەن، پێشوەخت لەبەرنامەی کاری دانیشتنەکان ئاگادار کراونەتەوە.

**شەشەم/** لە دانیشتنی ژمارە (62) لە (2021/4/27) دا لە کارنامەی دانیشتنەکەدا لە برگەی دووەمدا هاتووە: (دەنگدان لەسەر پێشنیازی زیادکردنی دوو ئەندام بۆ ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی)، بەڵام لە دانیشتنەکەدا ئەم برگەیە دەستکاری گۆڕانکاری تێدا کرا و پێشنیارکرا بە زیادکردنی چوار ئەندام لە بری دوو ئەندام بۆ ئەنجومەنی شارەوانی، بەبێ ئەوەی یەک ئەندامی ئەنجومەن نارەزایی دەرببرێت.

**حەوتەم/** دانیشتنی ژمارە (67) لە (2021/8/31)دا تەنها (10) خولەکی خایاند، تیایدا بریاردرا بە گۆڕینی قائیمقامی قەزای دەربەندیخان کە خانەنشین دەبێت و قائیمقامی نوێ و فەرمانی دەستبەکاربوونی بۆکراو هاوکات بە کۆی دەنگ بریاردرا بەدانانەوەی بەرێوەبەری ناحیەی سەرقەڵای گەرمیان.

**هەشتەم/** لە زۆرێک لە دانیشتنەکاندا، ئەندامان پابەند نابن بە ماددەی (14) لە پەیرەوی ناوخۆی ئەنجومەن سەبارەت بە چۆنیەتی گفتوگۆکردن لەناو دانیشتنەکانداو بەرێوەبردنی دانیشتنەکان.

**نۆیەم/** لە دانیشتنی ژمارە (68) لە (2021/9/7)دا ناوی ئامادەنەبووان نەخوێندرایەوە.

**دەیەم/** هەروەك ساڵانی رابردوو، ئامادەبوونی كەناڵەكانی راگەیاندن، كاریگەری هەبوو لەسەر گفتوگۆی زیاتری ئەندامان، بەڵام پاش رۆشتنی كەناڵەكانی راگەیاندن، گفتوگۆكان كەمدەبوونەوە.

**یازەیەم/** هیچ دانیشتنێكی ئەنجومەنی پارێزگا لە كاتی دیاریكراوی خۆیدا دەستیپێنەكردووە.

**دوازدەیەم/** بوونی چەندین مووداخەلەی گرنگ و جدی لە دانیشتنەكاندا، بۆ دەوڵەمەندكردنی دانیشتنەكان لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتیو بەشێك لە ئەندامانی ئەنجومەنەوە.

**سیانزەیەم/** دانیشتنەكانی ئەنجومەن بەردەوام بەكراوەیی بوون و بە ئامادەبوونی نوێنەرانی رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنیو كەناڵەكانی راگەیاندن، هەندێك لە دانیشتنەكانیش راستەخۆ بۆ هاووڵاتیان پەخشكراون.

**چواردەیەم/** ئەندامانی ئەنجومەن، پێشوەخت لەبەرنامەی كاری دانیشتنەكان ئاگادار كراونەتەوە، پێش (72) كاتژمێر كارنامەی دانیشتنەكان گەشتوەتە دەست ئەندامانی ئەنجومەن.

## سێیەم/ تایبەت بە لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجومەن.

**یەکەم/** بەشێوەیەکی گشتی لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجومەن جۆرێک لە متبوونیان پێوەدیارە و پێویستیان بە نوێکردنەوە و گۆڕانکاری هەیە لە سەرۆک و ئەندامانیاندا، ئەوە چەندین ساڵە ئەو لیژنانە وەک پێویست گۆڕانکاریان بەسەردا نەهاتووە، ئەمەش بووەتە گرفتێک لەبەردەم کارابوونی لیژنەکان، بەردەوام لەنێو ئەندامانی لیژنە هەمیشەییەکاندا چەند ئەندامێك هەر ئەوەیە ناویان لە لیژنەکەدا هەیە، کەمترین ئامادەبوونیان هەیە لەچالاکییەکان و کۆبوونەوەی لیژنەکانداو زۆرترین ئەرک لەسەر سەرۆکی لیژنەکانە.

لە (2020/3/7)دا سەرۆکی لیژنەی ڕۆشنبیری و هونەر ڕاپۆرتێکی ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی پارێزگا کرد، لە ڕاپۆرتەکەدا داوای گۆڕینی هەریەکە لە (هاوسەر هوشیار/ جێگری سەرۆکی لیژنە و کاسترۆ مەعروف/ بڕیاردەری لیژنە)و (محەمەد شێخ وەهاب) ئەندامی لیژنەی ناوبراو دەکات لەبەر پابەند نەبوونیان بە کۆبوونەوەکانی لیژنە و بەشدارینەکردنیان لە چالاکییەکانی لیژنەکەدا.

هاوکات لە (2021/4/21)دا کاسترۆ مەعروف/ بڕیاردەری لیژنەی ڕۆشنبیری و هونەر، نوسراوێک ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی پارێزگا دەکات و تیایدا داوای بەخشینی لە لیژنەی ڕۆشنبیری کردووە.

هەروەها هەریەکە لە (ئەنور تاهیر) و (سەباح فەتاح) ئەندامانی لیژنەی یاسایی داوای دەستلەکارکێشانەوەیان کردووە لە لیژنەی (کاروباری یاسایی)... بەهەمانشێوە (ڕەمەزان نامق) سەرۆکی لیژنەی پلان و پرۆژەکان و (نیاز ئەحمەد حەمەلاو) سەرۆکی لیژنەی پەروەردە داوای

دەستلەکارکێشانەوەی کردووە لە سەرۆکایەتی لیژنەکانیان (تاکاتی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە)، ئەم بابەتە یەکلایی نەکراوەتەوە.

دووەم/ دەکرێت بڵێین یەکێک لە هۆکاری زۆر بوونی داواکاری دەستلەکارکێشانەوە لە لیژنەکاندا بریتی بێت لەوەی کە بەشێک لە ئەندامانی لیژنە هەمیشەییەکان وەک پێویست ئەرکەکانیان راناپەڕێنن.

سێیەم/ هەندێک لە سەرۆک لیژنەکان لەو لیژنەیەی سەرۆکایەتی دەکات زۆر چالاکە، بەڵام هەر هەمان کەس کە لە لیژنەیەکی دیکەدا ئەندامە، وەک پێویست چالاک نییەو کاتی پێویست بۆ ئەم لیژنەیە دانانێت.

چوارەم/ زۆرێک لە لیژنە هەمیشیەکان کێشەی (بڕیاردەری لیژنە)یان هەیە، کە وەک پێویست ئەرکەکانی خۆی راناپەڕێنێت، بە تایبەت لە ئامادەکردنی کۆنووسی کۆبوونەوەکان و ئەرشیفکردنی نووسراوەکانی لیژنەکاندا.

بۆ کاراکردنی ئەم لیژنانە لە حاڵەتی ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنی نوێ بۆ ئەنجومەنەکان، دەکرێت ئەنجومەنی پارێزگاکان خۆیان نوێ بکەنەوە بە هەڵوەشاندنەوەی لیژنە هەمیشەییەکان و سەر لە نوێ پێکهێنانی لیژنەی نوێ بە جۆرێک کە رەچاوی لێهاتوویی و پابەندی ئەندامانی لیژنەکان بکرێت و لێپرسینەوە لە ئەندامانی کەمتەرخەم بکرێت.

پێنجەم/ بەشێک لە لیژنە هەمیشەییەکان توانیویانە چەند کەیسێک بدەنە داواکاری گشتی، لەوانەش (**داگیرکاری و زیادەڕۆیی لە بەردەم پڕۆژەی (شاری دایک)، هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی**

**بەکرێدانی پارکی گشتی سیدسادق، دروستکردنی پرۆژەی (کۆمەڵگای گەنجینەو ئاسایی و ساردکەرەوەی سەوزەو میوە)، گرێبەست و کارکردنی کۆمانیای پاکژکەرەوە (التعقیم) لە دەروازەی پەروێزخان و پشتە...هتد).**

**شەشەم/** وەک سالانی رابردوو هیچکام لە لیژنە هەمیشەییەکان پلانی نەك سالانەیان نەبووە، بەڵکو پلانی وەرزی و مانگانەشیان نەبووە لەکاتێکدا ماددەی (37) لە خالی (حەوتەم)ی (پەیڕەوی ناوخۆ)ی ئەنجومەن ئاماژە بە پلانو بەرنامەی کارو رۆژمێریکی سالانەی تایبەت بە لیژنەکان دەکات.

**حەوتەم/** بەهەمان شێوەی سالانی رابردوو لیژنە هەمیشەییەکان لاوازبوون لە بە دواداچوون بۆ وەلامنەدانەوەی نووسراوەکانیان لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە، بەتایبەت نووسراوەکانی داواکردنی داتاو زانیاری کە بۆ بەرچاوڕوونی لیژنەکان گرنگن.

**هەشتەم/** زۆربەی چالاکی لیژنەکان کۆبووونەوە و بەدواداچوون و ئاڕاستەکردنی یاداشت بووە بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، کەمجار هەتا کۆتایی یان دۆزینەوەی چارەسەر لەگەڵ کێشەکاندابوون.

**نۆیەم/** هەروەک سالانی رابردوو بەشێکی چالاکی لیژنەکان بەگوێرەی بڕگەی (1)ی ماددەی (32)ی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن نەبووە کە کارو تایبەتمەندی لیژنەکانی دیاریکردووە.

**دەیەم/** ئەنجامدانی کۆبوونەوەکانی لیژنە هەمیشەییەکان وەك پێویست نیین، لە لیژنەیەکەوە بۆ لیژنەیەکی دیکە جیاوازە، چ لە

رووی ئەنجامــــدانی کۆبــــوونەوەی لیژنەکـــــان، چ لە رووی ژمــــارەی ئامادەبووانی ئەندامانی لیژنەکان لە کۆبوونەوەکانیاندا.

**یــــازدەیەم/** لیـژنە هەمیشــەییەکان بە شـێوەیەکی بەردەوام میوانـداری بەشـێك لە بەڕێـوەبەرەگشـتییەکانیان کـردووە، بـۆ گفتوگـۆکردن لەسەر کێشەو گرفتەکانی هاووڵاتیان.

**دوازدەیەم/** جـگە لە سـەردانەکانی لیـژنە هەمیشـەییەکان، هاوکـات بەشـێوەیەکی بەردەوام لیـژنە هەمیشـەییەکان لە تەلاری ئەنجـومەنی پارێزگا لەگەڵ هاووڵاتیاندا کۆبوونەتەوەو سـکاڵاو داواکاریەکانیان وەرگیراوەو گفتوگۆیان لەسەرکراوە.

**ســـــیانزەیەم/** هەنـدێك لە لیـژنە هەمیشـەییەکان زۆرتـرین سـەردان و بەدواداچوونی ئەنجامداوە، لەکاتێکدا هەندێك لە لیژنەکانی دیـکە کاروچالاکییان کەمترە و بەپێی پێویستنین.

**چواردەیەم/** تائێستا نەتوانراوە کێشەی نەبوونی ئۆتۆمبێلی پێویست و بودجە و ستافی کارگێڕی هاوکار، بۆ لیژنەکان چارەسەر بکرێت، کە ئەوانە بوونەتە بەشێک لەو گرفتانەی لە بەردەم لیژنەکاندا کە نەتوانن وەك پێویست کارەکانیان ئەنجامبدەن.

**پــــانزەیەم/** وەک سـالانی رابـردوو پـێگەی ئەلیـکترۆنـی (ئەنجـومەنی پارێزگـــای سـلێمانی) وەک پێویســـت گرنگـــی بە چـــالاکی لیـــژنە هەمیشـــەییەکان نـــادات و ســـەردان و بەدواداچـــوونی لیژنەکـــان بڵاوناکاتەوە.

**شانزەیەم/** لە ئەنجومەنی پارێزگادا هیچ هاندەر و پاڵنەریک نییە بۆ دروستکردنی کێبرکێ لە نێوان لیژنە هەمیشەییەکاندا و بەراوردک ناکرێت لە نێوان لیژنەیەکی چالاک و لیژنەیەکی ناچالاکدا.

**حەڤدەیەم/** لەماوەی ئەمساڵدا لە ڕێگەی لیژنە هەمیشەییەکانەوە توانراوە چارەسەری چەند کێشەیەک بکرێن و چەند کەیسێکیش ڕەوانەی داواکاری گشتی و دادگاکان بکرێت لەوانەش:

1. ڕێگریکردن لە داگیرکاری و زیادەڕۆیی و ئەو پێشێلکاریە یاساییانەی ئەنجام دەدرێن، دروستکردنی بەنزینخانەیەک بەنایاسایی لە بەردەم پڕۆژەی (شاری دایک).
2. چارەسەرکردنی کێشەی (1200) بارهەڵگری مەرزەکان، لە ڕێگەی ئەنجومەنی پارێزگاو لایەنە پەیوەندارەکانەوە.
3. (2020/12/2) دادگای تێهەڵچوونەوەی سلێمانی دوابڕیاری خۆیدا لەسەر هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی بەکرێدانی پارکی گشتی سیدسادق..
4. پاش ئەوەی ماوەی ساڵێک سەرقاڵی بەدواداچوون بوون بۆ گرفتی (پارکی گشتی سەیدسادق)، کە پێشتر لەلایەن شارەوانیەوە درابوو بە کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت، بەڵام کۆمپانیاکە کەمتەرخەمبووە لە خزمەتکردنی پارکەکە، دادگای تێهەڵچوونەوەی سلێمانی دوا بڕیاری خۆیدا بەهەڵوەشاندەوەی گرێبەستی بەکرێدانی پارکی گشتی سیدسادق و سزادانی کۆپانیاکە.
5. پێشکەشکردنی یاداشتێک بە داواکاری گشتی سەبارەت بە دروستکردنی پڕۆژەی (کۆمەڵگای گەنجینەو ئاسایی و ساردکەرەوەی سەوزەو میوە).

6. تۆمارکردنی سکاڵا لە دادگای خانەقین/ قۆرەتوو لەسەر شێوازی گرێبەست و کارکردنی کۆمانیای پاکژکەرەوە (التعقيم) لە دەروازەی پەروێزخان و پشتە.
7. دوای تۆمارکردنی سکاڵا لە دادگای خانەقین قۆرەتوو سەبارەت بە وەرگرتنی بڕی پێنج هەزار دینار لە شۆفێرانی بارهەڵگری دەروازەی پشتە لە پردێکی نزیک پردی مەیدان راگیرا.
8. یەکەکانی نیشتەجێبوون لە پارێزگای سلێمانی، چەندین کێشەو گرفتیان هەیە، زۆرجاریش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان روویان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کردووە، بەمەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر...

دوای ئەوەی نوێنەری (650)ماڵی دانیشتوی شاری ئەوین کێشەکانیان گەیاندە (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) و بڕیاردرا کێشەو گرفتانەکان چارەسەر بکرێن، لەوانەش (وەرگرتنی بڕی (25) هەزار دینار لە بەرامبەر فڕێدانی خۆڵ و خاشاک بڕیاردرا دانیشتوانی شاری ئەوین هیچ بڕە پارەیەک نەدەنە کۆمپانیاو خزمەتگوزاری کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاکیان بەردەوام دەبێت، هەروەها لەبەرئەوەی لە ماستەرپلاندا پرۆژەکە سیاجی نییە، کۆمپانیای پاسەوانی پرۆژەکە لەسەر داوای دانیشتوانەکەی لادەبرێت، هەروەها کۆمپانیا بەڵێیندا بەزووترین کات دەستبکات بە بەشە بازرگانیەکانی پرۆژەکە.

## چوارەم/ نووسراوەکانی ئەنجومەن و وەڵامی لایەنە پەیوەندیدارەکان

هەروەک ساڵانی رابردوو یەکێک لەو گرفتانەی بەردەم (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) وەڵامنەدانەوەی بەشێک لە نووسراوەکانی ئەنجومەنە لەلایەن ئەو دامودەزگایانەی کە ئەنجومەن نوسراوی ئاڕاستەکردون، یان زۆرجار وەڵامی نووسراوەکان درەنگ دراونەتەوە، کە هەندێکجار ساڵێکی خایاندووە. ئەم کێشەیە تائێستا چارەسەرنەکراوە، لەکاتێکدا لەدەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگاکاندایە کە لێپێچینەوە لەو دامەزراوانە بکات کە وەڵامی نووسراوەکانیان نادەنەوە، هاوکات سەبارەت بە وەڵامنەدانەوەی نوسراوەکانی یان درەنگ وەڵامدانەوەیان، ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە (2020/12/2)دا بە نوسراوەکانی ژمارە (782،783،784) ئاگاداری هەریەکە لە (ئیدارەی راپەڕین)و (پارێزگای سلێمانی)و (ئیدارەی گەرمیان) دەکاتەوە... لە نوسراوەکاندا هاتووە (**بفەرموون لەرێگەی بەرێزتانەوە ئاگاداری سەرجەم قەزاو ناحییەکان و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان و سەرۆکایەتی شارەوانییەکان و سەرجەم فەرمانگەکانی سنوری ئیدارەکەتان بکەنەوە کە لە نزیکترین کاتدا وەڵامی نوسراوەکانی ئەنجومەنمان بدەنەوە لەبەر ئەوەی لە رابردوودا وەڵامی نوسراوەکان زۆر دواکەوتووە یان هەر وەڵام نەدراونەتەوە**).

لەکۆی (129) نووسراوی ئەنجومەنی پارێزگا، تایبەت بە داواکاری پێدانی (زانیاری، راپۆرت، راوبۆچوون، سەرنج و روونکردنەوە، بڕی داهات و خەرجی، گرێبەستی کۆمپانیاکان.....هتد) لە لایەنە پەیوەندیدارەکان، (58) نووسراویان وەڵامنەدراونەتەوە و (71) نووسراویان وەڵامیان دراوەتەوە،

ئەمەش جێگەی پرسیارە چۆن فەرمانگەو دامەزراوە حکومیەکان ئامادەنین زانیاری پێویست بدەنە بەرزترین دامەزراوەی پارێزگاکە؟ لەکاتێکدا لە هەرێمی کوردستان (یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری) ژمارە (11) ی ساڵی (2013) ماف دەبەخشێتە هاووڵاتیان لە دەستگەیشتنیان بە زانیارییەکان، وەک لە (ماددەی چوارەم)یدا هاتووە: (هەموو کەسێک چ سروشتی بێت یان مەعنەوەی مافی ئاگاداربوون و بەدەستهێنانی زانیاری و چەند کۆپیەک لەو دۆکیومێنتانەی هەیە، کە لە دامودەزگاکان داوای دەکات بەدەر لەو زانیاریانەی کە بە گوێرەی ماددەی (14) یاسای ژمارە (11) ی ساڵی (2013)ی ریزپەر (استثناء) کراون.) ئەگەر مافی دەستگەیشتن بە زانیاری بەهەموو کەسێک ماف بێت، ئەی چۆن دەبێت دامەزراوەیەکی وەک (ئەنجومەنی پارێزگا) کە دامەزراوەیەکی فەرمی و هەڵبژێردراوی خەڵکە و بالاترین دەسەلاتی پارێزگاکەیە ئەو مافەی نەبێت؟ لەکاتێکدا پێدانی ئەو زانیاریانە بەرچاوڕوونی بە ئەنجومەن و لیژنە هەمیشەییەکان دەدات لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیاندا.

## *پێنجەم/ بەدواداچوون و سەردانیکردنی پرۆژەو دامەزراوە گشتییەکان*

### <u>*1* . بەدواداچوون و سەردانیکردنی دامەزراوە گشتییەکان لە ڕێگەی لیژنە هەمیشییەکانەوە:</u>

**یەکەم/** هەروەک ساڵی ڕابردوو لەماوەی ئەم ساڵیشدا (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) بۆ بەدواداچوونی کێشەو گرفتەکان و وەرگرتنی زانیاری لە سەر پرۆژە خزمەتگوزارییەکان و کێشە و گرفتەکانیان و ڕادەی جێبەجێکردنی پرۆژەکان چ لەرێی دەستەی

سەرۆکایەتی و چ لەرێی لیژنە هەمیشەییو تایبەتەکانەوە بەردەوام سەردان و بەدواداچوونیان بۆ دامەزراوە گشتییەکان کردووە.

**دووەم/** بەشێک لە میوانداریەکانی لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ ئەنجومەنی پارێزگا لە ئەنجامی سەردانیکردن و بەدواداچوونەکانەوە بووە.

**سێیەم/** زۆرجار لە کاتی هەر رووداوێکدا لیژنە هەمیشەییەکان سەردانی شوێنی رووداوەکەیان کردووە و لایەنی بەرپرسیان بانگهێشتی ئەنجومەن کردووە.

## 2. بەدواداچوون و سەردانیکردنی دامەزراوە گشتییەکان لە رێگەی لیژنە کاتییەکانەوە:

جگە لە سەردان و بەدواداچوونەکانی لیژنە هەمیشەیەکانی، (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) لە (2021/5/10)دا فەرمانێکی دەرکرد بۆ پێکهێنانی (9) لیژنەی کاتی بە مەبەستی چاودێری و بەدواداچوون بۆ پرۆژە پێشنیازکراوەکانی سنوری پارێزگای سلێمانی و ئیدارە سەربەخۆکانی گەرمیان و راپەرین بەپێی بەرکەوتەی پەرپێدانی پارێزگاکان.

پاش ئەوەی لیژنە کاتییەکان کارەکانی خۆیان تەواو کرد، سەرجەم تێبینی و زانیارییەکان گەرێنرانەوە بۆ لیژنەی پلان و پرۆژەکان و دواتر ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کران و لە (2021/7/13)، ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە (65)هەمین دانیشتنیدا پاش گفتوگۆکردن دەنگیدا بە پرۆژەکان.

## 3. یاداشت و داواکاری ئەندامانی ئەنجومەن بۆ چارەسەرکردنی هەندێک لە کێشەو گرفتەکان:

بەمەبەستی بەدواداچوون و دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆ بەشێک لە گرفتەکانی پارێزگای سلێمانی ناوبەناو بەشێک لە ئەندامانی (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) چەند یاداشتێکیان ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن کردووە کە (6) یاداشتیان گەشتوونەتە تیمی پرۆژە.

## شەشەم/ میوانداریو بانگهێشت

1. **میوانداری و بانگهێشت بۆ ناو دانیشتنەکانی (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی):**

لە ساڵی ڕابردوودا لە کۆی (6) دانیشتنەکەی ئەنجومەنی پارێزگا لە (3) دانیشتندا میوانداری لایەنە پەیوەندیدارەکان کراوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کێشەو گرفتەکان، بەڵام لە ماوەی ئەمساڵدا سەرەڕای بەردەوامی چەندین کێشەو گرفت لە زۆرێک لە سێکتەرەکاندا، لە کۆی (9) دانیشتنەکەی ئەنجومەنی پارێزگادا تەنها یەکجار لایەنی پەیوەندیدار بانگهێشتی ناو دانیشتنەکان کران ئەویش تایبەت بوو بە سوتاندنی سەوازیی و زیادەڕۆییکردنە سەر موڵکی گشتی ئەگەرچی ئەم میوانداریە لە سەر داوای بەشێک لە ئەندامانی ئەنجومەن بوو، بەڵام بە هۆی درێژی دانیشتنەکە، زۆرێک لە ئەندامانی ئامادەبووی دانیشتنەکە

نەیـــان تـــوانی تاکۆتـــایی دانیشـــتنەکە بەردەوام بـــن و هـــۆڵی دانیشتنەکەیان جێهێشت.

خشتەی ژمارە (9)

لیستی میوانداری بۆ دانیشتنەکانی ئەنجومەن

لە (2020/9/30 - 20219/10/1)

| ژ.دانیشتن | ئەو میوانانەی ئامادەبوون |
|---|---|
| 56 | بەڕێوەبەری گشتی کارەبای سلێمانی |
| 57 | 1. بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی سلێمانی.<br>2. بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان |
| 58 | 1. بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی.<br>2. بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەڵەبجە |

خشتەی ژمارە (10)

لیستی میوانداری بۆ دانیشتنەکانی ئەنجومەن

لە (2021/9/30 - 2020/10/1)

| ژ.دانیشتن | ئەو میوانانەی ئامادەبوون |
|---|---|
| 60 | 1. پارێزگاری سلێمانی<br>2. سەرۆکی شارەوانی سلێمانی<br>3. بەڕێوبەری دارستان و پاوانی سلێمانی |

## *2. میوانـــداری و بانگهێشـــت بـــۆ نـــاو کۆبوونەوەکـــانی لیـــژنە هەمیشەییەکانی (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی):*

میوانـــداریەکان بـــۆ نـــاو لیـــژنە هەمیشـــەییەکانی ئەنجـــومەنی پارێزگـــا لە مـــاوەی ئەمســـاڵدا ڕووی لەدابەزیـــن کـــردووە بەراورد بە

ساڵی رابردوودا سەرەڕای بوونی کەرەنتینە و قەدەغەی هاتووچۆ لە ساڵی رابردوودا، لیژنە هەمیشەییەکان تەنها (28) میوانداریان کردووە، بەڵام لە ئەمساڵدا (22) میوانداری کراوە، واتە (6) میوانداری کەمتر لە ساڵی رابردوو، وەک لەم خشتەیەدا روونکراوەتەوە بەم شێوەیە:

**خشتەی ژمارە (11)**

**میواندارییەکانی لیژنە هەمیشەییەکان**

| 1/10/2020 - 30/9/2021 | 1/10/2019 - 30/9/2020 | ماوە |
|---|---|---|
| ژ. میوانداری | ژ. میوانداری | لیژنە |
| 6 | 8 | پلان و پرۆژەکان |
| 6 | 7 | خزمەتگوزاری شارەوانی |
| 3 | 2 | تەندروستی و ژینگە |
| 2 | 2 | پەروەردەو کاروباری ئاینی |
| 2 | 2 | ناوخۆو ئاسایش |
| 1 | 4 | پیشەسازی و ووزە |
| 1 | 1 | کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو |
| 1 | 2 | رۆشنبیری و وەرزش و لاوان |
| 0 | 0 | کاروباری یاسایی |
| 0 | 0 | پەیوەندیەکان |
| 0 | 0 | کاروباری شەهیدان |
| 22 | 28 | کۆی گشتی |

## حەوتەم/ تایبەت بە ئەندامانی ئەنجومەن

**یەکەم/** هەندێک لە ئەندامانی ئەنجومەن وەک پێوست پابەندنین بە دەوامی ئەنجومەن، بە تایبەت ئەو ئەندام ئەنجومەنانەی کە نیشتەجێی قەزاو ناحییەکانن.

**دووەم/** هەندێک لە ئەندامان تەنها لە دانیشتنەکانی ئەنجومەندا ئامادەن و هەندێکجاریش بۆ دانیشتنەکانیش مۆڵەت وەردەگرن.

**سێیەم/** لە (9) دانیشتنەکەی ئەمساڵدا (47) ئەندام مۆڵەتبوون و ئامادەی دانیشتنەکانی ئەنجومەن نەبوون، لە ساڵی رابردوودا لە سەرجەمی (6) دانیشتنی ئەنجومەن (22) ئەندام مۆڵەت بوون.

**چوارەم/** هەندێک لە ئەندامانی ئەنجومەن لە دانیشتنەکانی ئەنجومەندا بە درێژایی ساڵەکە هیچ موداخەلەیەکیان نەکردووە، هەندێک ئەندامیش ساڵی یەکجار موداخەلە دەکەن.

**پێنجەم/** بەشداری ئەندامانی ئەنجومەن لە چالاکییە مەدەنیەکانی وەک کۆنگرەو کۆنفرانس وۆرکشۆپ و سیمینارەکاندا وەک پێویست نییە.

**شەشەم/** هەندێک لە ئەندامان لە کۆبوونەوەکانی لیژنەکاندا وەک پێویست بەشداری کۆبوونەوەکان ناکەن و پابەند نابن بە کاتی کۆبوونەوەکان.

# پێشنیارو راسپاردەکان

بە مەبەستی باشتر بەڕێوەچوونی کارەکانی (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) ئەم تەوەر و بابەتانە بە گرنگ دەزانین لە ساڵی داهاتوودا ئەنجومەن کاری زیاتریان لە سەربکات:

**یەکەم/** رۆڵی چاودێریکردنی ئەنجومەنی پارێزگا فراوانتر بکرێت لە سەرجەم سێکتەرەکاندا.

**دووەم/** رێگریکردن لە دەستدرێژی و داگیرکردنی زەوی و موڵکی گشتی.

**سێیەم/** گرنگیدان بە ژینگەی پارێزگای سلێمانی بەئامانجی پاراستنی داروودرەخت و سەوزایی، چاودێریکردنی پاشماوەی خۆڵ و خاشاک.

**چوارەم/** زیادکردنی ژمارەی بانگهێشتکردنی لایەنی پەیوەندیدار بۆ دانیشتنەکانی ئەنجومەن و کۆبوونەوەکانی لیژنە هەمیشەییەکان و وەرگرتنەوەی متمانە لەو کەسانەی کە کەمتەرخەمن.

**پێنجەم/** تەوەری دانیشتنەکانی ئەنجومەن زیاتر کێشەو گرفتەکانی هاووڵاتیان بێت، نەک تەنها گۆڕینی ناوی گوند و بەخشینی متمانە بێت بە بەڕێوەبەرە گشتییەکان و قائیمقامەکان و بەڕێوەبەری ناحییەکان.

**شەشەم/** چاودێریکردنی (ئەنجومەنی شارەوانییەکان)و ئەنجامدانی کۆبوونەوەی وەرزی لەنێوان هەردوو ئەنجومەنەکەدا بەمەبەستی بەدیهێنانی هەماهەنگی لە پێناو بەرژەوەندی گشتی پارێزگاکە.

**حەوتەم/** گرنگیدان بە پلانی لیژنە هەمیشەییەکان و پێشکەشکردنی راپۆرتی مانگانە لەلایەن لیژنەکانەوە بە سەرۆکایەتی ئەنجومەن و بڵاوکردنەوەی.

**هەشتەم/** پەیوەندی و هەماهەنگی نێوان ئەنجومەنی پارێزگاو داواکاری گشتی زیاتر بکرێت و لانیکەم کۆبوونەوەی وەرزی لە نێوان هەردوولا ئەنجامبدرێت بەمەبەستی رێگریکردن لە گەندەڵی و جولاندنی دۆسیەکان.

**نۆیەم/** ئەنجومەنی پارێزگا بەردەوام بێت لە بەدواداچوون بۆ هۆکاری وەڵامنەدانەوەی نووسراوەکانی لەلایەن بەشێک لە فەرمانگەکانی سنوری دەسەڵاتی ئەنجومەن.

**دەیەم/** دەستەی سەرۆکایەتی هەڵسەنگاندن بۆ لیژنە هەمیشەییەکان و ئەندامانی ئەنجومەن بکات و رێزلێنان ببەخشرێتە ئەندامە ماندووەکانی ئەنجومەن.

